# فێڵ لەدیموکراتی ناکرێت

## ئامانجی ڕەخنە.. بەهێزکردنی دیموکراتی و چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگەیە

٤
ژمارە (٨٦٣) ■ ٢٠١٢/١/١٦

((کتێبی کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی، کۆکردنەوەی هەندێک لەو ئاستەنگانەیە کە ڕووبەڕووی شارستانیەتەکەمان بۆتەوە، ئەو شارســـتانیەتەی کە لەوانەیە بتوانین بەو جۆرە پێناسەی بکەین، ئامانجی ئەوەیە، ئەوەی مرۆڤایەتی و ماقووڵ بێت، بەدی بهێنێت. هەروەها ئامانجی بەدیهێنانی ئازادی و یەکســـانییە، ئەم شارستانیەتە هەتا ئێستا لەقۆناخی منداڵیدایە، هەروەک چـــۆن هەموو کاتیش هەر لەم قۆناخەدا دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت لەپێشـــکەوتن، ئەمە وێڕای ئەوەی چەندین لەڕێبەرانی فیکری مرۆیی لەزۆربارێدا غەدریان لەم شارستانیەتە کردووە، دوژمنانـــی کۆمەڵگـــەی کـــراوە پێیانوایە ئەم شارســـتانیەتە هێشـــتا لەهێدمـــەی لەدایکبـــوون ڕزگاری نەبـــووە، هێدمەی وەرچەرخـــان لەکۆمەڵگەیەکی داخراوەوە بۆ کۆمەڵگەی کراوە، ئەو کۆمەڵگەیەی هێزی مرۆڤی ڕەخنەگری تێدا دەردەکەوێت... ئەو کۆمەڵگەیەی هەوڵدەدات بەشـــداربێت لەتێگەیشـــتنمان بۆ تۆتالیتاریەت و گرنگی تێکۆشانی تازە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، لەمـــەش زیاتر هەوڵـــدەدات چۆنیەتـــی جێبەجێکردنی ڕێگەی ڕەخنە و ئەقڵانیەت بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگەی کراوە بەکار بهێنین، شرۆڤەی پرانسیپەکانی دووبارە بونیادنانەوەی کۆمەڵایەتـــی دیموکراتیمـــان بـــۆ دەکات، ئەو پرانســـیپانەی ناوی لێنراوە(ئەنـــدازەی کۆمەڵایەتی یەک بەدوای یـــەک) لەبەرامبەر (ئەندازەی کۆمەڵایەتی یۆتوبیا)، هەروەها هەوڵێکە بۆ لابردنی هەندێک لەو بەربەســـتانەی دێنە ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشـــەکـــــان و بونیـــادی کۆمەڵایەتی بەشـــێوەیەکی ئەقڵانی.... کتێبی کۆمەڵگەی کراوە هەڵدەستێت بەڕەخنەگرتـــن لـــەو فەلســـەفە کۆمەڵایەتیانەی، کە بەرپرسە لەلایەنگیری کردنـــی فراوانی بۆ بڵاوکردنـــەوەی چەمکی دژ بەئیمکانیەتـــی ڕیفۆرمـــی دیموکراتیانە.. دوژمنانی کۆمەڵگەی کراوە بەو جۆرە موناقەشە دەکـــەن، بـــۆ ئـــەوەی دیموکراتی ڕووبـــەڕووی تۆتالیتاریەت ببێتەوە، پێویستە لەسەری بەرنامەی خـــۆی دابڕێژێـــت، ئەمەش واتـــە دیموکراتـــی ببێتە تۆتالیتاریەت، دوژمنانی کۆمەڵگەی کراوە بڕیاریانداوە کە سیســـتمی پیشەســـازیمان ناتوانێت بـــەردەوام بێت لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانی تا شـــێوازی پلانی کۆمەڵایەتی بونیاد نەنێت، لەمەدا ئاماژە بەوە دەکەن زەحمەتە سیستمی کۆمەڵایەتی ئابووری بەردەوام بێت بەبێ بونیادی شـــێوازێکی تۆتالیتاری بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی)).



وەك فەیلەسوفی مەغریبی محەمەد سەبیلا لەدیمانەیەكی تایبەتی ئەم ژمارەیەی گوڵاندا ئامــاژەی پێكــردووە، ســەركەوتنی ئیخوان و ســەلەفیەكانی میســر لەهەڵبژاردنەكاندا، هەنگاوێكــی فێڵبازانەیە(خطــوة ماكــرة)، ئەمەش بەو مانایەی پرۆســەی دیموكراتی، ئیخوان و ســەلەفیەكانی بردۆتەوە نەك ئیخوان و سەلەفیەكان دیموكراتیان بردبێتەوە، یان وەك پەیژەیەك بەمیكانیزمی دیموكراتی سەركەوتبن بــۆ ئەوەی دیموكراتی لەناو بەرن، بۆیە بەلای ئەو فەیلەسوفەوە ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئیخوان و ســەلەفیەكان نموونەیەكی باش پێشــكەش بكــەن و خۆیان لەگەڵ دیموكراتی بگونجێنن، نــەك هەوڵبدەن فێــڵ لەدیموكراتــی بكەن و دیموكراتی لەگەڵ خۆیان بگونجێن، ســەبیلا وای دەبینێــت ئەگەر ئیخوان و ســەلەفیەكان بەشــێوەیەكی ئەقڵانی ســوود لــەم دەرفەتە دیموكراتیە وەرنەگرن، ئەوا خەڵكی میسر لێیان قبوڵ ناكات و لەدەسەڵات دەیانهێنێتە خوارەوە.

## سەركەوتنی ئیخوان و سەلەفیەكانی میسر لەهەڵبژاردنەكاندا، هەنگاوێكی فێڵبازانەیە بەو مانایەی پرۆسەی دیموكراتی، ئیخوان و سەلەفیەكانی بردۆتەوە نەك ئیخوان و سەلەفیەكان دیموكراتیان بردبێتەوە

ئەم شــرۆڤەیەی محەمەد ســەبیلا بۆ هەموو ئەو بیروبۆچوون و ئایدلۆژیانەش ڕاســتە، كە بەپێی تیۆری كۆمەڵگەی كراوەی كارل پۆپەر دەكەونــە خانەی دوژمنەكانــی كۆمەڵگەی كــراوەوە، مەبەستیشــی لەدوژمنەكانــی كۆمەڵگەی كــراوە لەگەڵ ئەوەی وەك خۆی دەڵێت بنەمای نووسینی ئەم كتێبە دەگەڕێتەوە بۆ هێرشــەكانی هیتلەر بۆ سەر سیستمەكانی لیبــراڵ دیموكراتی ڕۆژئاوا، بــەڵام كتێبەكە هەموو ئــەو بۆچوونانــەش دەگرێتەوە كەئەو پێیان دەڵێت بۆچوونی نەزۆك لەســەر بنەمای مێژوو(العقم التاریخانیە)، ڕاشــكاوانەتر ئەو بۆچوونانەی كە دەیانەوێت ئەقڵ و تەكنۆلۆژیا بكەنــە ئایدلۆژیا و كۆمەڵگــەی پێ بكەنە كۆمەڵگەیەكی تۆتالیتار، بۆیە لەم ڕاســتەوە گرنگە ئاماژە بەدوو خاڵ بكەین:

١- دیموكراتــی هەنگاوێكە فێڵ لەهەموو ئایدلۆژیەتــە تۆتالیتــاری و ئوســوڵیە ئیســلامیەكان دەكات، ئەمــەش بەو مانایەی كاتێك ئایدلۆژیەتێكی تۆتالیتار یان ئســوڵی ئیســلامی دێتە ناو پرۆســەی دیموكراتی و دەیەوێت دیموكراتــی بكاتە ئامێر و هۆكارێك بۆ ســەركەوتنی خۆی و پاش ئەوەی بەهۆكار و ئامێرەكانی دیموكراتی گەیشــتە دەسەڵات دیموكراتــی لەنــاو بەرێت، ئــەوا دیموكراتی پێیان دەڵێت، توخمەكانــی دیموكراتی پێكەوە یەكپارچەن و لێكجیاناكرێنەوە، یان ئەوەتا دەبێت بەهەمــوو پێكهاتە مۆدێرنەكانــی ئەو ئەقڵە مۆدێرنە پابەندبن، كە ڕۆشــنبیری دیموكراتی بەرهەمی ئەو ئەقڵەیە، یان ئەوەتا لەدیموكراتی جیــا دەبنەوەو دیموكراتــی جێگەی ئەو جۆرە بیروبۆچوونەی تێدا نابێتەوە.

## دیموكراتی جێگەی (ئەندازەی كۆمەڵایەتی خەیاڵاوی یان یۆتۆبیا)ی تێدا نابێتەوە و ڕێكخستنی كۆمەڵگە یاساكانی فیزیا نییە نەگۆڕبێت

٢- دیموكراتــی جێگــەی (ئەنــدازەی كۆمەڵایەتی خەیــاڵاوی یان یۆتۆبیا)ی تێدا نابێتەوە و ڕێكخستنی كۆمەڵگە یاساكانی فیزیا نییە نەگۆڕبێت، بەڵكو ئەندازەی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگــەی دیموكراتی ئەندازەیەكی هەنگاو بەهەنگاوە(الهندســة الاجتماعیــة المتدرجة)، دیموكراتی و سیستمی دیموكراتی وەك پۆپەر ئاماژەی پێكردووە لەقۆناخی خۆدروستكردایە و ئەم قۆناخە بــەردەوام دەبێت، بەڵام كۆتایی نایەت، بۆیــە ئەوانەی پێیانوایــە بەرنامەی یۆتۆبیا بۆ چارەســەری كێشەكانی كۆمەڵگە دادەنێن ئــەو بەرنامەیە دیموكراتی دەگەیەنێتە قۆناخی كامڵبوون و هەموو كێشەكان كۆتاییان دێت، ئەوا ئــەو جۆرە بۆچوونانە بەرنامەیەكی تۆتالیتاریانــە بۆ كۆمەڵگە دادەڕێژن و لەبری ئــەوەی پارێــزگاری لەكۆمەڵگــە بكەن بۆ ئەوەی دیموكراتی بەردەوام لەپێشكەوتندا بێت، ئەوا بەرنامە دادەنێن بۆ ئەوەی پێشــكەوتنی دیموكراتی ڕابوەستێت.

كەواتە ئەم دووخاڵە ئەو ڕاستیەمان بۆ ئاشكرا دەكەن كە هاتنە ناو پرۆسەی دیموكراتی پاپەند بوونە بەتەواوی یاسای گەمەی دیموكراتی و ئەو یاســایانەش بۆ هەموو لایەك پابەندبوونی دەوێت و ناكرێت بەشــێكی بۆ سوود وەرگرتنی حزبــی بەكاربهێنرێت و بەشــەكەی دیكەی پشتگوێ بخرێت.

### فێڵ لەدیموكراتی ناكرێت

فێڵكردن لەدیموكراتی واتە ســوود وەرگرتن لەهەندێك لایەنــی میكانیزمی دیموكراتی بۆ ئامانجی دژ بەدیموكراتی و دژ بەكۆمەڵگەی كراوە، ڕاشكاوانەتر میكانیزمەكانی دیموكراتی بەكاربهێنرێت بۆ بونیادی سیستمێك كە خودی سیســتمەكە دژی دیموكراتی و كۆمەڵگەی كراوەیــە، ئەمــە دروســت وەك دۆزینەوەی دینامێت بوو لەلایەن زانای كیمیایی ســویدی ئەلفرید نۆبڵەوە، ئەلفریــد نۆبڵ دینامێتی بۆ ئــەوە دۆزییەوە مرۆڤ چیتــر هێندە ماندوو نەبێــت لەهەڵكەندی كانەكان و لەشــكاندنی بــەردی چیاكانــدا بۆ دروســتكردنی ڕێگە و بــان، واتە ئامانجــی نۆبــڵ لەداهێنانی (دینامێت) بۆ ئەوەبوو باری مرۆڤ ســووك بێت و ڕەوڕەوەی پێشــكەوتن خێراتر بێت، بەڵام هێشــتا نۆبڵ لەژیاندا مابوو، ئــەم داهێنانە بــەدژی ئــەو ئامانجە بەكارهێنــرا كە نۆبڵ هیوای پێ بوو، بۆیە بەشــێك لەو قازانجەی كە لەداهێنانی (دینامێت) بەدەســتی هێنابوو، تەرخانــی كرد بۆ ئەو زانایانــەی كە داهێنان لەپێناوی خزمەتی مرۆڤایەتیدا ئەنجامدەدەن، وەك بوارەكانی (ئاشتی، ئابووری، تەواوی لقە زانســتیەكانی وەك فیزیا و كیمیا و پزیشكی و...تــاد)، بەڵام پرســیاری ســەرەكی لێرەدا

## یەكێك لەتەحەددیەكان ئەوەیە چۆن پێوانەی ڕەخنەگرتنێكی بنیاتنەر بكەیت بەچەشنێك بگونجێت لەگەڵ بەرەوپێشچوونی دیموكراسیدا

ئەوەیە ئەوانەی خراپ سوودیان لەداهێنانەكەی نۆبــڵ وەرگرتووە، دەكەونــە خانەی خزمەتی مرۆڤایەتیــەوە یان دەكەونــە خانەی دوژمنی مرۆڤایەتیــەوە، بــۆ دیموكراتیــش بەهەمان شێوەیە، ڕاســتە بەدرێژایی مێژووی فیكری هاوچەرخ، خەڵكانێك هەبوون خراپ ســوودیان لەمیكانیزمەكانــی دیموكراتــی وەرگرتووە و توانیویشــیانە بەمیكانیزمەكانی دیموكراتی، دیموكراتی لەناوچەیەكدا و بۆ ســەردەمێكی دیاریكراو لەناو بەرن، وەك سەركەوتنی هیتلەر بەرێگەی هەڵبژاردن، بەڵام نەك جیهان هیتلەر وەك دوژمنی مرۆڤایەتی سەیر دەكات، بەڵكو گەلی ئەڵمانیا وەك دوژمنی گەل و مێژووی ئەڵمانیا سەیری دەكەن و، لەمەش زیاتر دەوڵەتی ئەڵمانیا لــەدوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە هەتا ئێســتا هەوڵی ســەرەكی بۆ ئەوەبووە كە فیكری نازی لەڕیشــەوە هەڵبكێشــت و هەر حزبێكی سیاسیش بۆنی ئەوەی لێ بێت نازیەت بەجۆرێــك لەجۆرەكان وەك مێــژووی ئەڵمانیا سەیر بكات، ئەوا لەگەمەی دیموكراتی دووری دەخەنەوەو مۆڵەتی حزبی لێدەسەنرێتەوە، بەڵام

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا کاتێك دەڵێین فێڵ لەدیموکراتی ناکرێت، بەرنامەی دیموکراتی چییە؟ بێگومان ئەم پرسیارە دەمانبەتەوە سەر ئەوەی پرسیارێکی دیکە بکەین، ئەویش ئەو پرسیارەیە، دیموکراتی چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەگەر بتوانین تاڕاددەیەك لێی نزیك بینەوە، دەکرێت بڵێین هەر کۆمەڵگەیەك وەڵامی تایبەتی خۆی بۆ ئەم پرسیارە هەیە، لەوانەیە بۆ کۆمەڵگەی میسری سەردەمی حوسنی موبارەك، دیموکراتی ئەوەبوو کە ڕێگە لەحزبە ئیسلامیەکانی ئیخوان و سەلەفیەکان نەگیرێت بەئاشکرا کاری خۆیان بکەن، یان سەرکردەکانیان ڕاپێچی زیندانەکان نەکرێت، بەڵام بۆ ئێستای میسر دیموکراتی مانای ئەوەیە کە شۆڕشی لاوانی میسر لەلایەن ئیخوان و سەلەفیەکانەوە نەبدرێت، بۆ کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی ئێستای کوردستان لەوانەیە دیموکراتی بریتی بێت لەبەردەوامی چاکسازی و پشتگیرکردنی هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێم بۆ سەرخستنی چاکسازی، بەڵام کاتێك هەڕەشە دەکرێتە سەر هاووڵاتیانی سەر بەئایینە جیاوازەکانی کوردستان وەك لەکارەساتی ئەم دواییەی زاخۆ بینمان، دیموکراتی بریتی دەبێت لەپاراستنی فرەیی کۆمەڵگە و پێکەوە ژیانی برایانە، ئەمانە هەموو پێکەوە پێمان دەڵێت، بەرنامەی دیموکراتی بریتییە لەبەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەو کەمورتیەکانی کۆمەڵگە لەسەر ئاستی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، پێویستە سیستمی دیموکراتی وەڵامدانەوەی پێویستی لەرێگەی دامەزراوەکانیەوە بۆ ئەو کێشانە هەبێت کە لەکۆمەڵگە بوونی هەیە، لەبەرامبەردا پێویستیشە ڕێز لەو دامەزراوانە بگیرێت و ئاستەنگی بۆ دروست نەکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات، لایەنێکی دیکە کە زیاتر لەکۆمەڵگە پێشکەوتووەکانە هەندێك جار دەبێتە کێشە، تەنانەت پێشکەوتنی زانستیش بەئاستی پێشکەشکردنی خزمەت بۆ مرۆڤایەتی بڕیاری لەسەر دەدرێت، نەك بەئاستی بەرزی زانستیەکەی، هەر بۆ نموونە لەوانەیە گەیشتنی زانست بەکۆپیکردنی مرۆڤ یان هەر بوونەوەرێکی دیکە، تا ئەوپەڕی ئاڵۆز و ئاستی زانستیەکەی بەرز بێت، بەڵام لەبەر

**پێویستە سیستمی دیموکراتی وەڵامدانەوەی پێویستی لەرێگەی دامەزراوەکانیەوە بۆ ئەو کێشانە هەبێت کە لەکۆمەڵگە بوونی هەیە**

ئەوەی ئەم زانستە بەرز و ئاڵۆزە سنوورێك بۆ ئازادی مرۆڤ دادەنێت و مرۆڤ لەدەستکردی پەروەردگارەوە دەگۆرێت بۆ دەستکردی خودی مرۆڤ، ئەوا ڕێگە لەبڵاوبوونەوەی ئەم زانستە دەگیرێت و ناهێڵرێت کاری پێ بکرێت، بەڵام هەمان زانست لەبواری ئاژەڵ یان کشتوکاڵدا لەبەر ئەوەی دەبێتە خزمەتێك بۆ مرۆڤایەتی، ئەوا پەرەی پێدەرێت وەك چاککردنی جۆر و بەرهەم ڕێزی لێدەگیرێت، بۆیە ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سیاسیی خۆمان و بپرسین دیموکراتی چییە؟ ئەوا لەو قسەیە بەرزترمان دەست ناکەوێت کە بارزانی نەمر دەڵێت: (چەند مەزنە مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت)، بارزانی نەمر لەم وتەیەدا پێش هەموان مەبەستی خۆیەتی کەئەو لەشۆڕش و حکومڕانیدا سەلماندی خزمەتکاری میللەتی خۆیەتی، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو حکومڕانیەی وەك خزمەتکاری میللەت دەکرێت ئەو حکومڕانیە کە میللەت و مرۆڤ دەکاتە بەرزترین توخم لەکۆمەڵگەدا و سیاسەت و حکومڕانی

**دیموکراتی هەنگاوێکە فێڵ لەهەموو ئایدلۆژیەتە تۆتالیتاری و ئوسوڵیە ئیسلامیەکان دەکات**

دەکەوێتە خوار میللەت و مرۆڤەوە، کە ئەمە گەوهەری کۆمەڵگەی کراوەیە کە هەموو بیرمەندانی جیهان جەختی لەسەر دەکەنەوە، بەوەی هەموو شتێك لەکۆمەڵگە دەکەوێتە خوار بەهای مرۆڤەوە، هەربۆنموونە کاتێك ڕێگە لەکەسێك دەگیرێت بیروباوەڕی خۆی، ئایینی خۆی بەئازادی پیادە بکات، ئەوا ئەم بیروباوەڕە هەرشتێك لەکەدارکردنی بەهاو کەرامەتی مرۆڤە، کاتێکیش یەکێك هەوڵبدات بیروباوەڕی خۆی بەزۆر بەسەر خەڵکی دیکەدا بسەپێنێت ئەمەش هەر دژی کەرامەت و بەهای مرۆڤە، بۆیە بێجگە لەڕێزگرتن لەکەرامەتی مرۆڤ ڕەخنە هیچ مانایەکی دیکەی نییە.

### ڕەخنە
### وەك بەرهەمی کۆمەڵگەیەکی زیندوو

بوونی ڕەخنە و نارەزایی نیشانەی لاوازی دەسەڵاتی سیاسی نییە، یان وەك هەندێك دەڵێن نیشانەی خراپی دەسەڵاتی سیاسیی و گەندەڵی دەسەڵاتی سیاسیی نییە، بەڵکو نیشانەی زیندوویەتی کۆمەڵگەیە کە دەیەوێت هەنگاوێك زیاتر بچێتە پێشێ و نیشانەی بڕوابوونی دەسەڵاتە بەڕێزگرتنی ڕای خەڵك

**چۆن بتوانین هەل و مەرجێك بخوڵقێنین کە دەنگە بنیاتنەرەکان دروست بن و خۆمان لەدروستبوون و خوڵقاندنی هەل و مەرجێك لابدەین کە دەنگە مەترسیدار و تێکدەرەکان پاشەکشە بەدەنگە بنیاتنەرەکان بکەن**

کە دەیەوێت خەڵك بەئازادی کەموکورتیەکان دەستنیشان بکات و داوا بکات، کەموکورتیەکان چارەسەر بکرێت، بۆیە لەم هاوکێشەیەدا، کە میللەت هێندە زیندوو و هۆشیارە دەیەوێت واقیعی ڕاهین تێپەڕێنێت و بگاتە قۆناخێکی باشتر و لەبەرامبەریشدا دەسەڵاتی سیاسیی یان حزبەکانی فەرمانڕەوا ئامادەباشی ئەوەیان تێدایە گوێ لەڕای خەڵك بگرن و ئامادەن دەست بەچاکسازی بکەن، ئەوا دەبێت لەم حاڵەتەدا هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەبن بۆئەوەی خەڵك و دەسەڵاتی سیاسیی پێکەوە و بەپێی ئەو ئیمکانیەتەی لەبەر دەستە بەرنامەی چاکسازی سەربخەن، لەم چوارچێوەیەدا هەر هەوڵێك بخرێتە گەڕ بۆ ئەوەی کەلێنی نێوان دەسەڵات(ئۆپۆزسیۆنیش بەشێکە لەدەسەڵات) و خەڵك فراوان بکرێت، ئەوا ئەو فراوانکردنە نابێتە هۆی فراوانکردنی کەلێنی نێوان خەڵك و حزبەکانی فەرمانڕەوا بۆ نموونە (پارتی و یەکێتی لەگەڵ خەڵك)، بەڵکو دەبێتە کەلێنی نێوان خەڵك و کۆی دەسەڵاتەکە، هەربۆ نموونە:

١- خەڵك لەهەڵبژاردنەکاندا کە دەنگی داوە، ٥٩٪ی دەنگی بەپارتی و یەکێتی داوە، ٤١٪ یەکەی تری دەنگی بەحزبەکانی دیکە داوە، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ئۆپۆزسیۆن کە ئێستا نزیکەی ٣٧٪ی کۆی دەنگی هاووڵاتیان پێکدەهێنن، لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی ئەوەیان بەخەڵکداوە، ئەگەر هەڵبژاردنیان نەبردەوە، نەهێڵن لەم وڵاتە حکومڕانی بکرێت.

٢- حکومڕانی لەم وڵاتە بەرهەمی سندوقەکانی دەنگدانە، واتە ئەو دەسەڵاتەی پەرلەمان وەك نوێنەری خەڵك هەیەتی، ئۆپۆزسیۆنیش بەشێکە تێیدا، بەکۆمەڵێك بەرنامە و بەڵێنەوە گەیشتۆتە ئەوەی لەپەرلەماندا بەشداری بکات، بەشدار بوونیشی مانای قەناعەتیەتی بەسیستمە دیموکراتیەکە و بڕوابوونیەتی بەیاسای گەمە دیموکراتیەکە، بۆیە کاتێك بۆ بەرژەوەندی حزبی خۆی، نکۆڵی لەم واقیعە دەکات، هەقە لەبەردەمی

ڕای گشتی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت.

ئاماژەکردن بەم دوو خاڵە بۆ ئەوەیە کە دەبێت ڕەخنەی کۆمەڵگـــەی دیموکراتی و ڕەخنەی ڕەتکردنەوە لەیەکتری جیابکەینەوە، ڕەخنەیەك کە ئامانجی ئەوەیە دەســـەڵات و خەڵك پێکەوە کێشەکان چارەسەر بکەن، ڕەخنەیەك کە دەیەوێت خەڵك و سیستمە دیموکراتیەکە لێکجیابکاتەوە، سەبارەت بەم لایەنە پرســـیارمان لەپرۆفیسۆر ڕۆناڵد وید ئوستادی فەلسەفە لەزانکۆی نیو برۆنســـویك کرد ســـەبارەت بەئامانجی ڕەخنە لەکۆمەڵگــــە، لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی:(توانای کۆمەڵگــــە بۆ ڕەخنە لەخۆگرتـــن گرنگە بۆ بەدەستهێنانی هەر بەرەوپێشچوونێك، بەتایبەتی بۆ ئەو بەرەوپێشـــچوونەی ئومێـــدی ئەوەی لێدەکرێت دیموکراتی بێت، لەبەر ئەوەی لەشەو و ڕۆژێکدا دیموکراســـی نایەتـــەدی و دەبێت لەهەنـــاوی خۆیدا توانای دەستنیشـــانکردن و دیاریکردنی خاڵــــە بەهێزەکان و لەهەمان کاتدا گرفتەکانـــی خۆی هەبێت. کێشـــەکە ئەوەیە هەندێ جار ئـــەو ڕەخنە نەرمەی کۆمەڵگەی

**هێنانەئارای بناغەیەکی جێگیر و بنیاتنەر بۆ ڕەخنەگرتنێکی بەرپرسیارانە کە پاڵنەری قازانج نەبێت، ئەرك و کارێکی ئاڵۆز و زەحمەتە**

دیموکراسی لەخۆی دەگرێت، هەمیشە باشترین ڕەخنە نییە، هەندێ جار هەندێ فۆرمی ڕەخنە لەفۆرمەکانـــی دیکەی ڕەخنەگرتن باشـــترە. لەڕاستیدا ئەوەی هەمیشە کێشەیە ئەوەیە چۆن بتوانین بەگونجاوترین شێوە کار بۆ بەرەوپێشبردن و گەشەپێدانی دیموکراسی بکەیت. بەدڵنیاییەوە دەبێت هەموو بۆچوون و تێڕوانینەکان لەبەرچاو بگیرێـــن. بەڵام هەندێ جار دەنگی تێکدەریش هەیە. مەســـەلەکە ئەوەیە چـــۆن بتوانین هەل و مەرجێك بخولقێنیـــن کە دەنگە بنیاتنەرەکان دروست بن و خۆمان لەدروستبوون و خولقاندنی هەل و مەرجێك لابدەین کە دەنگە مەترسیدرار و تێکدەرەکان پاشەکشـــە بەدەنگە بنیاتنەرەکان بکـــەن. گرنگــــە لەکۆمەڵگــــەی دیموکراتی ڕۆشنبیران ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، ڕۆڵی گرنگی ببینن لەڕەخنەگرتـــن و لەدۆزینەوەی ڕێگای بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە. بەڵام هەندێ جار دەنگی ڕۆشنبیران و ڕۆڵی ڕۆشنبیران مایەی جەمســـەرگیری بووە لەکۆمەڵگــــەدا. ئەمە ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ کێشەی دۆزینەوەی بناغە و بنکەیەکی بنیاتنەر و جێگیر بۆ ڕەخنەگرتن کە هاوکار و یارمەتیدەر بێـــت لەهەنگاونانی کۆمەڵگە بەرەو پێشــــەوە. کە ئەمەش کارێکی زەحمەتە، لەبەر ئەوەی تەنانەت لەکاتی بوونی ڕۆشنبیرانیشدا، ڕەنگە کێشـــەکە ئەوەبێت کە ڕۆشـــنبیران نوێنەرایەتی بۆچوونێکی توندڕەو بکەن، هێنـــدەی ئەوەی هەنـــدێ جار دەنگە نارۆشـــنبیرەکان نوێنەرایەتی و بەرجەســـتەی توندڕەوی دەکەن. یەکێك لەتەحەددیەکان ئەوەیە چۆن پێوانەی ڕەخنەگرتنێکی بنیاتنەر بکەیت بەچەشنێك بگونجێت لەگەڵ بەرەوپێشچوونی دیموکراســـیدا، بێ ئەوەی جەمســـەرگیریەك دروســـت بکات کە ببێتەهـــۆی قوڵبوونەوەی گرووپگەرایـــی و ناکۆکـــی دەســـەڵات لەکۆمەڵگەدا)).

ئەوەی پرۆفیســـۆر ڕۆناڵد ویـــد ئاماژەی پێکرد، هەنگاوی یەکەم بریتییە لەناســـنامەی ڕەخنـــە وەك هەوڵێك بۆ بەرەو پێشـــەوەچوونی کۆمەڵگە، واتە ڕەخنەی نەرم بۆ بەگەڕخستنی هێـــزی نـــەرم و گۆڕانـــکاری لەســـەرخۆ و هێمنانـــە، کە ئەم جـــۆرە ڕەخنانە لەگەڵ ئەو خەڵکانە یەکناگرنەوە کـــە بڕوایان بەڕەخنەی زبـــر و هێزی زبر و گۆڕانـــکاری ڕادیکاڵانە هەیە، بەڵام ســـەبارەت بـــەوەی ڕەخنە چۆن حکومەت دەخاتە بەردەم بەرپرســـیاریەتی چۆن دەبێتە هۆکارێك بۆ حکومڕانی باش لەوڵاتدا، پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ئان ئۆفلین ئوستادی تیۆری سیاســـەت لەزانکۆی نیوکاسل کرد و بەمجـــۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خســـتەڕوو وتی:(مەســـەلەی ســـەرەکی لەڕەخنەگرتن و ئازادی ڕادەبڕیندا ئەوەیە حکومەت بخەنە بەردەم بەرپرســـیارێتیەکانی. کاتێك خەڵکی ئازادانە قســـە دەکەن، یان ئەوەتـــا بیرۆکە و بۆچوونی نوێ تـــەرح دەکەن، ڕەخنەگرتـــن گرنگیەکی بێئەندازەی هەیە بۆ ئەوەی حکومەت لەئاستی بەرپرسیارێتیەکانیدا بێت. ئەگەر خەڵکی ڕەخنە نەگرن، حکومەت بەو شێوەیە کار ناکات کە لێی چاوەڕوان دەکرێت. لێرەدا ڕۆشـــنبیران دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن و بیرۆکە و مەســـەلە ئاڵۆزەکان بەسادەیی بۆ خەڵك ڕوون بکەنەوە و شەرح بکەن، ئەویش بۆ ئەوەی خەڵك تێبگات لەوەی ئایا حکومەت ســـەرقاڵی چییە و چی دەکات و پێویســـتە چی بـــکات و لەم میانەدا حکومەت بخەنە بەردەم بەرپرســـیارێتیەکانی.

**ڕۆشنبیران ڕۆڵی نێوانگێڕییەك دەبینین لەسادەکردنەوە و ڕوونکردنەوەی زانیاریەکان بۆ هاووڵاتیە ئاساییەکان**

کەواتە ڕۆشنبیران ڕۆڵی نێوانگێڕییەك دەبینین لەسادەکردنەوە و ڕوونکردنەوەی زانیاریەکان بۆ هاووڵاتیە ئاســـاییەکان، ئەو کاتە هاووڵاتیان هۆشـــیارتر دەبن و ئەتوانـــن حکومەت بخەنە بەردەم بەرپرسیارێتیەکانی)).

## میدیا و بەرهەمهێنانی ڕەخنە

لایەنێکی دیکـــە لەکۆمەڵگەی دیموکراتی بوونی ئـــازادی ڕادەبڕین و بواردانە بۆ ئەوەی ڕەخنە بخاتـــەڕوو، بۆیە لـــەم چوارچێوەیەدا ئەوە ئاســـتی ئازادی ڕادەبرینە ناســـنامەی میدیای ئـــازاد دیاری دەکات، نەك میدیایەك خۆی بەخـــۆی بڵێت میدیای ئازاد، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کاتێك لەکۆمەڵگەیەکدا ئازادی ڕادەربڕین هەبوو، ئەوا مەرج نییە تەنیا ئازادی بریتی بێـــت لەرەتکردنەوە، بەڵکو ئازادی واتە بوونی بیروبۆچوونی جیاواز لەســـەر پرســـە جیاوازەکان، ســـەبارەت بەکاریگـــەری میدیا لەکۆمەڵگەی دیموکراتی و دروستبوونی ڕای گشتی، پرسیارمان لەپرۆفیسۆر جۆن تۆماس ئوســـتادی زانستی سیاســـەت و بەڕێوەبەری پـــرۆژەی تیۆری سیاســـیی لەزانکۆی براون

**بۆ ئەوەی ڕای گشتی گەشە بکات دەبێت گرووپی جیاواز هەبێت لەکۆمەڵگەدا کە ململانێ لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگە بکەن**

کرد، لەوەڵامدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (ئەگەر بۆچوونی جیاوازیان هەبێت، هەندێکیـــان ڕەخنە لەحکومەت بگرن و هەندێکیان پشتیوانی حکومەت بکەن، ئەوا دەرفەتی دروســـتبوونی شێوازێکی بیرکردنەوە دێتەئاراوە کە مرونەتـــی تێدابێت، بیرکردنەوە دەربارەی ئەوەی بەڕاســـتی بەرژەوەندی خەڵك چییـــە. کەواتـــە دەبێت حکومـــەت خزمەت بەهەمـــوو خەڵك بگەیەنێت، بۆ ئەمەش میدیا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕیت و ڕۆڵی میدیاش پێوەندی بەدابینکردنـــی مافی موڵکدارییەوە هەیە، ئەگەر مافی موڵکدارێتی زامن بکەیت، ئەوا بـــواری دروســـتبوونی ڕۆژنامەگەری ئازاد، شێوازی جیاوازی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامە و گۆڤـــار و ڕادیـــۆ و ئەنتەرنێت و شـــێوازە جیاوازەکانی پێوەندیکردن دروســـت دەبێت، کە خەڵکـــی مافی موڵکدارێتی بـــەکار دەهێنن بۆ گوزارشـــتکردن لەبۆچوون و ئایدیاکانیان، بەڵام ئەگەر حکومەت کۆمپیوتەری لەخەڵك زەوتکرد، ڕێگای لەبڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەیەك گرت و ڕیگەی نەدا ڕادیۆیان هەبێت بۆ ئەوەی



ئان ئۆفلین بۆ گوڵان:

**ڕەخنەگرتن گرنگیەکی بێئەندازەی هەیە بۆ ئەوەی حکومەت لەئاستی بەرپرسیارێتیەکانیدا بێت**


بۆچوون و تێڕوانینەکانی خۆیان پەخش بکەن، ئەوکاتە حکومەت کۆمەڵگەی کۆنترۆڵکردووە، چونکە کۆنترۆڵکردنی قسەکردن و گوزراشتی کردووە. کەواتــە موڵکدارێتی یەکێکە لەڕێگا گرنگەکان بۆ پاراســتنی ئازادی ڕادەبڕین. ئەگەر مافی موڵکدارێتی پارێزراو بێت، ئەوا دەسەڵاتی حکومەت سنووردار دەبێت و خەڵکی ئەتوانن گوزارشــت لەبۆچوونی جیاواز بکەن، کەواتە پاراستنی مافی موڵکدارێتی گرنگە بۆ کۆمەڵگەیەك کە بەڕاســتی دیموکراسی بێت. ئەمەش دەبێتە بنەمایەك بۆ دروستبوونی ڕای گشــتی، کەمــن پێموایــە دەبێت ڕای گشــتی بگۆڕێت و گەشە بکات، بەدرێژای کات گەشــە بکات، بەئومێدی ئەوەی بگەنە ڕاستی، بەبۆچوونی من بۆ ئەوەی ڕای گشتی بەو شــێوەیە گەشە بکات، ئەوا دەبێت گروپی جیاواز هەبێــت لەکۆمەڵگــەدا کە ململانیٚ بکەن لەسەر ڕاکێشــانی سەرنجی کۆمەڵگە، واتە گوزارشــت لەچەندەهــا بیروبۆچوونی سیاســی جیاواز بکرێت، نەك تەنیا بۆچونی حکومەت، یاخــود بۆچونی موعارەزە، بەڵکو چەندەها بۆچوونی جیاواز، ئەگەر گوزراشت لەبۆچوونی سیاســی جیاواز کرا، ئەوا لەنێو ئەو بۆچوونانەدا خەڵکی ئەتوانن تێڕوانینیان لا گەلاڵە بێت و لەوە تێبگەن کە دەبێت کۆمەڵگە چۆن بێت)).

ئەوەی پرۆفیسۆر تۆماس ئاماژەی پێکرد گرنگــی بۆچوونە جیاوازەکانــی کۆمەڵگە هۆکاری ســەرەکین بۆ دروســتبوونی ڕای گشــتی و هۆکارێکیشــە کــە بتوانێت ئەم بۆچوونــە جیاوازانــە بگەیەنێــت، بێگومان هۆیەکانــی ڕاگەیاندنە، بۆ زیاتر قســەکردن لەسەر ئەم پرسە جارێکی دیکە لەسەر بایەخی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و دروســت بوونی ڕای گشتی پرســیارمان لەپرۆفیسۆر ڕۆناڵد وید کرد، ئەویش ســەبارەت بەم پرســە بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: ((کێشەی ڕاگەیاندن کێشــەیەکی ئاڵۆزە، ئەگــەر بگەڕێینەوە بۆ ڕۆڵی تەکنۆلۆژیا، ئەوا تەکنۆلۆژیا پانتایی نوێی بۆ ڕاگەیانــدن خوڵقاندوە، ئەگەرچی شــێوازە تەقلیدیەکانــی ڕاگەیاندنیش هەر بەردەوامبــن، کە هەروەك ئێــوەش ئاماژەی پێدەکەن زیاتر و زیاتر بەدەستهێنانی قازانج بۆتە پاڵنەری کارکردنی ئــەم ڕاگەیاندنانە. ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پرس و بابەتەکانی پێشوو کە کاتێك تۆ ئازادی قسەکردنت هەیە، ئەمە بەمانای ئەوەنییە کە هەمیشە ئەو ڕەخنانەی دەگیرێن، ڕەخنەی بنیاتنەرن، هەروەها کاتێك تــۆ ژمارەیەکی زیاتــری ڕاگەیاندنت دەبێت بە مانای ئەوەنییە کە هەمیشــە ڕەخنەکان، ڕەخنەی ژیرانــە و بنیاتنەرانە دەبن، چونکە هیچ زەمانەتێك نییە کــە لەکۆمەڵگەیەکی ئــازاددا خاوەنی ئــەم جــۆرە ڕەخنانە بیت، بەڵام بەدڵنیاییەوە باشــترە دەرفەت بەئازادی قسەکردن و ڕادەبڕین بدرێت، نەك ئەو ئازادیە زەوت بکرێــت. هەروەها کاتێــك تۆ ئازادی ڕاگەیاندن فەراهەم دەکەیت، ئەوا بۆی هەیە دەنگــە توندڕەوەکانیش گوزارشــت لەخۆیان بکەن. کەواتە هێنانەئارای بناغەیەکی جێگیر و بنیاتنەر بۆ ڕەخنەگرتنێکی بەرپرسیارانە کە پاڵنەری قازانج نەبێت، ئەرك و کارێکی ئاڵۆز و زەحمەتە. ئەوجــا ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە سەر چۆنیەتی دروستبوونی ڕای گشتی من پێموایە چەندیــن لایەنی دیکە ڕۆڵی خۆیان لەدروســتکردنی ڕای گشــتیدا دەبینن پیش هەموو شت پێویســتە، بوار بۆ دروستبوونی کۆمەڵگەیەکــی مەدەنــی تەندروســت بخوڵقێنرێت، بەچەشــنێك دەنگە مەدەنیەکان ڕۆڵیٚ بنەڕەتــی ببینین لەداڕشــتنی ڕای گشــتی، کە بەدرێژایــی کاتیش، ئێمە ڕای گشــتی جیاواز و جۆراوجۆرمان هەیە، بەڵام من باسی بەشداری کردنی ڕێکخراوەکان دەکەم لەدروستکردنی ڕای گشتیدا، جا ڕێکخراوی ئایینی، یان سیاسی بن یاخود ئەو ڕێکخراوانە بن کە تەنیا بایەخ بەبوارێکی دیاریکراو دەکەن، کە لەڕێی ئەمانەوە ڕای گشــتی دروســت دەبێت و سەرهەڵدەدات. هەروەها ڕاگەیاندنیش ڕۆڵی گرنگی هەیە لەچۆنیەتی داڕشــتنی ڕای گشتی. هەروەك لەوەڵامدانەوەی پێشتر باســم کرد کە ڕۆڵی داڕشتنی ڕای گشتی ڕۆڵێکی ئاڵۆزە، لەبەر ئەوەی دەنگی جیاواز هەیە و کۆمەڵگەش بەچەشنی پێشوو لەلایەن تەنیــا دەزگایەکی ڕاگەیاندنــەوە کۆنترۆڵ نەکراوە، بەڵکو لەڕۆژگاری ئێستادا چەندین دەزگای ڕاگەیاندنی جۆراوجۆر هەین. پێموایە هۆکارێکی دیکە کە ڕۆڵی هەیە لەداڕشتنی ڕای گشــتیدا، خێزانە، واتە بەشداری خێزان و ئەوەی لەخێزاندا فێری منداڵەکان دەکرێت. من پێشــتر باسی ڕێکخراوە مەدەنیەکانم کرد، بەڵام لەهەمان کاتدا پارتە سیاســییەکانیش هەن، ڕاستە هەندیٚ ڕێکخراوی مەدەنی هەن کە هاوشێوەی پارتە سیاسییەکانن، بەڵام ئەوە پارتە سیاســییەکانن کــە لەهەندیٚ حاڵەتەدا زۆرتریــن ڕۆڵیــان هەیە لەداڕشــتنی ڕای گشــتیدا. هەروەها من پێموانییە بەشــداری سیاســی بەتەنیا ڕەنگدانەوەی ڕای گشتی بــیٚ، چونکە ڕەنگە کەســێك بیروباوەڕێکی بەهێــزی هەبێــت وئەمــەش ڕەنگبداتــەوە لەبەشــداریکردنی ئەو کەســەدا، بەڵام بۆی هەیە کەســێك هەمان بیروبــاوەڕی هەبێت و بەشــداری سیاســیش نەکات. هەروەها ئەمە ئەو پرسیارەش دەوروژێنێت ئایا هۆکارەکانی دروستبوون و داڕشتنی ڕێکخراوە مەدەنیەکان و پارتە سیاســییەکان چین؟ لەڕاستیدا ئەمە مەسەلەیەکی قورستر و زەحمەتترە)).



ڕۆناڵد وید بۆ گوڵان:

**توانای کۆمەڵگە بۆ ڕەخنە لەخۆگرتن گرنگە بەتایبەتی بۆ ئەو بەرەوپێشچوونەی ئومێدی ئەوەی لێدەکرێت دیموکراتی بێت**



جۆن تۆماس بۆ گوڵان:

**موڵکدارێتی یەکێکە لەڕێگا گرنگەکان بۆ پاراستنی ئازادی ڕادەبڕین**



# محەمەد سبیلا

فەیلەسووف و بیرمەندی مەغریب بۆ گوڵان:

# قبووڵ نییە و ناکرێ دیموکراسی لە کەلتوورەکەی دابماڵدرێت، ناشکرێ میکانیزم و تەکنیکی هەڵبژاردن و رێکخستنەکەی لە کەلتوورەکەی جیا بکرێتەوە



**کاتێك زەنگی تەلەفونەکە لێی دا، هەستم کرد کۆدەکەی کۆدی وڵاتی مەغریبە، بەڵام هەستم نەکرد ئەو تەلەفونە لە لایەن محەمەد سەبیلای فەیلەسوفەوە بێت، لەبەر ئەوەی تەنها چەند کاتژمێرێك بوو نامەم بۆ ناردبوو، بەڵام ئەو لەگەڵ خوێندنەوەی نامەکە ژمارەی تەلەفونەکەی لە ناو ئیمێڵەکە بینیبوو، راستەوخۆ پەیوەندی پێوە کردین، بۆیە کاتێك تەلەفونەکەمان هەڵگرت گوێمان لێبوو، ئەم فەیلەسووفە زۆر بەڕێزەوە داواکەی گوڵانی بۆ وتووێژێکی کراوە قبوڵ کردبوو، بەڵام راشکاوانە پێی وتین کە ئەو ناتوانێت ئەو هەموو وەڵامە بە کۆمپیوتەر بنووسێتەوە.**

**بە هەرحاڵ وتووێژ یان دیمانە لەگەڵ ئەم رۆشنبیرە گەورەیە جێگەی خۆشحاڵی ئێمە بوو، بەڵام ئەو خاڵەشمان لەبەر چاو گرت زۆر کەم نەبێت لە بواری فیکری هاوچەرخ نەچینە دەرەوە و دیمانەکە تێکەڵاوی سیاسەت نەکەین، بەڵکو ئەوەی مەبەستمان بوو زیاتر خوێندنەوەی فیکری بۆ ڕووداوە سیاسیەکان بکەین، لایەنێکی دیکە کە لەم دیمانەیەدا نەمانتوانی وەك پێویست لەسەری هەڵوەستە بکەین، ڕۆچوونی قووڵ بوو لەسەر چەمکە فیکرییە هاوچەرخەکان، ئێمە دەمانزانی لەگەڵ ئەم فەیلەسوفە رۆبچینە قووڵایی چەمکەکان، ناتوانین لە سنوری تەنها یەك زارەوەی فیکری هاوچەرخ تێپەڕین، بۆیە ئەم فرسەتەمان وا ڕێکخست چەندی بکرێت قسە لەسەر زۆربەی بوارە فیکرییە هاوچەرخەکان بکەین، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر لەسەر هەندێك پرس و بابەتی فیکری زۆر بە قووڵی هەڵوەستەمان نەکردبێت، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نەمانویست دیمانەکە سنووردار بێت بۆ تەنیا چەمکێکی فیکری یان تەنها یەك ئاراستەی فیکر، بۆیە خوێنەر ئەگەر سەرنج بدات، هەست دەکات پرسیارەکان جۆرێك لە بازدانی پێوە دیارە، یان وەك خۆی ئاماژەی پێ کردووە ( جۆریك لە فێڵی رۆژنامەنووسانە) پیادە کراوە، هەر بۆیە ئەگەر لە ئاییندە بتوانین سەردانی وڵاتی مەغریب بکەین و لە نزیکەوە لەگەڵ ئەم رۆشنبیرە گەورەیە و چەند رۆشنبیرێکی دیکەی مەغریبی دابنیشین، ئەوا لەسەر هەندێك چەمکی فیکری قووڵتر رادەوەستین.**

**ئەوجا لێرەوە ئەگەر لە چەند دێڕێکدا ئەم رۆشنبیرە بە خوێنەرانی گوڵان بناسێنین، ئەوا دەکرێت بڵێین، ئەم ڕۆشنبیرە مەزنە یەکێکە لە پێشەنگە دیارەکانی فیکری هاوچەرخ لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و خەمی سەرەکی ئەوەیە هاووڵاتیانی وڵاتانی عەرەبی و ئەوانەی دەزانن بە عەرەبی قسە بکەن و لێی تێبگەن بە فیکری هاوچەرخ ئاشنا ببن، ئەم فەیلەسووفە پێی وایە هەتا ئێستا رۆشنبیرانی عەرەب تەنها ڕووکاری فیکری هاوچەرخیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، بۆیە لەناو ڕۆشنبیری عەرەبیدا بۆ فیکری هاوچەرخ رەت کراوەتەوە.لەم بوارەشدا بێجگە لەوەی ١١ کتێبی لەسەر فیکری هاوچەرخ داناوە، لە هەمان کاتدا بواری وەرگێڕانی فیکریشی فەرامۆش نەکردووە ٧ بەرهەمی لە هەردوو قوتابخانەی فیکری فەرەنسی و ئەڵمانی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، وەك کتێبیی مەنهەجیش بۆ ئەوەی قوتابیانی بەشی فەلسەفە بە زمانی عەرەبی سوودی لێوەربگرن، ٩ کتیبی مەنهەجیشی داناوە، ئەمە وێڕای ئەوەی چەندین دیراسەو توێژینەوەی فەلسەفی لە گۆڤارە فیکرییەکانی وەك (الاتحاد الاشتراكي، اقلام، افاق جديدة، الفكر العربي المعاصر، المستقبل العربي) بڵاوکردووەتەوەو یەکێکە لە بەڕێوەبەرانی گۆڤاری ( المشروع) یش.**

**ئەمەش دەقی دیمانەکەی رۆشنبیری گەورەی عەرەب محەمەد سەبیلایە لەگەڵ گوڵاندا.**

**گوڵان:** لە دەسپێك و بەر لە هەر شتێك، دەمانەوێ بپرسین: ئاخۆ محەمەدسبیلای بیرمەند دوای تێپەڕ بوونی یەك ساڵ بە سەر بەهاری عەرەبدا، واقیعی ئێستا چۆن دەبینێت؟

**محەمەد سەبیلا:** واقیعی عەرەبی تا رادەیەکی زۆر واقیعێکی ئاڵۆزە، بکەرانی رابردوو و هیواکانی ئایندە کاری تێدا دەکەن، ئەم ململانێ دوور و درێژە لە قووڵایی هۆشیاریی عەرەب و لە قووڵایی مێژووی عەرەبدا لە نێوان شەوق و رەونەقی بەهێزی رابردوو و رەونەقی ئێستا و واقیعی ئێستای جیهان وەك مەرجی هەبوونە، دەخاتەڕوو. ئەوەی لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆی عەرەبدا دەیخەینەی گەڕ، دەبێ ساکارانە نەیخوێنینەوە، مەبەست خوێندنەویەکی رووکەشانەیە کە تەنیا بە خوێندنەوەیەکی دەقاوەدەقی رواڵەتەکان بەسی لێ بکات. گوتەی گونجاوی فەلسەفیانە بۆ خوێندنەوەی واقیعی ئێستای عەرەب «گوتەی فێڵ»ـە، فێڵی مێژوو، مەبەستیشم لە «گوتەی فێڵ» بە واتای ئایدیالیستانەی هیگڵی ئان وتای عەقڵانیی ئەو نییە، بەڵکوو بە واتایەکی دی کە پتر لە وێنای جیۆستراتیژییەوە نزیکە. «فێڵی مێژوو» بۆمان ڕووندەکاتەوە کە رواڵەتی مێژوو شتێکە و قووڵایی ئەویش شتێکی دیکەیە، یان گوتاری رووداوەکان شتێکە و ئەوەی لە قووڵایی ئەوانیشدا لە گەڕدایە شتێکی دیکەیە، جا چ لە ئاستی خواستەکان بێت یان لە ئاستی ئاکامەکان یان لە ئاستی هەموو وەرچەرخانەکاندا بێت. ئەوەی ئەمڕۆ روو دەدات بە لای زۆر لە خوێنەران و شرۆڤەکاران و ستراتیژناسانەوە، کە پێیان وایە ئەم لێشاوی راپەڕینەی جەماوەری عەرەب، کە رەنگە بووەتە هۆی وەگیرکردنی هەندێك ئەنجامی سیاسی لە رووی رووخاندنی چەندرژێمێك یان رووخاندنی کەسان یان شتێکی لەو جۆرانە، ئەمە جووڵە و راپەڕینێکە وەك تەوژمی هێنانی مژدەی دیموکراسی و مژدەی نوێخوازی و مژدەی رۆشنگەری و مژدەی پێشکەوتنن، بەڵام مەسەلەکە زۆر لەوە قووڵترە، هەڵبەت خۆ رەنگە شتانی شاراوە هەبن،پاشان قووڵایی مێژوو و قووڵایی گەلان دەردەکەوێن. بە واتای ئەوەی، رەنگە ئێمە بەری رەنجی ئەو هیوا و چاوەڕوانییە نەچنین کە بەو وەرچەرخانانەمان بەستووە، ئەوانە بێ گومان وەرچەرخانن، گومانی تێدا نییە راپەڕین و جووڵەن، گومان لەوەشدا نییە کە هەژاندنی رژێمەکانە، بەڵام ریشەی قووڵی کەلتوور و

هـــزر و ویژدان، ڕەنگە وەك مـــەرج و بنیاد بمێننەوە كە بە شـــێوەیەكی نەگۆڕ مێژووی عـــەرەب كۆنتـــرۆڵ بكەن. وێـــڕای ئەوەی هیوای دیموكراســـی نوێخوازی و عەقڵانی و ڕۆشـــنگەری و داماڵینی بـــە چاوبڕینە جیهان و گەلێك گوتەی دیكەی فەلسەفی لە ئـــارادان، هەڵبەت هەنـــگاوی كردنیی مێژوو، وەك هەڵبژاردنەكانی ئێســـتا لەهەر یەك لە توونس و مەغریب و میسر، هەروەها ڕەنگە وەرچەرخانەكەی لیبیاش، نیشـــانەی ئەوەن كە ئەو هێزە سیاســـیانەی ئاكامی ئەم وەرچەرخانە و ئەم ڕاپەڕینە سەرســـەختانەی عەرەب، هێزگەلی نەریتانەی ئیســـلامی و ڕەنگە ئیســـلامیانی نوێخواز چنیبێتیانەوە. هەڵبەت خۆ ناڵێم ئەمە هەنگاوێكە بەرەو دوا، بەڵام ئەمـــە هەنگاوێكە تێیدا هەنگاو بەرەو دواوە و هەنگاو بەرەو پێش تێكەڵ بە یەكدی

**گوتەی گونجاوی فەلسەفیانە بۆ خوێندنەوەی واقیعی ئێستای عەرەب «گوتەی فێڵ»ـە. فێڵی مێژوو. مەبەستیشم لە «گوتەی فێڵ» بە واتای ئایدیالیستانەی هیگلی ئان وتای عەقڵانیی ئەو نییە. بەڵكوو بە واتایەكی دی كە پتر لە وێنای جیۆستراتیژییەوە نزیكە**

دەبـــن، یان هەنگاوێكی ململانێیە یان ئەوەتا ڕەنگدانـــەوەی ململانێیە لە نێو كۆمەڵگای عەرەب، لە نێوان ئارەزوویەك بۆ پێشـــكەوتن و بۆ نوێ بوونەوە و بـــۆ دیموكراتیزە بوون، بەڵام هەروەها ئارەزوویەك بۆ دەست گرتن بە ناســـنامە و گەڕانەوە بەرەو ڕابردوو تەنانەت ئەگەر بە شـــێوەیەكی نوێش بێت. هەر بۆیە دەڵێم «خوێندنەوەی فێڵاوی»، مەبەستیشم «خوێندنەوەی فێڵاوی»بە واتە خوێندنەوەی هۆشـــیارانە یان خوێندنەوەی نائایدیۆلۆژی یان خوێندنەوەی تارادەیەك ناتێكۆشەرانە بۆ ئەوەی كـــە ڕوو دەدات، چونكەخوێندنەوەی تێكۆشەرانە خوێندنەوەیەكی سەرگەرمانەیە، بایەخ بە ڕۆڵی گەلان و كارایيان دەدات، بەوەی كە مێژوو هەمـوو خواســـت و هەموو هیواكان بەدی دەهێنێت. جا دەڵێم، ئەوەی ڕوو دەدات وەگەڕ كەوتنە، ڕواڵەتێكـــە لە ڕواڵەتەكانی وەگەڕكەوتـــن و هەوڵێكـــە بـــۆ هەنگاونان بـــەرەو پێش، وێڕای هەبوونـــی ململانێیەك كە لـــە هەبوونی هێز و تەوەژمی لە مێژوودا سەرچاوەی گرتووە، تەوەژمیی بایۆلۆژی و هزری و دەزگایـــی، تەوەژمییەك كە دەتوانم بڵێـــم دنیایی و ڕەگاژۆیە، هەروەها گرەوێكە لە ســـەر پەرەپێـــدان و كارا كردنی لایەنانی ئەرێنی یان لایەنانی پێشـــكەتنخوازانە لەم وەگەڕكەوتنە قووڵەدا.

**گـــوڵان:** لە گەرمەی ئـــەو گۆڕانانەی جیهانـــی عەرەبـــدا، دەبینیـــن پارتەكانی ئیســـلامی لە هەڵبژاردنەكاندا بە شێوەیەكی بەرچاو پێشكەوتوون و سەرلیستی براوەكانن بـــە تایبەتی لە هەڵبژاردنەكانی میســـردا، ئایندەی میسر لە ســـایەی وەپێش كەوتن و دەسەڵاتی ئیخوانی موســـلمین و سەلەفیدا چۆن دەبینی؟

**محەمـــەد ســـەبیلا:** مـــن گوتـــم ئەمە هەنگاوێكـــی فێڵاوییە، بەواتـــای ئەوەی بـــە ڕواڵەت ئیســـلامییەكان ســـەردەكەون، ئیســـلامییەكانیش كـــە ســـەردەكەون ئەوا سەركەوتنەكان بە پێی هەلومەرجێكی نوێی سیاسی و هزری و نێودەوڵەتییە، ئەوان دەكەونە بن داوای خۆ گونجاندن لەگەڵ دیموكراسیدا، چونكە ئەوان بە ســـایەی دیموكراسی و لە چاچێوەی مەرجی دیموكراسیدا سەركەوتن، ئەوان لە ئاســـتی نێودەوڵەتی و ناوخۆ و بە گرێبەستیش وابەستەی دیموكراسین، چونكە دیموكراسی سەبارەت بەوان پەیژەیەك نییە كە دوای ئەوەی پێیدا سەر دەكەویت پاڵێكی پێوە بنێیت و بیخەیـــت، چونكە دیموكراتی تەنیا ئامرازێك نییە، بەڵكو دیموكراتی خواست و هیوا و كەلتوورە و ڕەنگە تارادەیەك مەبەستیش بێت، مەبەستە لەبەر ئەوەی دیموكراتی تەنیا ئامرازێكی ڕووت نییە. بۆیە، پێموایە هاتن یان سەركەوتنی ئیسلامییەكان خۆ خزاندنە بۆ نێو كێشمەكێشی دیموكراسی، هەر هەمووبان لـــەو وڵاتانەدا داوای دیموكراســـی دەكەن و بانگی بۆ ڕادەدێرن، هەروەها بە لای كەمەوە لە سەر ئاستی هۆشیاریی ڕوون و بەرچاودا ئاشـــكرای دەكەن كە ئەوان دیموكراســـیان دەوێت، ئەوان هەندێك جار لە پێناو داكۆكی كردن لە دیموكراسی پێشبڕكێ دەكەن بەوەی كـــە دەڵێن ڕەوتەكەی ئەوان پتر وابەســـتەی دیموكراســـییە، وەك ئەوەی ئێمە لە بەردەمی بازاڕی ســـەودا كردن بین بە دیموكراســـی. كەواتـــە ئەمـــە هەنگاوێكـــی مێژوویيە بە ئاراســـتەی كارا كردنی قەناعەتی ئایینی كە تێكەڵ بە دامودەزگای دیموكراســـی و كەلتووری دیموكراسی ببێت. پێشم وایە ئەمە




**كتێبەكانی:**
-مخاضات الحداثة، ٢٠٠٧
- في الشرط الفلسفي المعاصر، ٢٠٠٧
-حوارات في الثقافة و السياسة، ٢٠٠٦
-زمن العولمة فيما وراء الوهم، ٢٠٠٥
-زمن العولمة فيما وراء الوهم، ٢٠٠٥
-دفاعا عن العقل و الحداثة، ٢٠٠٢
-أمشاج ، ٢٠٠٠.
-للسياسة بالسياسة، ٢٠٠٠.
- الحداثة و ما بعد الحداثة ٢٠٠٠.
-الأصولية و الحداثة، ١٩٩٨
- الايديولوجيا: نحو نظرة تكاملية،١٩٩٢ .
-مدارات الحداثة، ١٩٨٧ .

**كتێبەكانی ژێر چاپ**
- الأسس الفكرية لثقافة حقوق الانسان
- تحولات المجتمع المغربي


**بەرهەمە وەرگێڕدراوەكان**
- التحليل النفسي/ كاترين كليمان ، ٢٠٠٠
- التحليل النفسي/ بول لوران أسون ١٩٨٥،
- التقنية-الحقيقة-الوجود / مارتن هيدجر، ١٩٨٤
- الفلسفة بين العلم والايديولوجيا/ ألتوسي، ١٩٧٤


بەشدارییەكانی لە منهجی خوێندنی فەلسەفیدا
- مباهج الفلسفة / باكلوريا ١/٢ ٢٠٠٧،
- الفلسفة الحديثة من خلال النصوص ٢٠٠٢
- مجموعة دفاتر فلسفية (بالاشتراك ١٥ جزء )










شتێکی ئەرێنیی لێ دەکەوێتەوە چونکە هیچ رێیەکی دی لە بەردەم ئەو رەوتە ئیسلامیانەدا نییە بێ لەوەی بیسەلمێنن کە ئەوان توانایان هەیە، نەك هەر لە تێگەیشتن لەدیموکراسی، بەڵکو توانای کارا کردن و دەست پێوە گرتنی دیموکراتیشیان هەیە. لە بەر ئەوەی لەرووی مێژووییەوە، چاودێریی کۆمەڵایەتی و ناوخۆ و نێودەوڵەتیی گتشتییان لە سەرە، بەسەریاندا دەسەپێنێت کە دیموکراسی هەرس بکەن. دیموکراسی لە بواری سیاسیی خۆیدا، هەرچەندە خواستی جەماوەرە، جەماوەری عەرەب لە هەموو وڵاتانی عەرەبدا لەم راپەڕینەدا ئامانجیان دیموکراتی بووە، هەڵبەت دیموکراتی بە پلەی یەکەم جووڵە یان خواستێکە لە پێناوی دەسکەوتی دیار و بەرجەستەدا، لە پێناو باشکردنی ئاستی بژێوی و ژیان، لە پێناوی کاردا، لە پێناوی باش کردنی داهاتدا، لە پێناو باش کردنی رەوشی جڤاکی و نیشتەجێ بوون و هی دیکەش، خواستی دادی کۆمەڵایەتی، خواستی بنەڕەتیشی خواستی ماددیانەی کۆمەڵایەتییە. جا بژاردە دێن، جا چ بژاردەی نوێخواز بن یان بژاردەی ئیسلامی، بۆ ئاراستە کردن یان رەنگە کۆت و بەند کردنی ئەو خواستانە و مۆرکێکی سیاسییان پێ دەدات. هەر بۆیە، ئەو چوارچێوەیەی کە ئەو خواستانەی دەچێتە نێوەوە مەرجی دیموکراسییە بەتایبەتی لە کایەی سیاسەتمەداراندا، بەوەی هەرچەندی بە قووڵدا بچین دەبینین هاووڵاتیی ئاسایی عەرەب، تەنانەت لەو کاتەی وابەستەی شکۆی توراس دەبێت، ئەوەی کە لە سەرانسەری جیهانی عەرەبدا ئەمرۆ پێی دەڵێن چاڵەکە یان سووکایەتی، ئەوا خواستەکانی گرێدراوی کۆمەڵگای مەدەنیی بەکاربەری هاوچەرخ دەبێت، واتە خواستگەل و مەرجێك کە کار و دەستەبەر کردنی ماف دەگرێتەخۆ، لەگەڵ ئەوەی کە کاری بنەڕەت ئەوەیە کە یەکەم مافەکانی ژیان بەدەست بێن، لە لایەکی دیکەشەوە مافی سیاسی. پێم وایە ئیسلامییەکان لەم هەلومەرجە مۆلەقەی مێژوودا هاتن، کە ئەوان لە لایەك بەرهەمی دیموکراسین، واتە بەرهەمی هەڵبژاردنن، واتە بەرهەمی رووداوە سیاسییەکانن، لە لایەکی دیکەوە جۆرێك لە، رەنگە ناتەبایی لە نێوان کەلتووری سیاسیانەی دەزگای دیموکراسی، تەنانەت رەنگە لە نێوان سەراپای کەلتووری تازەی سیاسی و کەلتووری ئیسلامی یان ئیسلامی سیاسیدا هەبێت، ئەو کە تا ئێستا رەنگە هەندێك ئاستەنگی هەبێت لە رووی خۆگونجاندن لەگەڵ کەلتووری نوێ و هزری نوێدا، وەك ئەوەی مەیلێ هەبێت بۆ بەکار هێنانی لایەنی ئامراز و قوراسیی نوێخوازیی سیاسی و لادانی لایەنی هزری یان رەت کردنەوەی لایەنی هزری و کەلتووریی ئەو. ئەوان بە قووڵی دەکەونە نێو ئەو جیاوازی و جیاکارییەوە و دەشبینن کە دیموکراسی کەلتووری خۆی دەسەپێنێت، قبووڵ نییە

«فیڵی مێژوو» بۆمان رووندەکاتەوە کە رواڵەتی مێژوو شتێکە وقووڵایی ئەویش شتێکی دیکەیە، یان گوتاری رووداوەکان شتێکە و ئەوەی لە قووڵای ئەوانیشدا لە گەڕدایە شتێکی دیکەیە

و ناشکرێ دیموکراسی لە کەلتوورەکەی دابماڵدرێت، ناشکرێ میکانیزم و تەکنیکی هەڵبژاردن و رێکخستەکەی لە کەلتوورەکەی جیا بکرێتەوە، ئەو کەلتوورەی بەندە بە وێنا کردنی عەقڵانیانە بۆ مێژوو، هەروەها وێنا کردنی عەقڵانیانە بۆ مرۆڤ، هەروەها بەندە بە رێکخستنی ئیرادە و بە شێوەیەکی گشتی رێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە.


**گوڵان:** ئەمرۆ لە رۆژئاوادا لەبارەی نوێخوازی و پاشەنوێخوازی (مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتە)وە گفتوگۆ دەکەن، هەندێك دەڵێن ئەوان بە پاشە نوێخازی گەیشتوون، هەندێکی دیکە لە قوتابخانەی ئەڵمانی دەڵێن (نوێخوازی) پرۆژەیەکە تەواو نەبووە. ئەگەر باس لەواقیعی ئێستای عەرەب بکەین، ئەمرۆ ئێمە پێویستمان بە (رۆشنگەری) یە، جا ئەگەر پرسیارەکەی (کانت)دووبارە بکەینەوە: ئاخۆ سەبارەت بە گەلانی عەرەب و ئیسلام (رۆشنگەری) چییە؟


**محەمەد سەبیلا:** بەڵێ، یەکەم: جۆرێك لە رەت کردنەوە هەیە، لە نێو کەلتووری عەرەبدا بە شێوەیەك لە شێوەکان هزری رۆژاوا رەت دەکرێتەوە، جۆرێك لە هەڵچوون و جۆرێك لە نارەزایشی هەیە و هەندێك جار جۆرێك لە رەت کردنەوەش هەیە بە پلەی جۆراوجۆر، ئەوجا چ لە رێی وەرگێڕانەوە بێت یان لە رێی تێگەیشتنەوە. لە نێو ئەو شتانەی کە لە جیهانی عەرەبدا نارۆشنییەکی حەیابەرانەی تێدایە، ئەو ترسەیە لە نوێخوازی و پاشەنوێخوازی، من لام وایە وەك ئەوەی کارەکە پەیوەندیی بە قۆناغی زەمانەوە هەبێت، وەك ئەوەی نوێخوازی لەساڵی ١٨٥٠دا یان شتێکی لەو جۆرە دەستی پێ کردبێت و لە شەستەکانی سەدەی بیستەمیش یان شتێکی لەو جۆرە کۆتایی هاتبێت. نوێخوازی لە وێنای














فەلسەفی و فسیۆلۆژییەوە، بزووتنەوەیەكی هزریی عەقڵانی بوو، لە رۆژئاوا پەیدا بوو، دەسـپێكی لە سەدەی نۆزدە، یان بە گوتەی دیرۆكنووسان، لە سـەدەی هەژدەمەوە بوو، ئنجـا بە جیهان بڵاو بـووەوە. ئەو هەڵگری وێنایەكی دیاری كراوە بۆ جیهان و وێنایەكی دیـاری كراو بۆ مرۆڤ و وێنایەكی دیاری كراو بـۆ مێژوو. ئەم وێنایـەی نوێخوازی هێنای تا ئێستا لە كاردایە و هێشتا بەهێزە و تا ئەم كاتە ئامادەیە، چونكە بە شێوەیەكی، رەنگە ریشەییانە، وێڕای وێنای نەریتیانە بۆ زەمـان و بۆ مێژوو و بۆ مرۆڤ، پەیوەندیی مرۆڤ بـە دەوروبەری خـۆی لە زەوی و ئاسـمان دەبڕێت. ئەم (پارادیگمە)،یان ئەو نموونەیە كە نوێخوازییە لە هەموو ئاستەكانی كەلتووری و تەكنیكی و رێكخستنەوە، واتە سیاسی و دەزگایی. ئەو ئەزموونێكی نوێ و چوارچێوەیەكی نوێیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا كە هێشتا لە قۆناغی كارایی و كردەنیدایە. ئەوەی پێی دەگوترێت (پاشەنوێخوازی) هەر تەنیا چركەیەك لـە چركەكانی نوێخوازی، ئـەوە پلەیەكـی نزمـە، نزم لـە پلەكانی نوێخـوازی، یـان خێرایـی چركەیەكە لە چوارچێوەی نوێخوازیدا. (پاشـەنوێخوازی: پۆست مۆدێرنێتە) رەت كردنەوەی نوێخوازی نییـە، هەرگیز، بەڵكـو پێداچوونەوەیە بە هەندێك لە گۆشـە و كەنارەكانی كە گەڵاڵە كراون، یـان بە هەندێك لـە رواڵەت نموونە یـان نموونەكانی یـان رواڵەتـی بتانەیدا. پێداچوونەوەیە بە هەندێك رواڵەتی چەسپاو و كۆتاییانەی نوێخوازی. بۆیە پاشەنوێخوازی نوێ كردنەوەی نوێخوازی بۆ رزگار بوون لە هەندێك لە كاریگەرییەكانی و لە هەندێك لە ئایدیالیەكانی یان رزگار بوون لەو شـتانەی پێوە لكاون، كە فەیلەسووفی فەرەنسی ناوی ناوە... رزگار بوون لە حەكایەتی گەورەی نهێنی یان لە وێنـای مەزنی جڤاكیانە بۆ مێژوو و پێشـكەش نەكردنی نوێخوازی وەك ئایینێك بێت، هەروەها دیدێكی نوێ كە ئەوەی عەقڵانییە دەیگرێتە خـۆ و پێداچوونەوەی دیكە بـە نوێخوازیدا. (پاشـەنوێخوازی لە رۆژئاوادا) تـازە كردنەوەی نوێخوازییە، پتر چاوخشاندنەوەیە بە هەندێك لە پایەكانی نەك رەتكردنـەوەی نوێخوازی. بە داخەوە، هزری عەرەبـی و زمانی عەرەبی ئەم وەهمانە برەو پێ دەدەن، چونكە پەیڤی (پاش: پۆست) لە زمانی عەرەبیدا ئـەو واتایە دەخاتە زەینەوە وەك ئەوەی ئێمە لـە نوێخوازی دەرچووبین و چووبێتینـە قۆناغـی (پاش: پۆسـت) ـەوە. ئەمەش وەهمێكـی گەورەیە، هەڵبەت سەرباری شـرۆڤەی رووكەش و تێگەیشتنی رووكەشانەی لاوەكییەوە. هەروەها دەشڵێم ئەو كورت و چڕە پێشكەش كردنە رۆژنامەوانیانە و رۆڵی میدیا لە تەمتومانی هزر و كەلتووردا. لە كاتێكدا (پاشـەنوێخوازی) لە قووڵاییدا لە نوێخوازی قووڵترە، چركەیەكە نوێخوازی تێیدا دەسـتی لە قاوغەكانـی هەڵگرتووە، هەروەها لە دەسـتی لە قاڵب و لە ئەفسانە و لـە بتەكانی هەڵگرتـووە، چرۆ لۆژیكی

> **دیموكراسی**
> **پەییژەیەك نییە كە**
> **دوای ئەوەی پێیدا سەر**
> **دەكەوێت پاڵێكی پێوە**
> **بنێیت و بیخەیت.**
> **چونكە دیموكراتی**
> **تەنیا ئامرازێك**
> **نییە**


خـۆی و رێـڕەوە لۆژیكی خـۆی وەگەڕ خسـتووە هەروەها تا رادەیەكی زۆر لۆژیكی هەڵوەشێنەرانەشی وەگەڕ خستووە. بە داخەوە ئێمە لە جیهانی عەرەبدا قوربانیی ئەمەین. ئـەوەی جیهانی عـەرەب و كۆمەڵگاكانی عەرەب پێویستیان پێیەتی زۆر شتە، جیهانی عەرەب یان كۆمەڵگاكانی عەرەب پێویستیان بە رۆشنگەرییە هەروەها بە پاڵدانی بڕێكی زۆر لە عەقڵاندن، پێویسـتیان بە زیاتر كارا كردنی عەقڵـە، چونكە ئەو ململانێیەی لە كۆمەڵگاكانـی عەرەبدایە لە نێوانی عەقڵی نەریتی و عەقڵـی نوێخوازیدایە، لە نێوانی كەلەپوور وەك هێز و وەك هزر و وەك واتایەكی كۆتایـی بۆ جیهان، وەك واتایەكی خۆ جوان كردوو بـۆ جیهان و لە نێوانـی نوێخوازی و نوێ بوونـەوەدا. پێویسـتی بە دیدێكی رەخنەگرانەی نوێخوازە بۆ خود و كۆمەڵ و مێژوو و مرۆڤ و گەردوون و هەمووشـتێك هەیە. هێشـتا ئەو كەلتـووورە نەریتپارێزەی عەرەب لە هەمـوو كۆمەڵگاكانی عەرەبدا كەلتوورێكی بەهێـز و جێگیر و ژێر ئەركە، یان لە ژێر كۆنترۆڵـی ئەم رەوت یان ئەوی دی، ئەم لایەن یان ئەوی دی. هێشـتا، وەك ئەوەی یەكێك لـە بیرمەندانی مەغریب كە دكتـۆر عەبدوڵڵا ئەلعەیـزە، روونی كردەوە كە مەزهەبی سـوننە لە ئیسلامدا مۆركی فەرمیی پۆشـی و بووە دانـەی یەكەمی ئیسـلام، وەك ئەوەی ئیسلام هەر بۆ خۆی ئیسـلام بێت. بـە واتای ئـەوەی ئایین و كەلتووری ئایین هێشـتێكی سەرپێییانەی نەخسـتە روو و نەچووە جیهانی لێكدانەوە و جیهانی فرە واتاوە. ئێمە تا ئێستا لە دنیای یەك واتا و یەك بیرۆكە و یەك جیهان و یەك رەوتدا دەژین، هەڵبەت ئەوە لە لایەك، ئەویش لە گۆشەی بنیادی هزری ئایینی و










لە گۆشەی فسیۆلۆژیا و لە گۆشەی زاڵ بوونی زانایانی ئایین و هێزگەلی نەریتی بە سەر ئەو هزر و ئەو ئایینەدا، هەڵبەت ئەویش هاوبەند لەگەڵ هێزگەلی سیاسیی باڵادەست، چونکە هەماهەنگییەك لە نێوان لێکدانەوەیەکی دیاری کراوی کەلتوور و لە نێوان بەکارهێنانی سیاسیدا هەیە، ئەو بەکارهێنانە سیاسییە کە گرووپ و بژاردەیەك و رەنگە چینانی دەسەڵاتدار سوودی لێ ببینن. جیهانی عەرەب پێویستی

**جیهانی عەرەب یان کۆمەڵگاکانی عەرەب پێویستیان بە رۆشنگەرییە هەروەها بە پاڵدانی برێکی زۆر لە عەقڵاندن و پێویستیان بە زیاتر کارا کردنی عەقڵە**


بە چەندین شت هەیە، پێویستیی پارسەنگ دانەوەی نێوان قورسایی نەریتی چەسپاو و پلیشێنەر و نێوان پێویست بوونی عەقڵ هەیە، واتە پێویستیی هەبوونی رەخنە و نوێ بوونەوە و پشکنین و توێژینەوە و پێداچوونەوەی شتانی سەلماو و پێداچوونەوە بە گەلێك شتی بەدیهی. بە داخەوە تا ئێستا رابردوو و نەریتی و لێکدانەوەی نەریتیانە باڵادەست و زاڵن، هەر شتێك ئەو بنیادە نەریتیانە لە ئاستی جڤاکی و لە ئاستی سیاسی و لە ئاستی هزری و کەلتووریدا بهەژێنێت، هەرچەندە ئاستی دواییان لە هەموان قووڵتر و زەحمەتترە، هەموویان هەژانێکن دەکرێ سوودیان هەبێت بۆ بزواندنی شتانی چەقبەستوو و جووڵاندنی قافڵەکان، چونکە ئێمە لە بەردەم کۆمەڵگای گەنیوداین، جا چ بە رواڵەت کەوتبێتە بەر جووڵەوە، بە رواڵەت کودەتا و وەرچەرخان و ململانێ روویدابێت، بەڵام لە قووڵاییدا رێرەوی رووبارێکە هەر وەك خۆیەتی و نەگۆڕاوە.

**گوڵان:** ئێوە باسی رەخنەتان کرد، بە گوێرەی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە تیۆریی رەخنە دەگوترێت (تیۆریی کۆمەڵ)، وەك ئاشکرایە قوتابخانەی فرانکفۆرت بە سێ قۆناغدا تێپەڕ بوو، جیاوازیی نێوان هەر سێ نەوەکە: لە (ماکۆز)ـەوە تا (هابرماس) چییە؟

**محەمەد سەبیلا:** بەڵێ، قوتابخانەی فرانکفۆرت قوتابخانەیەکی دیارە لە مێژووی هزری ئەڵمانی و لە مێژووی هزری سیاسیدا، چونکە قوتابخانەیەکە هەموو کەلتووری رۆژاوای لە ئامێز گرتووە، جا چ لە رابردووی یان ئێستای، ئەو هزری مارکسی و هزری فرۆیدی و هەموو بەشدارییەکی هزری مرۆڤایەتی و بە تایبەتی هزری ئەڵمانی و هەروەها کەلتووری (کانت)ی گرتووەتە خۆ، ئەو تا رادەیەك قوتابخانەیەکی رەخنەیی ئیدی (کانتییە)، بەڵام ئەو کانتیزم فراوان دەکات و دەیخاتە نێو رێرەوی تازەوە و بە دەرهاویشتەی نوێی هزری موتوربەی دەکات. قوتابخانەی فرانکفۆرت رەخنەیەکی سەراپاگیرە لە کۆمەڵگای نوێ، رەخنەیەکی قووڵە جا چ لە لای (هیرکهایمەر) بێت بە رەخنە گرتنی لە کەلتوور یان لە لای (ئەدۆرنۆ) بێت بە رەخنە گرتنی لەوەی ناوی ناوە (ئامرازە عەقڵ) بۆ ئامرازە کۆنترۆڵ و ئامرازە عەقڵانیەتی توند، یان لە لای (مارکیوز) لە رەخنە گرتنی لە (دەست بەسەردا گرتن) هەروەها رەخنە گرتنی لە ئایدیۆلۆژیای باڵادەست و رەخنە گرتنی لە یەك رەهەندی. ئێمە دەزانین کاتێك (مارکیوز) چوو بۆ ئەمریکا خۆی لە بەردەم نموونەی کۆمەڵگایەکی تەکنەلۆژیدا بینی، کۆمەڵگایەك کە تەکنەلۆژیا تێیدا باڵادەستە و کۆمەڵ و کەسان (تاکەکان)ی کردووەتە نموونەی ئامێر، وەك ئەوەی تەکنیك لە ئامێرەکانەوە چووبێتە نێو زمان و رەفتار و نێو کۆمەڵەوە. ئەو بە کەلتووری

**تەکنەلۆژیا توانیی مرۆڤی ئەمریکی و مرۆڤی رۆژاوایی وا بگونجێنێت کە واقیعی قبووڵ بێت و باسی واقیع بکات و پێشی وا بێت ئەوەی کە واقیعە هەر خۆی نموونەشە و هەر خۆشی هیوایە**


ئەڵمان رەخنەییانەی خۆیەوە کە بریتییە لە مارکسیزم و فرۆیدیزم و تا رادەیەك نیچیزم و هایدیگەریزم و هی دیکەوە، خۆی لە بەردەم کۆمەڵگایەکی میکانیکیدا دۆزییەوە کە خەوشی سەرەکیی ئەو یەك رەهەندیی ئەوە، یەك رەهەندییش لە لای مارکیوز قبووڵ کردنی واقیعە و قبووڵ کردنی ئەوەی کە هەیە بەوەی کە نموونەیە (ئایدیالە). بەڵام لەم کۆمەڵگا تەکنەلۆژییەدا، نە نموونەو یۆتۆپیا و نەشتێك هەیە، نموونە و یۆتۆپیا واقیعی شتەکەیە. تەکنەلۆژیا یان کۆمەڵگای تەکنەلۆژی توانیی مرۆڤی ئەمریکی و مرۆڤی رۆژاوایی وا بگونجێنێت،










که واقیعی قبووڵ بێت و باسی واقیع بکات و پێشی وا بێت ئەوەی کە واقیعە هەر خۆی نموونەشە و هەر خۆشـــی هیوایە. هەروەها دڵ و ناوجەرگــەی پەیوەندیی نێوان واقیع و نموونەیە. ئەمەش ڕەخنەیەکی رادیکاڵانەیە و هەر ئەویش توانیی کە شۆڕشـــی لاوان لە شەســـتەکان و کۆتایی هەفتاکان لە ئەورووپا و ئەمریـــکا و ڕەنگە لە هەمـــوو جیهانیش لە دەوری خـــۆی کۆ بکاتەوە. بۆ ئەمڕۆش هێشـــتا نموونەی شۆڕشە بە سەر وێناکانی


**لە نێو کولتووری عەرەبدا بە شێوەیەك لە شێوەکان هزری ڕۆژئاوا ڕەت دەکرێتەوە جۆرێك لە هەڵچوون و جۆرێك لە نارەزاییش هەیە**

تەکنەلۆژیادا. هەڵبەت هابرماس میراتگری ئەم کەلتوورەیە، هەرچەندە نوێکاریی زۆری لە تێگەیشتن و لە هەرەسکردن و لە بەکارهێنانیدا کرد، بەوەی ئەو کەلتوورەی هەرســـکرد کە درك بە هەمەجـــۆر تیۆریی پێکەوەڕۆیی و زمان و هی دیکەش دەکات، کە ئەو هەرسی کـــردوون، هەروەهـــا مۆرکی یاســـاییانە و ڕەهەندی مافناسانەی و چەمکی ڕەخنەشی فراوانتـــر کرد و بانگەشـــەی بۆ ڕزگاربوون لە چەمکـــی کلاســـیکیانەی عەقڵ کرد، عەقڵی ئەورووپـــی وەك عەقڵێکی ئامرازانە و ناپێکەوەڕۆ. ئەو داکۆکی لە پێکەوەڕۆیی و عەقڵی پێکەوەڕۆ دەکات و بانگەشـــە بۆ دەرچـــوون لە چەمکی خـــود یان چەمکی عەقڵی لە (کانت) بە میرات ماوە سەبارەت بە (دیـــکارت) دەکات. ئـــەو عەقڵەی کە ئامرازانە و داخراو و سەپێندراوە نەك عەقڵی پێکەوەڕۆ. لەبەر ئەوەی چەمکی نوێگەریی فراوان کـــرد و ڕەهەندێکـــی یۆتۆپیی پێدا تا ئـــەوەی بڵێ کە نوێخوازی هێشـــتا کارا نەکراوە، هێشتا گەلێك دەرهاویشتەی تێدایە و زۆر مژدە و بەڵێن و چاوەڕوانیی هەڵگرتووە، بـــە تایبەتی ئەگـــەر ئامـــرازە عەقڵمان بە پێکـــەوەڕۆ عەقڵ موتوربە کـــرد و ئەگەر چەمکەکانی خۆمـــان فراوانتر بکەین. ئێمە دەزانین کە هابرماس ڕەخنەی ســـەختی لە ڕەوتەکانی پاشەنوێخوازی لە فەرەنسا گرت بـــە تایبەتی لە ڕەوتگەلی فەلســـەفیانەی فۆکۆ و دۆلۆز و هی دیکەش، کە جۆرێك لە نەبوونایەتیی نیچەییان تێکەڵ کرد هەروەها ڕەت کردنـــەوەی نوێخوازی لە لایەن نیچەوە، کە گوتیـــان نوێخوازی و پاشـــەنوێخوازی کۆتاییـــان هاتووە. هابرمـــاس لە ڕوانگەی کلاسیزمانە یان عەقڵانیەتی کلاسیزمانەی خۆیـــەوە ئەوە بە پڕوپاگەندە دادەنێت، ئەو بە ڕەوتی پەشێوخوازی و نەبوونایەتی و ڕەوتی. مێژوویيانەیان دادەنێت، کـــە کەوتوونەتە بن کاریگەریی لێکدانەوەی مامۆســـتا نیچە و فرۆید و ئەم ڕەوتە نەبوونخوازانە. خۆ ڕەنگە هابرماس وەك جێگرەوە و نەوەی دوای ئەویش لەم کاتەدا بڵێن کە عەقڵانیەت یان نوێخوازیی بارگاوی بە عەقڵانیەت بە شێوەیەکی بەس بۆ خزمەت کردنـــی زاڵەکەی تێکەڵ کراوە، دەبـــێ بەرەڵڵا بکرێت و بکرێتـــەوە و فراوان بکرێت چونکە پرۆژەیەکی بێ کۆتاییە. هەر خۆشـــی دەڵێ نوێخـــوازی پرۆژەیەکە تەواو نەبووە، بە واتـــای ئەوەی پرۆژەیەکی مەودا فـــراوان و دوورخایەنە. ئێمـــەش لە جیهانی عەرەبدا پێویســـتمان بە ســـوود وەرگرتن لە هزری ڕۆژاوا و بە تایبەتی لە هزری ئەڵمانی هەیە، چونکە هزری ئەڵمانی پێشەنگە و بە بیرکردنەوەیەکی قوولی فەلسەفیانە لە پرسی نوێخوازی دەڕوانێت، ئەویش نەك لە گۆشەی فسیۆلۆژیانەی و نە لە گۆشەی ئابووییانەی و تەنانەت نە لە گۆشـــەی سیاسیانەیەوە بە تەنیا، بەڵکوو لـــە بنەماکانی هزرییانەیەوە، دەتوانم بڵێـــم بنەماکانی میتافیزیکیانەیەوە. پیاوەتیی هزری ئەڵمانی، هەڵبەت لێرەدا کە

**نوێخوازی هێشتا کارا نەکراوە، هێشتا گەلێك دەرهاویشتەی تێدایە و زۆر مژدە و بەڵێن و چاوەڕوانیی هەڵگرتووە، بە تایبەتی ئەگەر ئامرازی عەقڵمان بە پێکەوەڕۆ عەقڵ موتوربە کرد و ئەگەر چەمکەکانی خۆمان فراوانتر بکەین**


چووەتە نێو واتاکانـــی قووڵی نوێخوازییەوە، وەك وێنا کردنێکی جیهان و وەك وێنا کردنی بەژن و پێکهاتەی خودانە و عەقڵانیانەی و گۆڕینی ڕوانین بۆ جیهان و شتانی دیکەش کە لێرەدا بوار نییە بە درێژی باسی بکەین. فەیلەســـووفانی ئەڵمان چوونـــە قووڵایی فەلســـەفەی نوێخوازییەوە، ئەمەش شتێکی دەگمەنە لە مێژووی هـــزری مرۆڤایەتیدا، چونکە ئەمە لە نێو فەلســـەفەی فەرەنسیدا دەنگدانەوەی نییە، خۆ ڕەنگە لە فەلسەفەی فەرەنسی، هەروەها لە فەلسەفەی ئینگلیزیدا وەگـــەڕ خراوە. بەڵام ئەم هەمـــوو هەوڵدانە قووڵانەی فەلسەفە کە خاوەن مۆرکی










تایبەتن ئێمە لە جیهانی عەرەبدا لێیانەوە دوورین، تەنانەت لە وانەو واتاکانی قووڵی ئەوانیشەوە دوورین.


**گوڵان:** قسەمان لە رەخنەوە بۆ رۆڵی رۆشنبیر دەگوازینەوە. بە گوێرەی قوتابخانەی هابرماس دەبێ رۆشنبیر لە نێو فەزای گشتیدا بێت، بە گوێرەی تێگەیشتنم لە هابرماس پێم وایە ئەو داوا لە رۆشنبیر دەکات هاوسەنگی لە نێوانی تیۆری و کرداردا رابگرێت. محەمەد سەبیلای بیرمەند لە چوارچێوەی تیۆری و کردارەوە چۆن دەڕوانێتە رۆشنبیر؟ بە واتای ئەوەی رۆشنبیر چۆن دەتوانێ لە نێوانی تیۆری و کرداردا هەماهەنگی و گونجان بکات؟

**محەمەد سەبیلا:** بەڵێ، هابرماس میراتگری کەلتووری فرانکفۆرتیە، هەروەها ئەو تا رادەیەك مارکسییە. بۆیە ئەو باوەڕی بە رۆڵی بژاردە و رۆڵی بژاردەی رۆشنبیران هەیە، جا چ بژاردەی سیاسی بێت یان هی دی. بە شێوەیەکی سەرەکی باوەڕ بە رۆڵی بژاردەی رۆشنبری و رۆشنبیران یان ئەنتلجنسیا. هەڵبەت هابرماس لەگەڵ لێکدانەوەی کرداریانە یان حیزبیانەی مارکسیزمدا ناڕوات،... بە تایبەتی وەك ئەوەی لە مارکسیزمی ئیتاڵیدا دەیبینین لە لای (ئەنتۆنۆ گرامشی) کە باس لە رۆشنبیری ئۆرگانی دەکات بەوەی ئێشکگر و ماندووە. هابرماس تەرزە چەمکێکی رۆشنبیر و ئەنتلجنسیای لە مارکسی بە میرات بۆ ماوەتەوە بەڵام لەگەڵ لێکدانەوەی ریزپەڕانەش ناڕوات کە لە فەلسەفەی فەرەنسی ولە فەلسەفەی مارکسی و ئیتاڵیدا دۆزییەوە، کە ئاماژە دەکەن بەوە تا رادەیەك رۆشنبیر وەك ئەوەی پەیامبەر بیت. وەك ئەوەی پێشەنگێك بێت لە پێشەنگەکانی مێژوو، چونکە رەوتی دیکەی فەلسەفی و هزری هەن روونی دەکەنەوە کە رۆشنبیر بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و مرۆڤێکە یەکەم پابەندی مەرجی دیاری کراوی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و دەروونیشە، پێویستیی خۆی هەیە. بەم جۆرە هێشتنەوەی مۆرکی نموونەییانە و ئەفسانەییانەی رۆشنبیر و بە ئەفسانە کردنی ئەو، کە توانایان هەیە رۆڵی کارای مێژووییانە بگێڕێن، لەم حاڵەتەدا ئیدی هیوا و کار تەنیا لە گەردنی رۆشنبیر بەوەی دڵسۆزە مایەوە، وەك ئەوەی پەیامبەری رزگارکەر بێت یان ئەوەی خوداوەندی تازەیە کە رزگار بوونی لێ چاوەڕوان دەکرێت، بەوەی بە زرنگیی هزریانەی و توانای عەقڵیانەی خۆی دەتوانێ رێی بەرەو ئایندە بکێشێت و رێی بەرەو کۆمەڵگای چاوەڕوان کراو دیاری بکات. پێم وایە هەڵوێستی هابرماس لێرەدا زەرووڕەتی رزگار بوون لە بە ئەفسانە کردنی پێگەی رۆشنبیر و رۆڵ و کارایی رۆشنبیر داوا دەکات، بە هۆی ئەوەی کۆمەڵ پێویستی بە پێشەنگ و سەرکردەی تازە هەیە کە لە زۆر لە لایەن دەیبینێتەوە، هەروەها رەچاو کردنی مەرجە کۆمەڵایەتییەکانی رۆشنبیران بەوەی، نەك وەك ئەوەی (کارڵ مانهایم)

> **نوێخوازی هەڵگری وێنایەکی دیاری کراوە بۆ جیهان و بۆ مرۆڤ و بۆ مێژوو. ئەم وێنایەی نوێخوازی هێنای تا ئێستا لە کاردایە و هێشتا بەهێزە و تا ئەم کاتە ئامادەیە**

سۆسیۆلۆژیستی ئەڵمان کە ستایشی رۆڵی رۆشنبیری بێ رایەڵی و پەیوەندیی کرد، ئەمەش بەو مانایەی باسی رۆشنبیری بەدەر لە پەیوەندیی کردووە، واتە ئەو رۆشنبیرانەی لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی خۆیان ئازادن وەك باڵندەیەك کە بە هیچ هێزێکی راکێشانی موگناتیسانەی کۆمەڵایەتییەوە نەبەستراوەتەوە. بە بڕوای من بەم شێوەیە رۆشنبیر دەچێتە بابەتی بە ئەفسانە کردنی رۆشنبیر و رۆشنبیران و رۆڵی ئەوان. بەڵێ بیرۆکەی رۆشنبیر نیشانەیە بە پێداویستەکانی کۆمەڵ بە تایبەتی کۆمەڵگاکانی عەرەب و موسڵمان، هەروەها پێویستیان بە پێشەنگ و سەرکردەش هەیە بە نەریتی نوێخوازییانەوە. ئێمە دەزانین کە لە دەیان ساڵی ئەم دواییەدا تەنانەت سەرکردەگەلی سیاسی و هزریی نوێ یان نوێخوازانەش شێوان و لەوتان و چوونە گەمەیەکی دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ رژێمەکان و چوونە نێو مشتومڕ و شتانی هاوشێوەی ئەوەوە. من هەمیشە وتوومە کە پرسی ئیسلام و رۆڵی رۆشنبیر بەوەی گوزارشتە لە هیوا پتر لەوەی گوزارشت بێت لە واقیع، ئەو ڕەنگە گوزارشت بێت لە پێداویستی کۆمەڵایەتی. زۆر پێدوایستی کۆمەڵایەتی هەن پڕ نەکراونەتەوە چ لە لایەن زانایانی ئایینەوە بێت یان لە لایەن سیاسەتمەدارانەوە، یان ئەوەی سیاسەتمەداران بۆ خۆیان پیشەگەر و پراگماتی و سوودخوازن، لەوانەشە بڵێم هەلپەرستن. ئەم هیوایە بە رۆشنبیران سپێردراوە و پێشم وایە لەم پرسەدا هابرماس، چونکە لەم بابەتەدا هابرماس ئامادەیە. ئامادەبوونی هابرماس سوودی هەیە بۆمان تا سنوورێك بۆ شتانی نموونە (ئایدیال) دابنێین، واتە چوارچێوەی مۆرکی ئایدیالیستانە، یان ئەوەی چوارچێوەی










ئەفسانەی مۆرکی ئەفسانەی بە سەر ڕۆشنبیر و ڕۆڵەکەیدا سەپاند.

**گوڵان:** لە کتێبەکەدا (سووڕ گەکانی نوێخوازی) دەڵێی فەلسەفە تەنیا گەشتێك نییە بە ئاسمانی چەمکی ڕووتدا، هەروەها تەنیا ڕامان نییە لە چەمکی گەورەی وەك عەقڵ و ئازادی و چارەنووسی و هی دیکە، بەڵکوو ئەو هەروەها کرانەوەیە بە ڕووی واقیعدا بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتە و ڕەوتەکانی. پرسیاری ئێمە لەبارەی ئەم گوتەیەیە: کوانێ ڕۆشنبیری عەرەب لە ڕوانگەی ئەم گوتەیەوە؟

**محەمەد سەبیلا:** ڕۆشنبیر گەڕیدەی نێوانی ئەم گوتانەیە، چونکە چەندین نموونەی ڕۆشنبیری عەرەبمان هەیە، ڕۆشنبیری ئایدیۆلۆژیست هەیە و زۆریشن، جا چ ئەوانە بە ئایدیۆلۆژیستی ئایین بێت یان ئایدیۆلۆژیستی بۆ نموونە مارکسی یان نوێخوازی یان شتی دیکەی لەم جۆرە بێت، ڕۆشنبیران تا ڕادەیەکی زۆر بە ئایدیۆلۆژی کراون. ڕۆشنبیری سەربەخۆی ڕەخنەکاری هۆشیار بە ناچارییەکانی مێژوو، بە هەڵبژاردنی کەلتووری، ئەو ڕۆشنبیرەیە لە واقیعدا ڕۆشنبیرێکی سەرگەردانە، بە ڕادەیەکی زۆر ڕۆشنبیرە و کلۆڵیشە، یان ئەو گوزارشت کردنە لە کلۆڵیی هۆشیاری و بێداری. بۆ؟ چونکە کۆمەڵگا یان ململانێیەکانی کۆمەڵگای عەرەب (حیزبایەتی) و لاگیری بە سەریدا دەسەپێنێت کە سەربەخۆ نەبێت. یەکەم بە سەریدا دەسەپێنێت کە ئایدیۆلۆژی بێت. دووەم دەبێ گرووپاوی بێت یان ئەوەی بژاردەیەکی حیزبی و شتی لەو جۆرەی بە سەردا دەسەپێنێت. ئەگەر ئەوە بەجێ نەگەیەنێت ئەگەر قوربانی نەدات و ئەگەر مەرایی نەکات، دەبینی دەکەوێتە بەر تیری ڕەخنە و نکووڵی لێ کردن. بەدەست هێنانی توانای شرۆڤە کردنی ڕەخنەگرانە و مەیلداریی هزری، دەبێ دەست لە پرسگەلی مێژوویی و پرسگەلی وەك ئەوە. بێلایەنی بە واتای دانەخران بە خێرایی و لە پشتیوانییەکی بە پەلە بەو ئاراستە پراگماتییە یان ئەوی دی، بە ئەندازەی ئەوەی داوای لێ دەکرێت کە ڕەچاوی بەرژەوەندیی مێژوو یان بەرژەوەندیی عەقڵ بکات. وەك چۆن هیگل دەیگوت، فەلسەفە یان هۆشیاریی فەلسەفی گەورەترین و قووڵترین گوزارشتە لە هۆشیاریی مێژوویی، یان ئەوەی فەلسەفە هەر خودی خۆی چاخ و سەردەمە لە ڕێی هزرەوە. هەربۆیە ڕۆشنبیری ڕاستەقینە، ئەگەر دەرفەت هەبێت بۆ دروست بوونی ڕۆشنبیری ڕاستەقینە کە بەر حوکمی ئەم جۆرە مەرجە توند و گردەبڕانە نەبێت، ئەوا ئەوە بە قووڵی بیر لەواقیع دەکاتەوە. وەك نموونەیەك بۆ ئەم پرسە باسی دیاردەیەك دەکەم کە زۆر چاك پێی ئاشنام، چونکە تایبەتە بە کەلتووری مەغریب، ئەویش ئەوەیە ڕۆشنبیرانی گەورە دەستیان هەڵگرت، واتە ئەوەی بۆچوونی سیاسیی تەسکی حیزباتییان کردە نێو دوو کەوانەوە، چوونە نێو ڕیزی بیرکردنەوە لە پرسی مەزن کە ئەوەی واقیع و هزر تێکەڵ دەکات. بۆ نموونە پرسی نوێخوازی، ئەو بە ڕواڵەت پرسێکی هزریی ڕووتە، بەڵام لە قووڵایی بیرکردنەوە لە نوێخوازی، بیرکردنەوە لەواقیع، یان بیرکردنەوە لەو میکانیزمانەی کە واقیعی نوێخوازی چۆن بەدی دێت؟ نوێخوازی چ پەیوەندییەکی بە نەریتخوازییەوە هەیە؟ پەیوەندیی عەقڵی نەریتی بە عەقڵی نوێخوازییەوە چییە؟ ئەو پرسانەی ڕۆشنبیران و فەیلەسووفانی ئێمە لێرە لە مەغریبدا باسیان دەکەن بیرکردنەوەیە لەواقیع، چونکە هیچ دەرەتانێك لە بەردەم ڕۆشنبیری ڕاستەقینەدا نییە، بێجگە لەوەی بیر لە لەواقیع بکەنەوە، یان ئەوەی هەردوو واقیع و هزر ئاوێتە بە یەك بکات و شت لە بەخششی بیری جیهانی بە بێ گرێ و گۆڵ وەربگرێت و بیریش لەواقیع بکاتەوە، چونکە ئەوبیرۆکانە هیچ بەهایەکیان نابێت ئەگەر بۆ تێگەیشتن لە واقیع نەخرێنە گەڕ هەروەها بۆ بەردانی ڕۆشنایی بە سەر واقیعی کۆمەڵایەتی و ژیانی کۆمەڵگاکانی عەرەب بەکار نەیەن. ڕۆشنبیر هەردەم لە کۆمەڵگای زیندوو دەمێنێتەوە، ئەویش هەرچەندی گرێدراوی کاروباری گشتی و ئێستا و دیرۆك بوو، هەروەها بە گەشبینییەکانی ئێستاوە، بەڵام ئامادەبوونی مێژووییانە بۆ شموولییەکان نییە کە وای دابنێن کە مێژوو ململانێیە بەرەو ئایندە لە پێناو بەدەست هێنانی نوێخوازیی زیاتر و لە پێناو بەدی هێنانی پێشکەوتنی زیاتر و لە پێناو دابین کردنی بەشی زیاتر لە عەقڵ و کەلتوور بۆ کۆمەڵ

> **پۆست مۆدێرنیتە ڕەت کردنەوەی مۆدێرنیتە نییە. هەرگیز، بەڵکوو پێداچوونەوەیە بە هەندێك لە گۆشە و کەنارەکانی کە گەڵاڵە کراون. یان ڕواڵەتی بتانەیدا!**

**گوڵان:** دەگەڕێینەوە سەر دەستەواژەکەی هیدیگەر (لەگەڵ و دژ)، وەك ئەوەی بەڕێزیش دەیزانن هابرماس ئەم دەستەواژەیەی بەکار هێناوە هەروەها کارل ئەتۆبلیش.

ئێمە لێرەدا نە مەبەستم کارل ئەتویلە و نە هابرماس، بەڵکو دەمەوێ بڵێم ئێمە ئەگەر ئەم دەستەواژەیەی هیدیگەر (لەگەڵ و دژ) بە سەر کۆمەڵگاکانی عەرەب و موسڵماندا پیادەمان کرد، ئاخۆ بە رای تۆ ئێمە لەگەڵ کێ و دژی کێین؟

**محەمەد سەبیلا:** ئەم (لەگەڵ و دژ)ە لە رۆشنبیری ئێمەدا واتایەکی حیزبی دەگرێتە خۆ. لاگیریی تێدایە (یان و یان، ئەم یان ئەو) ئەو ئاستە هزرییەی کە هەر یەك لە هابرماس و هایدگەر بنەمایەکی پێ دەخەنە روو، بە لای کەمەوە باسی ئەو هەڵوێستە گردەبڕانە (لەگەڵ یان دژ) ناکەن. ئەو هەمیشە وای دادەنێت کە هەموو شتێك دژەکەی تێدا دەبینێتەوە، ئەو بۆ نموونە لە کەلەپوور و لە




رابردوودا شتێکی دابڕاو نابینێت کە دەبێ دژی بوەستین و رەتی بکەینەوە، بەڵکوو لای وایە شتێکی بەردەوامە، لە نێو ئێمەدا بەردەوامە لە ژیان و چەمکەکانماندا، لە کەلتوورماندا، ئەو هەمیشە ئامادە دەبێت، هەروەها ئایندەش ئامادە نەبووە بە تەواوی بەڵکوو ئەو بەرێوەیە. بە هەر حاڵ من لە رێی خوێندنەوەم بۆ هایدیگەر هیچ نا لە رووی گریمانەوە، باسی ئایندەی کرد بەوەی کە دێت کە هێشتا جێگیر نەبووە. هایدیگەر و زۆر لە چەمکەکانی و فەلسەفەکەی هەمووی بەندە بە تێکەڵ کردنی دەرهاویشتەی کاتی و دەرهاویشتەی هاتوو یان چاوەڕوان کراو، ئەو لەو چەشنە نییە کە ئەو جۆرە هەڵوێستە توندەی هەبێت. ئەوە سەبارەت بە ئێمەی عەرەب رەنگە سیاسەتاندن بێت و کاریگەریی نەرێنی بێت یان سیاساندنی ململانێی کۆمەڵایەتییە بە تایبەتی لە ژێر کاریگەریی تیۆرییەکانی حیزبیدا یان حیزبایەتیدا کەوا پێویست مرۆڤ لەگەڵ یان دژ بێت. دەبێ لە رێی چەمکی هایدیگەر و هابرماسەوە، ئێمە (لەگەڵ و دژ) بین، یان ئەوەی شتانێك هەن ئێمەی لەگەڵیانین و شتانێکیش هەن ئێمە دژیانین، نەك وەك ئەو هەڵوێستە توند و تەسکەی مێژوو دەکاتە دوو بەش (بەر لەوە و پاش ئەوە). بە داخەوە ئەو وەرگێرانی فەلسەفەی ئەڵمانی خراپتری دەکات، ئەو لە بنچینەدا قووڵ و ورد و بە زمانی دی زۆر بەرز و ورد گوزارشتیان لێ کراوە، بە داخەوە وەرگێرانی عەرەبیی خراپ و زیانبەخشە، ئەوەش بوو پێشتر ئاماژەم پێ کرد، کە بە گشتی ترس و تۆقینێك لە کەلتوور و فەلسەفەی رۆژاوا هەیە لەنێو کەلتووری عەرەبیماندا، جا بە شێواندنی وەرگێرانەکان بێت یان ناوردبییان یان رەچاو نەکردنی لێکدانەوەی واتاکانی نێویان

**گوڵان:** بە پێی ئەوەی گوتت، گەیشتینە ئەوەی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی پێویستی بە رەخنە و رەخنە گرتنە لە عەقڵ، دەمەوێ لە فەیلەسووف محەمەد سەبیلا بپرسم ئاخۆ پرۆسەی رەخنە گرتن لە عەقڵ لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا چییە؟

**محەمەد سەبیلا:** تۆ دەزانی جیهانی عەرەب و ئیسلام لە سەدەی نۆزدەوە کەوتە باری تێکەڵ بوون لەگەڵ رۆژاوا وگۆڕانەکانی، بە دەسپێك لەوەی لە دەوڵەتی عوسمانی بە چاکسازی ناسرا و داوا لە رۆژاواش کرا چاکسازی بکات، جیهانی عەرەب کەوتە ئەو کارلێککارییەوە، جاری وا هەبووە ئەو کارلێکە هێواش بووە، جاری واش هەبوو خێرا بووە، جاری وا هەبوو روووکەش و جاری واش هەبووە قووڵ،لەگەڵ هاوردە کردنی تەکنیکی جۆراوجۆر لەگەڵ هەوڵی گرتنە خۆی هاوشان لەگەڵ رێڕەوی زانست، لەگەڵ گۆڕانی رۆشنبیری بە تایبەتی وەرگرتن لەبواری سیاسی و دەستوور و پەرلەمان و ماف و شتی دیکەوە. بەڵام وا دیارە سێ ئاست هەبوون کە بوونە مایەی بەرەو پێش چوونی ئەو وەرچەرخانانە، رەنگە ئاستی

**لە نێو ئەو شتانەی کە لە جیهانی عەرەبدا نارۆشنییەکی جەماوەرانەی تێدایە. ئەو ترسەیە لە نوێخوازی و پاشنوێخوازی**

**لە نێو کولتووری عەرەبدا بە شێوەیەك لە شێوەکان هزری رۆژاوا رەت دەکرێتەوە. جۆرێك لە هەڵچوون و جۆرێك لە نارەزایشی هەیە ئەوجا چ لە رێی وەرگێڕانەوە بێت یان لە رێی تێگەیشتنەوە**

تەکنیکەکە خێرا بوو بێت، لە سەرەتادا هێنان و وەرگرتن و بەکارهێنانی تەکنیك زەحمەت بوو، یان بە هۆی نەریت یان بە گومانی ئایینی کە درایە پاڵی ئێمە دەزانین کە زانایانی ئایینی لە سەرەتاوە هەموو جۆرە تازەگەرییەکی تەکنیکییان رەت دەکردەوە کە ئیدی لەمرۆ بە دواوە کەس مشتومڕ لەبارەی ئینتەرنێتەوە ناکات هەروەها مانگی دەستکرد و شتی دیکە. نوێگەریی تەکنیکی زوو دزە دەکات. نوێگەریی سیاسی دوای چاوەڕوانییەکی زۆر لە قۆناغی گواستنەوەدایە بۆ جیهانی عەرەبی و ئیسلامی ئەویش لە پاش تەگەرە و لە پاش ئەوەی گوترا کە شوورای دیموکراسی رەت دەکاتەوە، دەشزانین ئەمڕۆ حیزبە ئیسلامییەکان لەبارەی دیموکراسییەوە موزایەدە دەکەن و پەرۆشیی خۆیان بۆ دیموکراسی دەردەبڕن. ئاستی سێیەم: لە هەموو ئاستەکان قووڵتر و زەحمەتترە،ئەویش ئاستی هزری یە، تێکەڵ بوونی کۆمەڵگاکانی عەرەب و ئیسلام لەگەڵ کۆمەڵگاکانی مۆدێرنی رۆژاوا. ئەوان تەکنیکی نوێیان وەرگرت بەڵام ئاستی فەلسەفە وهزر رەت دەکەنەوە، تا ئێستا هزری نەریتی زاڵە و بەهێزە و رەتی دەکاتەوە. کاتێك دەڵێن عەقڵی نوێ، عەقڵی نوێ عەقڵێکی هەڵوەشێنەر وشرۆڤەکارە، کەلەپوور و شتانی باو شرۆڤە دەکات، ئەوەی بەلای عەوامەوە و دەستەی نەریتییەوە دەسکەوتی مێژووین و لێبراون ئەو شرۆڤەیان دەکات. عەقڵی نوێ عەقڵێکی رەخنەگرانەیە ئەو شتانە هەڵدەوەشێنێتەوە و داوا دەکات پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت داوای نوێ کردنەوەی حوکمەکان دەکات لەبەری چاك کردنەوەیان، داوای پلەبەندی و رەخنە دەکات هەروەها وەلاوەنانی وەهمەکان. پرۆسەکە زەحمەتە وا دیارە کەلتووری عەرەب وەری ناگرێت و نایەوێ وەری بگرێت. کەلتووری عەرەبیی ئیسلامی تا ئێستا نوێ رەت دەکاتەوە، ئەو تەکنیکی نوێی قبووڵە رێکخستنی نوێی سیاسیی

**لە جیهانی عەرەبدا پێویستمان بە سوود وەرگرتن لە هزری رۆژاوا و بە تایبەتی لە هزری ئەڵمانی هەیە، چونکە هزری ئەڵمانی پێشەنگە و بە بیرکردنەوەیەکی قووڵی فەلسەفیانە لە پرسی نوێخوازی دەڕوانێت**

قبوولە بەڵام کەلتووری نوێی عەقڵانی رەت دەکاتەوە. ئەو بۆ نموونە، کە بەشێکە لە کەلتووری دیموکراسی. کەلتووری دیموکراسی بنەمای کەلتووری نوێخوازییە. بە شێوەیەکی گشتی هزرییە: عەقڵانییە، رووناکە، رێژەییە، بەوەی مرۆڤ بە بوونەوەری ناوەندی دادەندرێت و مێژوو وەك بەرهەم کارلێکی جۆربەجۆرە. گۆڕانی هزری و کەلتووری تا ئێستا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، خۆ رەنگە لەپڕ هەستەوەریی گشتی بێت. لە قوناغێکدا لە میسر شاڵاوی هزر سەرهەڵدەدات لە قۆناغێکی دی لە توونس و لە مەغریب. بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی عەرەب فەلسەفە رەت دەکرێتەوە، عەقڵ رەت دەکرێتەوە، عەقڵ بە واتای رەخنەی قووڵ.

**گولان:** لەم قۆناخە مێژووییەدا میدیاش رۆڵێکی گرنگ بۆ پێکگەیاندن دەگێڕێت، بە تایبەتی کە ئێستا تۆڕەکانی پێکگەیاندنی کۆمەڵایەتی وەك تویتەر و فەیسبووك هاتۆتە ئاراوە،ئایا تاچەند ئەم هۆکارانە تازانە کاریگەری لەسەر کارلێك و بەردەوامی لە کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامیدا هەیە و ئایا چۆن کۆمەڵگەکانی عەرەبی و ئیسلامی سوود لەم قۆناخە تازەیە وەردەگرن؟

**محەمەد سەبیلا:** ئەوەی ناویان لێناوە پێشکەوتنی گەورە لەبواری راگەیاندن، من ناوی دەنێم شۆڕشی زانیارییەکان لە فەلسەفەی پێکەوەرۆ هاوچەرخدا و درێژەپێدەری شۆڕشە زانستیەکانە وەك شۆڕشی کۆپەرنیکۆس، شۆڕشی نیوتن و شۆڕشی داروین و تیکرای شۆڕشە زانستیەکانی دیکە، کەمێژووی مرۆڤایەتی پێدا تێپەڕیوە، بۆیە شۆڕشی تەکنەلۆژیاش بۆ راگەیاندنی هاوچەرخمان ئەویش یەکێکە لەو شۆڕشە زانستیانە و درێژە پێدەریانە، بۆیە بەمانای وشە شۆڕشە، واتە گۆڕانکارییە، بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەو گۆڕانکارییەی لە ئامێرەکان هاتوونە ئاراوە و ئێستا لە وڵاتانی عەرەب و موسڵمانان بونیان هەیە، دەتوانن گۆڕانێك لە کۆمەڵگەو مێژوو دروست بکەن؟ بێگومان ئەمە گرەوێکە دەکەویتە سەرشانی ئەو دەستەبژێرەی لە هۆیەکانی راگەیاندندا کاردەکەن، ئەم هۆکارانەی راگەیاندن ئێستا لەلایەن سەرمایەدار و دەستەکان و یان دەوڵەتانی خۆپاریز و دەوڵەتانی پەترۆڵی خۆپاریزە خاوەنداریەتی دەکرێن، بۆیە پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم تەکنەلۆژیای راگەیاندنەش، وەك تەکنەلۆژییەکانی دیکە بەکاردەهێنرین بۆ خزمەتی نەریت و خزمەتی سەپاندنی سیاسەتی نەریتگەراییەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکان لەشوێنی خۆیان هەر بمێننەوە؟ بەڵام دیسان ئەم مەسەلەیە روویەکی دیکەشی هەیە کە دەکرێت گرەوی لەسەر بکرێت، کە لەوانەیە توێژێکی خوێندەواری تازە کە ئاشنان بەرۆشنبیری نوێخوازی و ئەو قۆناخە مێژووییە تێدەگەن کە تێدیا دەژین، هەروەها لە پێداویستیەکانی نوێخوازی و نوێبوونەوە تێدەگەن، ئەمەش گریمانەی ئەوەی لێدەکرێت، ئەگەر بەمجۆرە بەکار بێت کاریگەری گەورەی لەسەر ئاگادارکردنەوە و لەسەر کارلێك و پێکەوەرۆی کۆمەڵایەتی دەبێت.هەروەك لە شۆڕشەکانی عەرەبی بینیمان، کەتوانی زەمینە سازی بۆ هاندان و ئامادەکردنی جەماوەری عەرەبی بەرەو خەباتێکی سیاسیی رێکبخات بۆ رووبەڕووبونەوەی رژێمە سەرکوتکارەکان بەتایبەتی لەوڵاتانی عەرەبیدا، بۆیە من دڵێم ئەو رۆڵەی تەکنەلۆژیای راگەیاندن لەسەر ئاستی جووڵاندنی جەماوەریی گێڕای، دەکرێت بۆ لایەنی وەرچەرخانی فیکری و رۆشنبیری بگێڕیت، لەوەرچەرخانی هەستیاری بۆ زیاتر وەرگرتنی نویخوازی و نوێبوونەوە و پێشکەوتن بیگێڕێت، بۆیە ئەگەر تەکنەلۆژیا هەتا ئێستا بەکار هاتبێت بۆ چەسپاندنی سیاسەتی نەریتگەرای و چەسپاندنی نەریتگەرایی، ئەوا دەستەبژێری تازەی راگەیاندکار و رۆشنبیرانی تازە،دەتوانن رۆڵێکی مێژوویی گەورە بەم تەکنەلۆژیایە بگێڕن بۆ رۆشنگەری و کرانەوە و ئەقڵانیەت و دەرگای کۆمەڵگە والآ بکەن بۆ رۆشنگەری فیکری هاوچەرخ.

**ئێمە تا ئێستا لە دنیای یەك واتا و یەك بیروکە و یەك جیهان و یەك رەوتدا دەژین**

**گولان:** بەڵام لەم قۆناخەی ئێستا پێدا تێدەپەڕین، ئێستا کێشەیەکی گەورەی وەك کێشەی سوریا هەیە، رژێمی ئەسەد رۆژ لەدوای رۆژ ئاستی توندوتیژییەکانی دژی گەلی سوریا زیاتر دەکات، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی عەرەبی دەستەوەستان بەدیار سوریاوە راوەستاون، ئۆپۆزسیۆنی سوریا لە ئاستی ئەو کارەستە نییە بتوانێت شتێك بکات، بۆیە دەمەوێت لێت بپرسم تۆ چۆن بارودۆخی ئێستای سوریا دەخوێنیتەوە؟

**محەمەد سەبیلا:** بەراستی بارودۆخی سوریا زۆر ئالۆزە، مرۆڤ هیچی پێ نییە بیڵێت بێجگە لەوەی لە هۆیەکانی راگەیاندنەوە گوێ بیستی دەبین، بەڵام بێگومان بارودۆخە بارێکی دراماتیکیە، خۆی لە کوشتنی




رۆژانە بەرجەستە دەکات،هەروەها هەندێك هێزی نێودەوڵەتی هەیە کە دەیانەوێت رژێمی سوریا بروخێنن، بەڵام هێزی دیکەش هەن تەحەفوزیان لەسەری هەیە، ئێستا ململانێی بەرژەوەندییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەیە و لەهەمانکاتدا گەلی سوریاش رۆژانە رووبەرووی کوشتن و توندو تیژی دەبنەوە، ئەم بارەش لەرووی ئاستی توندوتیژییەوە ئاستی توندوتیژی بارودۆخی لیبیای تێپەڕاندووە، بۆیە پێویستە هەموو سەرکوتکارییەکی سیاسیی کۆتایی پێبێت. ئەو دروشمە قەومی وشتی لەم بابەتە کە گۆڕانی پێدا هەڵدەدرێت هۆکاری نەهامەتیە، ئێوەش ئەمە دەزانن و ئێمەش ئەمە دەزانین، کوردیش بەدەست ئەم سیاسەتەوە زۆری چەشتووە.

# پەیامی پێغەمبەران، بۆ گۆڕینی ناخ و گۆڕانکاریی ئاشتیخوازانەیە



عەبدولڕەحمان سدیق

پەیامی گشت پێغەمبەران لەخاڵێکی سەرەکیدا یەکدەگرنەوە کــە گۆڕینی ناخی مرۆڤەکان و ئەنجامدانی گۆڕانکاریی ئاشتیخوازانەیە لەنێو کۆمەڵگەدا، بەمەبەستی بڵندکردنی مرۆڤەکان بۆ شــوێنی شــایان بە مرۆڤایەتیی. بۆیە کە (ئیبراهیم)هات بتەکانی شکاندو، فێری کردین کە ئیدی نەوەستین لە حزوری ئەو شتانەی، ئەو بیردۆزانەی، ئەو میکانیزمانەی کە بەدەستــی خۆمان بۆ ساڵێك دایدەهێنین، کەچی دواتر سەد ساڵ گیرۆدە دەبین بە دەستیانەوە.

(ئیبراهیم) سەلامی خوای لەسەر پێی گوتین کە وابەستەی قاڵبە ئامادەکراوەکانی پێش سەدان ســاڵ نەبین، ئەو فێری کردین کە هەر شتێك، هەر بیرۆکەیەك نە ســوودی هەبێت و نە زیان، ئیدی ئەوە بتێکە لە بتەکان، جا لە سیاســەتدا بێت یان ئابووری یان پەروەردەو فێرکردن.

کە (موســا)هات ســەلامی خوای لەسەر، داوای لێکردیــن چاوەکانمــان تیژتر بڕوانن و، نەکەونە داوی ئەو ســاحیرو جادوگەرانەی کە سیحر لە چاوەکانمان دەکەن و، ڕەشمان بە سپی پێ نیشــان دەدەن و، گوریــس و دارمان بەمار بۆ وێنا دەکەن. ئەو پێمان دەڵێت: ئەوە گوریسە ڕزیوەکانی ساحیرانەو، ئەوەش دارە ساختەکانی جادوکەرانە، ئەوانە کاریان لە چاوی ئێوە کردووەو، ئەوەی دەیبینن خەیاڵە نەك ڕاستییەکان.

ئەو پێی گوتین کە ســاحیرو دەجالەکانی دژ بەمرۆڤایەتیــی ئاگرمان بە ئاو بۆ وێنا دەکەن و، دەیانەوێــت وەك ئەوان بــە تەنیا چاوێك لە شتەکان بڕوانین.

کە (عیسا)ســەلامی خوای لەســەر، هات، بەدەستی پیرۆزی نەخۆشەکانی چاك دەکردەوەو، شیفای لەخوا بۆ داوا دەکردن.

(عیسا)سەلامی خوای لەسەر، مردووەکانی بە فرمانی خودا زیندوو دەکردەوە.

ئەو لە بێشــکەدا قسەی کردو، ئەو خوانێکی بۆ خەڵکی دابەزاند بە فرمانی خودا.

پەیامی (عیســا) ســەلامی خوای لەسەر، فێرمان دەکات کە نەخۆشە زۆرو بێ کەسەکانی ســەردەم مافی ئەوەیان هەیــە ژیانێکی باش و جەســتەیەکی ســاغیان هەبێت، زۆرێك لە مرۆڤە بەلاشە زیندوو بە ڕۆح و ویژدان مردوو پێویستییان بە زیندووکردنەوە هەیە.

لەو ئەوە فێربووین کە مرۆڤایەتی پیر لە بیرو فکرو کردەوەدا پێویســتییان بە کەسێکی نوێیە، نەوەیەکی نوێیە، نەوەیەك لە بێشــکەدایە بەڵام قســەی پێیە بۆ گەورە چەق بەســتووەکان، لە ئەو فێر بووین کە لە دەرەوەی خوانێکدا ئەوڵ و ئاخیرمان کۆبینەوەو کۆبونەوەمان بکەینە جەژنی تەبایی و بەیەك گەیشــتن و لەیەك گەیشتن و پردی پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکان.

کە (موحەمەد)درووودی خوای لەسەر، هات، پێ ڕاگەیاندیــن کە ئەو دوا پەیامبەرەو ئیدی لە دوای ئەو پەیامبەرێکی دی نایەت، بەمەش فێری کردین کە ئیدی مرۆڤایەتی پێگەیشتتووە پێویســتی بە پەیامەکەی ئەوەو، پەیامەکەی ئەویش کۆکەرەوەو تەواوکاری پەیامەکانی پێش خۆیەتی و، پەیامەکــەی بەفرمانی (بخوێنە) دەســتی پێکردو، بەمەش پەیامی ئەو پەیامی خوێنــدن و خوێندنەوەیە، پەیامی پیرۆز کردنی زانست و پێنووسە.

ئــەو درودی خــوای لەســەر، بتەکانی بۆ تا هەتایە شــکاندو، بە نووری ئیمان ســیحرو جــادووی چاو بەســتنی پوچەڵ کــردووەو، ژیانێکی کردە گیانی مرۆڤایەتی و، گیانێکی نوێشــی بەخشــییە ژیانی ئادەمیزادو، فێری کردین بەناوی خودا بخوێنین و، ڕێز لە پێنووس بگرین، لە بێشــکەوە تا مردن بەدوای زانست و مەعریفەدا بین.

# لە پەراوێزی یادکردنەوەی 91 ساڵەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی سوپای عیراقدا

دە رۆژ لەمەوبەر عیراقییەکان یادی ٩١ ساڵەی دامەزراندنی سوپای عیراقیان کردەوە. بەتایبەتی ئەمساڵ، لەبەغدا نمایشێکی گەورەی سوپا کرا کەیەکەم نمایشە پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعیراق و یەکەم نمایشیشە پاش ٩ ساڵ لەڕوخانی رژێمی پێشوو. نمایشی سوپاو یادکردنەوەی ساڵیادی دامەزراندنی لەعیراق و لەهەر وڵاتێکی تر شتێکی ئاساییەو نەریتێکی کارپێکراوە، بەڵام ئەم مەسەلەیە، ئەوەندەی کەپێوەندیی بەعیراقەوە هەیە، دوو تێبینی هەڵدەگرێ:

یەکێکیان ئەوەیە کە لەعیراق یادی سوپایەك دەکرێتەوە کەنەماوە. ئەو سوپایەی کەرۆژی دامەزراندنی کراوەتە پشوی فەرمی و ساڵانە یادی دەکرێتەوە، لەساڵی ٢٠٠٣ بەبڕیاری فەرمانڕەوای مەدەنیی ئەمریکا لەعیراق پۆل بریمەرو بەڕەزامەندیی زۆربەی لایەنە سیاسییەکان هەڵوەشێنرایەوەو عیراق لانی کەم تا ساڵ و نیوێك بەبێ سوپا مایەوە. لەبەر ئەوە، یادکردنەوەی ساڵیادی دامەزراندنی ئەو سوپایە هیچ مانایەکی نییە.

دووەمیان ئەوەیە کە لەعیراق یادی سوپایەك دەکرێتەوە کەتاوانی بەرامبەر بەگەلەکەی خۆی کردووە ئەگەر هەشت ساڵی شەڕی عیراق- ئێرانی لێ دەرکەین، ئەم سوپایە ئەوەندەی لەهاووڵاتییانی خۆی کوشتووە، ئەوەندەی لەدوژمن نەکوشتووە. هەر ئەم سوپایەشە کە ساڵی ١٩٣٦ وەزیری بەرگریی خۆی کوشت و دواتریش لەساڵی ١٩٥٨دا پاشای خۆی و پاش ئەمە بەپێنج ساڵ لەوەزیری بەرگری و سەرەك وەزیرانی خۆی هەڵگەڕایەوەو کوشتنی.


لەکوردستان کەس بروانامەی ئەستۆپاکی بەسوپای عیراق نابەخشێ. مێژووی سوپای عیراق لەساڵی ١٩٦١ بەدواوە، مێژووی ریزە تاوانێکی جەنگ و تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی و تاوانی جینۆسایدە لەکوردستاندا. لەسەر دەستی ئەم سوپایە کورد کیمیاباران کران و گوندەکانیان وێران کران. ساڵی ١٩٨٩ ژمارەی گوندی ئاوەدان لەکوردستاندا لەپەنجا گوند تێنەدەپەڕی، لەکاتێکدا لەساڵی ١٩٧٧دا کوردستان نزیکەی ٤٥٠٠ گوندی هەبوو.

سوپای عیراق هەر بەکوشتنی کورد دانەکەوتووە، بەڵکو زۆری لەشیعەش کوشتووە، بەتایبەتی لەساڵی ١٩٩١. لەم سۆنگەیەوە، یادکردنەوەی ساڵیادی دامەزراندنی سوپای عیراق یەك مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە کەئەو سوپایەی ئەمڕۆ لەعیراقدا هەیەو سەرەك وەزیران نوری مالیکی بەپێی ماددەی ٧٨ی دەستور بەفەرماندەی گشتیی دەژمێردرێ، درێژەپێدانی هەمان سوپایە کە لەساڵی ١٩٢١دامەزراوە. بەکردەوە، دانانی سوپای ئێستای عیراق بەدرێژەپێدانی سوپای پێشوو هیچ شانازییەکی بۆ تۆمار ناکاو لەڕاستیدا دانانی ئەو سوپایە بەدرێژەپێدانی سوپای ١٩٢١ مایەی شەرمەزارییە نەك شانازی پێوە کردن.

دەبوایە چینی سیاسیی تازەی عیراق پەی بەوە بەرێ کەعیراقی تازە پێویستی بەوە نییە سوپاکەی بەتۆماری پڕ بەزین و تاوانی سوپای پێشووەوە ببەستێتەوە. ئەگەرچی هەردوو سوپا لەسەر دەستی بێگانە دروست کراون، سوپای ١٩٢١ لەسەر دەستی بریتانیاو سوپای پاش ٢٠٠٣ لەسەر دەستی ئەمریکا، بەڵام جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەرکەکانیان هەیە. سوپای ١٩٢١ لەبنەڕەتدا بۆ پاراستنی دەوڵەت لەجموجوڵی کوردو شیعە دامەزراوەو ئەرکەکەی سەرکوت کردنی گەل بووە، لەکاتێکدا سوپای پاش ٢٠٠٣ لەڕووی تیۆرییەوە بۆ پاراستنی دیموکراسی دامەزراوەو دەستوری ٢٠٠٥ ئەو مافەی لەدەسەڵاتی راپەڕاندن سەندۆتەوە کەسوپا بۆ سەرکوتکردنی گەل بەکار بهێنێ و هیچ رۆڵێکیشی لەبواری دەستاوەدەست کردنی دەسەڵاتدا بەو سوپایە نەبەخشیوە.

لەکوردستاندا ناتوانین سوپای جینۆسایدو چەکی کیمیایی بەسوپای خۆمان بزانین. بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئەم سوپایەی ئێستا درێژەپێدانی ئەو بێ، وەك سیاسەتی فەرمیی دەوڵەت بانگهێشتی بۆ دەکا، دەبێ میتۆدی بیرکردنەوەکە کەموکوڕیی تێدا بێ. هەر بۆ نموونە، لەڕوسیا کۆمۆنیستەکان پاش ئەوەی لەساڵی ١٩١٧ دەسەڵاتیان گرتە دەست، سوپای سوریان پێکهێناو نەفرەتیان لەسوپای سەردەمی قەیسەر کرد. روسەی لیبراڵەکانی ئەمڕۆ یادی سوپای سوری کۆمۆنیستەکان ناکەنەوە. لەئێرانیش، ئێرانییەکان لەساڵی ١٩٧٩دا پاش روخانی رژێمی شا هەموو پێوەندییەکیان لەگەڵ سوپای سەردەمی پاشایەتی پچڕاند.

ئەمە بەم مانایە دێ کە یادکردنەوەی ٩١ ساڵەی سوپای عیراق هیچ مانایەکی نییە. عیراق تاکە وڵاتە لەجیهاندا کەهەموو ساڵ یادی سوپایەکی مردوو دەکاتەوە.



فەرید ئەسەسەرد



سەرۆک بارزانی بارودۆخی ئێستای عێراقی بە ترسناکترین بارودۆخ وەسف کردووە، بێگومان ئەمە راستە چونکە ئەم جارە حزبی دەسەڵاتدار خەڵک هان و جۆش دەدات و دەیانەوێ بیکەن بە شەڕێکی تائیفی

سالَح موتڵەگ جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ گوڵان:

# بۆ ئەوەی عێراق بە یەکگرتوویی بمینێتەوە باشترین چارەسەر بریتییە لە سەندنەوەی متمانە لە حکومەت



سالَح موتڵەگ جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری خزمەتگوزاری لەم دیمانەی گوڵاندا باس لەو مەترسیانە دەکات کە رووبەرووی پرۆسەی سیاسی و حکومی دەبێتەوە و هاوکات هاوڕایە لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی ســەرۆك بارزانی و پێی وایە عێراق بەترسناکترین قۆناغەکانی تێپەڕ دەبێت و ئێستا کوردو عەرەب و تورکمان و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق ترسیان لە داهاتووی ئەم وڵاتە هەیە، ئەمەش بەهۆی ویســتی تاکڕەوی. ســەبارەت بەو کۆنگرە نیشتمانییە گشتیە چاوەڕوانکراوەی کە ئێستا ئامادەکاری بۆ بەستنی دەکرێت جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق وتی : (بەبێ ئامادەبوونی بەڕێزان مســعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و موقتەدا ســەدر لەو کۆنگرەیە دا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت. )تەنانەت ئەوەشی راگەیاند کە ئەگەر کۆنگرە کۆبوونەوەیەك بێت بۆ نیفاقی سیاسی ئەوا ئامادە نابێت .بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم مەسەلانەی کە داهاتووی پرۆسەی سیاسی عێراقی پێوەی بەندە، ئەم پرسانەمان رووبەرووی بەڕێزیان کردەوە کە بەسوپاسەوە بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوەو ئەمە دەقەکەیەتی.

گوڵان- هەولێر

*** تێڕوانینت بۆ بارودۆخی ئێستای عێراق چییە و چۆنی دەبینی؟**

- سەرۆك بارزانی بارودۆخی ئێستای عێراقی بە ترسناكترین بارودۆخ وەسف كردووە لە دوای داگیر كردنی عێراقەوە تاكو ئێستا، بێگومان ئەمە ڕاستە و منیش هەست دەكەم ترسناكترین قۆناغە كە عێراق بە مێژووی دوور و درێژی پێیدا تێپەڕیوە، چونكە ئەم جارە دەیانەوێ بیكەن بە شەڕێكی تائیفی و حزبی دەسەڵاتدار خەڵك هان و جۆش دەدات بە ڕێگای تائیفییەوە، دیارە عێراق بە زۆر شەڕ و شۆڕشی گەورەدا تێپەڕیوە، بەڵام تا ئێستا ڕووبەڕووی كێشەیەك نەبۆتەوە كە لەسەر بنەمای تائیفی بوویێت، بۆیە ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە (واتە تائیفی بێت) ئەوا زۆر ترسناكە، بەڵام لە هەمان كاتدا من دڵنیام كە عێراقییەكان بەرەو

**ئێستا دیكتاتۆریەت لە عێراق هەیە و بەڕێز مالیكی خەریكە نەهجێكی تاكڕەوی پیادە دەكات و هەوڵ دەدات بۆ كۆنترۆڵكردنی تاكە كەس و تاكە حزب بەسەر عێراقدا**

ئەو لێژاییە ترسناكە ڕاناكێشرێن و ئەگەر ململانێیەكە ڕووبدات دەبێتە ململانێی حكومەت و میلیشیا لەلایەك دژ بە گەلێك كە دیكتاتۆریەت وەهژموونی تاكە كەسی و تاكە حزبی ڕەت دەكاتەوە لەلایەكی ترەوە.

***ئایا هیچ ئەگەرێكی دیاریكراو هەیە كە عێراق پەنای بۆ ببات؟**

- مەسەلەكە دەوەستێتە سەر حیكمەتی سەركردە سیاسییەكان، ئەگەر سەركردە سیاسییەكان كۆببنەوە و حیكمەت هەبێت، لە هەمان كاتدا ئازایەتی هەبێت بە گوتنی قسەی حەق، كە بە داخەوە تا ئێستا لای زۆربەی سەركردە سیاسییەكان نییە و ئێستا دووڕوویی سیاسی (النفاق السیاسی) یەكێكە لە تایبەتمەندییەكانی سەركردە سیاسییەكان و زۆر كەم ئەو

**كەسانێك هەیە لە ڕۆژی دامەزراندنی حكومەت و لە دەست گرتنی حكومەتەوە بڕیاریداوە خۆی بدزێتەوە لە هەموو ئەو ڕێكەوتنانەی لەسەری ڕێكەوتووین**

سەركردانەی قسەی حەق دەڵێن، بۆیە داواكردنی ئامادەبوونی بەڕێزان مسعود بارزانی و موقتەدا سەدر مەرجێكی سەرەكییە بۆ بەستنی كۆنگرەی نیشتمانی، چونكە ئێمە دەمانەوێ كەسێك ئامادە بێت كە بتوانێت قسەی حەق بڵێت، دیسان دەڵێم بە داخەوە ئەو كوتلانەی ئێستا بە نیفاق كار دەكەن باش دەزانن كە ئێستا دیكتاتۆریەت لە عێراق هەیە و بەڕێز مالیكی خەریكە نەهجێكی تاكڕەوی پیادە دەكات و هەوڵ دەدات بۆ كۆنترۆڵكردنی تاكە كەس و تاكە حزب بەسەر عێراقدا، بەڵام تا ئێستا جورئەتی ئەوەیان نەبووە قسەی حەق بڵێن بەڵكو نیفاق وای لێكردوون زۆر جار پێچەوانەی قەناعەتی خۆیشیان قسە بكەن.

*** ئەگەر كۆنگرەكە لە بەغدا یان شوێنێكی تر ببەسترێت بەڕێزتان بەشداری تێدا دەكەن؟**

-بەشداری كردنی من دەوەستێتە سەر ئەوەی كێ بەشداریی تێدا دەكات، ئەگەر كۆنگرەكە كۆبوونەوەیەك بێت بۆ نیفاقی سیاسی ئەوا ئامادەی نابم، بەڵام ئەگەر دڵنیا بووم كە كەسانێك لە كۆنگرەكەدا بەشداری دەكەن و توانا و ئازایەتی و ئامادەیی ئەوەیان هەیە كە قسەی حەق بڵێن ئەوا بەشداری تێدا دەكەم و بە هەموو هێزێكەوە ڕووبەڕوویان دەبمەوە.

***ئێستا بارودۆخی شەخسی خۆت چۆنە، ئایا دەسەڵاتەكانت بەكار دەهێنی وەك جێگری سەرۆك وەزیران؟**

-من ئێستاش جێگری سەرۆك وەزیرانم، بەڕێز نوری ئەلمالیكی فەرمانێكی دەركردووە و مۆڵەتێكی بە ناچاری (اجازة اجباریة)ی پێداوم، بێگومان ئەمەش كارێكی نا یاساییە، دوای ئەوەی زانیی كە ئەمە نا یاساییە فەرمانێكی دیكەی نا یاسایی دەركرد و ناوی نا (مۆڵەتی كراوە -اجازة مفتوحة)، لەبەر ئەوەی هەردوو فەرمانەكەی نا یاسایی بوون بۆیە من پێویان پابەند نیم و تا ڕادەیەكیش ئەركەكانی خۆم بە ئەنجام دەگەیەنم.

***ئێوەی سیاسەتمەدار بۆچی لەسەر مێزی گفتوگۆ دانانیشن، بۆچی متمانە نییە لەنێوانتان بۆ پێكەوە دانیشتن و باس كردنی كێشەكان و ڕزگار كردنی عێراق لەو بارودۆخەی تێكەوتووە؟**

-چونكە كەسانێك هەن لە ڕۆژی دامەزراندنی حكومەت و لە دەست گرتنی حكومەتەوە بڕیاریداوە خۆی بدزێتەوە لە هەموو ئەو ڕێكەوتنانەی لەسەری ڕێكەوتووین لە هەولێر و دەرەوەی هەولێر و كە لەڕێگایانەوە

**لە كاتێكدا ڕۆژانە دەیان كەس لە بەغدا و شارەكانی دیكە دەبنە قوربانی كەچی مالیكی هێشتا دەستی بەسەر مەلەفە ئەمنییەكاندا گرتووە**

سەرۆكی وەزیران دانرا، لەبەر ئەوەی بە مەنتقی گفتوگۆ سەردەكەوین بۆیە ئەو كەسە مەنتقی گفتوگۆی ناوێ، بەڵكو مەنتقی تاكڕەوی دەوێ، بۆ نموونە كاتێك سەردانی ئەمریكای كرد تاكە كەسێكیشی لە لیستە ئەلعێراقییە كە گەورەترین لیستی براوەی هەڵبژاردنەكانە لەگەڵ خۆی نەبرد، چونكە دەیەوێ پەراوێزیان بخات و وێنەیەكی جیا نیشانی ئەمریكا بدات، بۆیە من ئەو كات لێدوانم دا وەك پەیامێك بۆ ئۆباما و ئیدارەی ئەمریكی كە ئەوان پێشوازی لە كەسێكی هەڵە و بە وەسفێكی هەڵە دەكەن، ئێوە وەك ڕزگاركەری عێراق و پارێزەری یەك پارچەیی عێراق وەسفی دەكەن و پێتانوایە دوای ڕۆیشتنی ئێوە ئاشتی بەدی دەهێنێت كە ئەمانەش

**مالیكی**
**كار بۆ ئەوە**
**دەكاتەوە لە هەڵبژاردنی**
**داهاتوو بە زۆرینە**
**بباتەوە و بتوانێت**
**دەستوور و**
**یاساكان بگۆڕێت**

هەموویان وەسفی هەڵەن، بۆیە پێویستە پێداچوونەوەیەك بكەن، چونكە ئەم كەسە دیكتاتۆرە، ئەم لێدوانەی من پەیامێكی بوو بۆ ئەمریكییەكان زیاتر لەوەی بۆ مالیكی بێت و ئەم لێدوانەش كاریگەری خۆی هەبوو، چونكە گۆڤار و ڕۆژنامەكان بەشێوەیەكی دیكە قسەیان كرد، چونكە مالیكی دەیویست دیكتاتۆرییەت پتەوتر بكات بە ڕەنگی دیموكراتییەت.

*** بەڕای جەنابت بۆچی مالیكی لەسەر ئەو ڕێبازەی هەنگاو دەنێت، ئایا ترسە لە كودەتا و گەڕانەوەی سوننەكان؟**

- مالیكی لە نیوەی بیركردنەوەی خۆیدا تەنیا بیر لە كودەتا و پیلان و نەبوونی باوەڕ و متمانە بە كەسانی دیكە دەكاتەوە، ئەم بابەتەش دەیكات بە مرۆڤێكی بێ بەرهەم، لە كاتێكدا ڕۆژانە دەیان كەس لە بەغدا و شارەكانی دیكە دەبنە قوربانی كەچی ئەو هێشتا دەستی بەسەر مەلەفە ئەمنییەكاندا گرتووە و پێداگیریان لەسەر دەكات، چونكە باكی بەوە نییە چی ڕوودەدات گرنگ ئەوەیە وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ و ئاسایشی نیشتمانی و هەواڵگری بە دەست خۆی بێت بۆ ئەوەی بە زەبر و هێز دەسەڵاتی بەدەست بێت و تەنیا بیر لە ئێستا ناكاتەوە، بەڵكو بیر لە هەڵبژاردنەكانی داهاتووش دەكاتەوە بۆیە كار بۆ ئەوە دەكاتەوە لە هەڵبژاردنی داهاتوو بە زۆرینە بباتەوە و بتوانێت دەستوور و یاساكان بگۆڕێت لە ڕێگای ئەم زۆرینەیە.

*** ئەگەرەكانی بەردەم عێراق ئێستا بریتین لە دامەزراندنی حكومەتی شەراكەتی نیشتمانی، وەرگرتنەوەی متمانە لە مالیكی، دابەش بوونی عێراق بۆ چەند هەرێمێك، ساڵح موتڵەگ بیر لە كام لەم ئەگەرانە دەكاتەوە؟**

- سەبارەت بە خۆم پێموایە بوونی مالیكی واتە دابەشبوونی عێراق بۆیە پێم باشە بۆ ئەوەی عێراق بە یەكگرتوویی بمێنێتەوە باشترین چارەسەر بریتییە لە سەندنەوەی متمانە لە مالیكی، چونكە ئێمە یەك عێراقمان دەوێ.

***حكومەتی هەرێم گەشبین نییە بە بەستنی ئەم كۆنگرەیە، چۆن دەڕوانیتە بەستنی ئەم كۆنگرەیە؟**

- بەڕای من ڕەنگە ئەم كۆنگرەیە ئەنجامی ئیجابی لێ نەكەوێتەوە بە پێكهێنانی حكومەتێكی شەراكەتی ڕاستەقینە، بەڵام هەموومان دەگەینێتە ئەو قەناعەتەی كە سەندنەوەی متمانە لە مالیكی باشترین چارەسەرە.

*** كێشەی تاریق ئەلهاشمی بە كوێ گەیشت و تێڕوانینت چییە بۆی؟**

**ئەلعێراقییەش**
**گرفتێكی سیاسی**
**لەگەڵ دەوڵەتی قانون**
**هەیە و دەیەوێ**
**چارەسەری بكات**
**بۆیە ئامادەی**
**كۆبوونەوەكان**
**نابێت**

-دیارە هەر لە سەرەتاوە كێشەی تاریق ئەلهاشمی كرا بە كێشەیەكی سیاسی و ویستیان لایەنی تائیفی لە عێراق بوروژێنن تەنانەت كاتەكەشی لە چلەی ئیمام حوسێن بوو لەو كاتەشدا هەستی خەڵك بە ئاسانی دەوروژێنرێت، بۆیە كاتەكەی و شێوازی دەرخستنی سیاسی بوو، ئیمرۆ ئێمە لەگەڵ یاساین یاسایەكی بێلایەن لەگەڵ ئەوەشدا دەمانەوێ كارێكی سیاسیش بكرێت كە بۆچی لەو كاتە ئەم مەسەلەیە وروژێنرا و بۆچی هەر لە سەرەتاوە بە سیاسەت كرا؟ بەڕای من ئەوەی ئەمڕۆ حوكم دەكات ئەو تاوانەكەی بەسەردا ئیسبات بووە، تا ئێستا هیچ تاوانێك لەسەر تاریق ئەلهاشمی نەسەلمێنراوە، بەڵام مالیكی بەسەریدا سەلمێنراوە، چونكە گوتی ماوەی سێ ساڵە چەند فایلێكی لەلا هەیە و تا ئێستا نەیخستۆتەڕوو و لێپێچینەوەی لەسەر نەكردووە، كەواتە ئەو دەیزانی كوشتن لە عێراق هەیە و خۆی بێدەنگ كردووە كە ئەمەش تاوانە بۆیە ئەو كەسەی كە دانی بە تاوانەكەی ناوە ئەو تاوانبارە و پێویستە سزا بدرێت، بەڵام لایەنەكەی تر لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەكرێ لەوانەیە تاوانبار بێت و لەوانەیە بێ تاوان بێت.

**هەوڵێك لە ئارادایە كە**
**سەرنجی جیهان لەسەر**
**سوریا كەم بێتەوە و ئەو**
**سەرنجە ئاراستەی عێراق**
**یان ناوچەیەكی دیكە**
**بكرێت ئەمەش مایەی ترس**
**و نیگەرانییە**

*** ئێستا زۆر باس لە ئەلعێراقییە دەكرێت بەوەی بووەتە هۆكاری پەكخستنی گشت پرۆسەی سیاسی و تەنانەت كاروباری ڕۆژانەی هاووڵاتیانیش، بۆچی گرفتە سیاسییەكان دوور لە بەرژەوەندییەكانی خەڵك باس ناكرێن و چارەسەر ناكرێن؟**

- سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم وەزیرانی لیستی ئەلعێراقییە هێشتا دەوامی ئاسایی خۆیان دەكەن كارەكانیان ڕادەپەڕێنن، ئامادە بوون لە ئەنجومەنی وەزیران ئامادەبوونێكی سیاسییە، ئەلعێراقییەش گرفتێكی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتی قانون هەیە و دەیەوێ چارەسەری بكات بۆیە ئامادەی كۆبوونەوەكان نابێت، جێگری سەرۆك وەزیرانیش ئامادە نابێت، چونكە ڕێگای پێنادرێت ئامادە بێت بە فەرمانێكی سەرۆك و بە كارێكی نا یاسایی و بەلتەجی، ئەمە چ ئەنجومەنێكی وەزیرانە و ئەمە چ ڕێزێكە لە پیرۆزی ئەو شوێنە دەگیرێت.

*** ئەی پەرلەمان و فەسڵكردنی ٦ ئەندام پەرلەمانی ئەلعێراقییە؟**

- پەرلەمان بەردەوامە لەسەر كارەكانی خۆی و ئەوانەی كە فەسڵیش كران لەبەرئەوە كە سەرپێچی بڕیارەكەی

ئەلعێراقییەیان کردووە، ئێمە دەمانەوێ دەنگی خۆمان هەڵبڕین کە نارازین لەوەی ئێستا ڕوودەدات.

*** دوای ڕووخانی ڕژێم هەموو لایەك ڕێککەوتن لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی وڵات، بەڵام ئێستا هەموو لایەك هەست بە مەغدووری دەکات، ئەلعێراقییە، دەوڵەتی قانون، هاوپەیمانی کوردستان، ئایا کەلێنێك لە دەستووردا هەیە یاخود گرفتەکە ئەو کەسانەن کە کاروباری وڵات بەڕێوە دەبەن؟**

- بەڕای من هەر لەسەرەتاوە گرفتەکە لە پرۆسە سیاسییەکەدا هەبوو، هەر لە سەرەتاوە پرۆسەی سیاسی لەسەر بنەمای چەند حزبێکی تائیفی ئیسلامەوی دامەزراوە کە هیچ شارەزاییەکیان نییە لە بەڕێوەبردن و حوکمڕانی تەنیا شارەزاییان لەوە هەیە ئۆپۆزیسیۆن بن، بۆیە کە حوکمڕانیش بوون بە شێوەی ئۆپۆزیسیۆن مامەڵەیان دەکرد بۆیە دوای ٨ ساڵ سەرکەوتوو نەبوون و وڵاتیش بەرەو خاو بوونەوە دەچێت لە هەموو لایەکەوە، بە قەناعەتی خۆم ئەو گروپانەی کە ئێستا حوکمی عێراق دەکەن و ڕکابەرێتیانە لەسەر گەڕانەوەی عێراق بۆ سەردەمێکی دواکەوتوو نەك بۆ سەردەمێکی شارستانیانە و ناتوانن وڵات بونیاد بنێنەوە، بۆیە پێویستمان بە پێداچوونەوە هەیە بە سەرتاپای پرۆسەی سیاسی.

**ئێستا دیکتاتۆریەت لە عێراق هەیە و بەڕێز مالیکی خەریکە نەهجێکی تاکڕەوی پیادە دەکات و هەوڵ دەدات بۆ کۆنترۆڵکردنی تاکە کەس و تاکە حزب بەسەر عێراقدا**

*** بەڵام ئێستا دیارترین ناکۆکییەکان لەنێوان سەرۆکی کوتلە سیاسییەکانە نەك ئەندامانی کوتلەکان و و خودی کوتلەکە؟**

- گرفتەکە لەوەدایە کە کەسانێك هەن دەیانەوێ پرۆژەی ئەلعێراقییە پەك بخەن، پرۆژەی نیشتمانی لە عێراق کە پێکدێت لە شیعە و سوننە و کورد و عەرەب و تورکمان و ئێزیدی، ئەگەر ئەم پرۆژەیە سەرکەوتوو بێت حزبە سیاسییەکان ئیسلامییەکان کە لەسەر بنەمایەکی تائیفی دامەزراون هیچ گرنگییەکیان نامێنێت لە عێراق، بۆیە ویستیان کۆتایی بەم پرۆژەیە بهێنن، بەتایبەتی کە بینیان لە هەڵبژاردنەکاندا لەوانەیە ئەم پرۆژەیە سەربکەوێت بۆیە هەوڵی بچووك کردنەوەیاندا و سەرەتا چەند گرفتێکیان دروست کرد لەنێوان سەرکردەکانی نێوان کوتلەی ئەلعێراقییە، هەوڵیاندا گرفت و ململانێ لەنێوان من و ئەیاد عەلاوی بنێنەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون بەهەمان شێوە لەنێوان من و ئوسامە نجێفی و ڕافع عیساوی و تاریق ئەلهاشمی و لە هەموو ئەو هەوڵانەش سەرکەوتوو نەبوون، ئینجا ڕوویان لە سەرکردەکانی ئەلعێراقییە کرد بۆ بچووك کردنەوەیان و سەرەتا بە ئەیاد عەلاوی دەستیان پێکرد و گوتیان ئەنجومەنی سیاسەتە ستراتیژییەکان دەستووری نییە ئەمە لە کاتێکدا کە خۆیان لەسەر دامەزراندنی ڕێککەوتوون و لەم خاڵەدا دژی دەستوور وەستانەوە، دواتر ڕوویان لە سالح موتڵەگ کرد و هەوڵی نەهێشتنیان دا، دواتر ڕوویان لە تاریق ئەلهاشمی کرد، هەروەها ڕوویان لە ڕافع ئەلعیساویش کردووە و تا ئێستا پێی نەگەیشتوون بۆ ئەوەی سەرکردەکانی ئەلعێراقییە کۆتایی پێ بهێنن و مەبەستی سەرەکیشیان پێهێزکردنی ئەم پرۆژەیە و بۆ ئەوەی حزبە ئیسلامییەکان باڵا دەست بن.

*** ڕۆڵ و پێگەی هاووڵاتی لەم وردەکاریانە چییە کە سیاسەتمەداران ئاگادارن؟**

**گوتاری کوردیش میانڕەوترە و ئێستا جۆرێك لە بە عەقڵانی بوون لە گوتاری ئەلعێراقیەوە کوردستانی دا بەدی دەکرێت**

- هاووڵاتیش بەشێك لە بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆ، ئەو هاووڵاتیەی کە لە ڕۆژی هەڵبژاردندا بە عەقڵانی بیر ناکاتەوە و لەسەر بنەمایەکی تائیفی دەنگ دەدات، وشیارە بەوەی کە ئەم ئاراستەیە خزمەتی وڵات ناکات و ئابووری پێش ناکەوێت، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە هاووڵاتی ڕاپەڕێت دژی ئەم هەموو نەریت و ئایدیۆلۆژیا پاشکەوتووانەی کە وڵات دەگەڕێننەوە دواوە و بە هیچ شێوەیەك بەشێك نەبوون لە مێژوو و شارستانیەت و کلتووری ئێمە، پێویستە هاووڵاتی ئەو کەسە هەڵبژێرێت کە دەتوانێت وڵات بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ئاراستە بکات دوور لەو شتە بێ بنەمایانەی کە ئێستا هەن.

**لە سەرەتاوە پرۆسەی سیاسی لەسەر بنەمای چەند حزبێکی تائیفی ئیسلامەویی دامەزراوە کە هیچ شارەزاییەکیان نییە لە بەڕێوەبردن و حوکمڕانی تەنیا شارەزاییان لەوە هەیە ئۆپۆزیسیۆن بن**

*** بۆچی دابەشکردنێك ئەنجام نادرێت و ناوچە شیعی و سوننی و کوردەکان جیا بکرێنەوە و دوور بکەونەوە لە وەرگرتنی دەسەڵاتەکان لە ناوەندەوە و ئەم گرفتە چارەسەر بکەن؟**

-پێموایە ئەمە گرفتەکە چارەسەر ناکات، چونکە ئێستا کە یەك هەرێمە ئالۆزییەك هەیە، ئەگەر دابەش بکرێت بۆ چەند هەرێمێك لەسەر بنەمای تائیفی گرفتەکە چارەسەر ناکات، سەرەڕای ئەمەش چەند پارێزگایەك هەن کە ئەم ئەگەریان هەڵبژاردووە، بەڵام سەرۆك وەزیران ئەمەی ڕەت کردەوە و ئەم ڕەتکردنەوەیەش پێچەوانەی دەستوور بوو.

***بۆچی عێراقییە هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو سەبارەت بە دەستێوەردانی دەوڵەتە**



**عەرەبی و هەرێمییەکان لە مەسەلەی بەڕێز هاشمی؟**

- تورکیا کە وڵاتێکی عەربی نییە ترس و نیگەرانی خۆی دەربڕی لە روودانی جەنگێکی تائیفی لەسەرتاسەری ناوچەکە و بەڕای من ئەم ترس و نیگەرانییەی تورکیا لەجێی خۆیەتی، بەڵام لە مەسەلەی هاشمی و موتلەگ هیچ دەستێوەردانێك نەبووە لە لایەن وڵاتانی عەرەبی و هەرێمییەوە، بەڵام ئێران دەست لە کاروباری عێراق وەردەدات بۆ هێشتنەوەی مالیکی بەتایبەتی کاتێك بینیان ئەگەری لادانی لە ئارادایە لە سەندنەوەی متمانە لێی لە پەرلەمان.

*** سوریا چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر بارودۆخی عێراق؟**


- پێموایە ئێمە ئێستاش باجی ململانێیە هەرێمییەکان دەدەین لەوانەش ململانێیەکان لە سوریا، ئەمەش بەداخەوە مایەی نیگەرانییە کە شەڕ لە وڵاتێکی تر بێت و کاریگەری بەسەر عێراقییەکانەوە هەبێت، پێموایە هەوڵێك لە ئارادایە کە سەرنجی جیهان لەسەر سوریا کەم بێتەوە و ئەو سەرنجە ئاراستەی عێراق یان ناوچەیەکی دیکە بکرێت ئەمەش مایەی ترس و نیگەرانییە.

***ئەگەر بارودۆخی عێراق ئاڵۆزتر بوو پێشبینی دووبارە گەڕانەوەی ئەمریکا دەکەی؟**

-ئەگەر بارودۆخی عێراق بەو شێوەیە بمینێتەوە و کۆمارییەکانیش لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، دووبارە گەڕانەوەی ئەمریکا بە دوور نازانم.

***دوای رووخانی رژێم باس لەوە دەکرا کە ئەلعێراقییە و سەرکردەکانی دژی زۆر مەسەلە دەوەستنەوە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئێستا دەبینین سەرکردەکانی ئەلعێراقییە روویان لە کوردستان کردووە و لەگەڵ سەرۆك بارزانی کۆدەبنەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە هەیە، لێکدانەوەت بۆ ئەم دوو حاڵەتە چییە؟**

- پێموایە پێگەیشتنێکی سیاسی لە هەردوو لامان روویداوە، زۆر شت هەبوو پێشتر ئێمە لەسەری ناکۆك بووین، پێموایە کاتی ئەوە هاتووە چارەسەر بکرێن بۆ ئەوەی رەوتێکی دیموکراتی بەهێز لە عێراق بونیاد بنرێت بۆ ئەوەی ئاراستەی پرۆسەی سیاسی لە عێراق راست بکاتەوە و ئەگەر هاوسەنگییەك بکەین لەنێوان ئەوەی کە ناکۆکی لەنێوانمان بەردەوام بێت یان لێك گەیشتن و دیالۆگ هەبێت چی روودەدات لە عێراق ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، هەروەها ئێستا گوتاری کوردیش میانڕەوترە و جۆرێك لە بە عەقڵانی بوون لە گوتاری هەموومان بەدی دەکرێت بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی پێشتر هەبووە، بەشێکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە لەسەر ئاستی شەخسی یەکتر دەناسین و بەشەکەی تریش ئەوەیە کە کەس پێشبینی نەدەکرد عێراق بگاتە ئەو ئاستەی ئێستای لە وێرانی بە جۆرێك کە کورد و عەرەب و تورکمان و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق ترسیان لە داهاتووی ئەو وڵاتە هەیە.



# میسر پاش ساڵێک لە شۆڕش

## ململانێی عەسکەرییەکان و شۆڕشگێڕان و ئیخوانەکان.. بەردەوامیی هەیە

گوڵان ـ قاهیره
لە ئەسما حوسێنی



لەم ڕۆژانەدا میسرییەکان بە بۆنەی یەکەمین ساڵیادی شۆڕشی ٢٥ی ینایرەوە، خەریکی ئاهەنگ گێران دەبن، ئەوشۆڕشەی ڕژێمی فەرمانڕەوایی پێشووی لە حوکم دامالّی؛ بەڵام تا ئێستاش شۆڕشەکە نەیتوانیوە ڕژێمێکی تازە بۆ فەرمانڕەوایەتی میسر ئامادە بکات، گەرچی هەندێك لە سیماکانی ئاییندە، بەهۆی دەرکەوتنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەوە گەڵاڵە بووە، کە بە زۆرینەی دەنگەوە ئیسلامییەکان تێیدا براوە بوون، وێڕای تێپەڕینی ساڵێك بەسەر شۆڕشی نەرم کە میسرییەکان و جیهان لە سەرەتاکانیدا زۆر پێی سەرسام بوون، کۆی دیمەنی گشتی ئێستا لە میسردا بەناو یەکتردا ئاڵۆزکاوە، بەشێوەیەك زۆر زەحمەتە پێشبینی پەرەسەندنەکانی داهاتوو بکرێت، تا ئێستاش لە پێناوی دارشتنەوەی شێوازی داهاتووی دەوڵەتی میسریی لەسەر ئاستە جیاوازەکانەوەو

## میسر وڵاتێکی سەنگین و قورسە، ئیسلامییەکان ناتوانن بۆ خۆیانی برفێنن، زەحمەتە بۆ هەر هێزێك چ ئیسلامی بێت یان نائیسلامی ئەم وڵاتە برفێنێت

بە نهێنی و ئاشکراوە، ململانێیەکان لە ئارادان، ململانێ لە نێوان ئیسلامییەکان و ئەوانەی دژیانن، هەروەها لە نێوان عەسکەرییەکان و ئەوانەی هەوڵدەدەن بۆ قۆناغەکانی داهاتوو دەسەڵاتی سەربازی بەر تەنگ بکەنەوە، هەروەها لە نێوان هەڵگیرسێنەرانی ڕاستەقینەی بڵێسەی شۆڕشەکەو و ئەوانەدا کە ئێستا بە نیازن بەروبوومەکەی بۆ خۆیان بدوورنەوە، لە نێوان گۆڕانخوازان و ئەوانەی دژ بە گۆڕانن، لە نێوان پاشماوەکانی ڕژێمی پێشوو ئەوانەی بە حوکمی ئەو ڕژێمە زیانمەند بوون، ئەم ململانێ هەمە جۆرانە تەنیا لەنێوان گرووپەکان و هاودژەکانیان نین، بەڵکو چەندین ململانێی تریش هەن، لە ناو خودی ئیسلامییەکان خۆیان و هەروەها لەناو ڕیزەکانی لیبراڵییەکان خۆیان و پۆلەکانی شۆڕشگێڕان خۆیاندا، تەنانەت لە ناو ڕیزەکانی عەسکەرییەکانیشدا ململانێ هەیەو بەڵکو لە ناو هەر ڕێکخستنێکی کۆمەڵەو پارت و ڕێکخراوێکدا چ سەر بە موحافیزکاران بن یان سەر بە پێشکەوتوخوازان، لە نێوان قۆرخکاران و کەسانی خاوەن هەڵوێست و خاوەن ڕێبازی مرۆیی ململانێ دروست بووە، لە نێوان پسپۆران و خاوەن تواناکان و کەسانی خاوەن متمانەشدا هەروا....تاد

ئەو وڵاتی میسرەی بە درێژایی چەندین چاخ و زەمان بێدەنگ و بێ جووڵە کرابوو، ئەمڕۆ جووڵانەوەیەکی گەورەی تێکەوتووە، لەبەر ڕۆشنایی جووڵانەوەکانی ئەم بزاڤەوە داهاتووی وڵات دیاریدەکرێت، وێڕای هەموو ئەو نیگەرانی و ترس و دڵەڕاوکێیەی کە لەم جووڵانەوەیە دروست بووە، لەوەی چرکەساتی پێکدادان نەیەتە پێشەوە، زۆرینەی ئەم بزاڤە جووڵاوە بە پێویستی دەزانن بۆ تەکاندانێك و ڕۆیشتن بەرەوە پێشەوە، هەموو مەترسییەکانی چواردەوریان وەك باجێك تەماشا بکەن کە پێویستە بدرێت، ئەوەش لەبری ماوە زەمەنییەکانی پێشوو کە خۆڵی مردوو بەسەر ئەم وڵاتەدا ڕژابوو، هەشن وای دەبینن کە ئەمە ژانگرتنێکی بەر لە لەدایك بوونی میسری تازەیە، ئەو میسرەی کە خەونی پێوە دەبینراو ئاواتی هەمووان بوو.

سەرەڕای بەڵێنەکانی ئەنجوومەنی سەربازی بە پێدانەوەی دەسەڵات لە یۆلیۆی داهاتوو، سەرەڕای هەوڵەکانی هەندێك لە سەرکردە ئیسلامییەکان بە ناردنی مەسیجی دڵنیاکردنەوە بۆ شەقامی میسری و شۆڕشگێڕان و هێزە لیبراڵییەکان، لە دوای ئەوەی ئیسلامییەکان زۆرینەی کورسییەکانی ناو پەرلەمانیان وەدەست هێنا، تا ئێستا نیگەرانی و ترسی زۆر هەیە لەوەی لە داهاتوودا هەریەك لەو سەرکردانە بە دەسەڵاتەوە خۆی گیر بکات و لێی نەبێتەوە،

## ئیخوانەکان خۆیان وا پیشان دەدەن قوربانیانی کاتی فەرمانڕەوایەتی حوسنی موبارەکن لەکاتێکدا ئیخوانەکان لەسەروەوەی هەرەمدا، هەموویان شەریکی کاروبارە ئابووری و سیاسیەکانی ڕژێمی پێشوو بوون و ئەندام پەرلەمانیان هەبووە

## سەرەڕای هەوڵەکانی هەندێك لە سەرکردە ئیسلامییەکان بە ناردنی مەسیجی دڵنیاکردنەوە بۆ شەقامی میسری تا ئێستا نیگەرانی و ترسی زۆر هەیە لەوەی لە داهاتوودا هەریەك لەو سەرکردانە بە دەسەڵاتەوە خۆی گیر بکات و لێی نەبێتەوە

ئەوەش لەسەر حیسابی گەنجان و هێزەکانی دیکەی کە شۆڕشەکەیان بەرپا کردووە، تا ئێستاش لە میسر هەر کەسێك بە دووربینی خۆیەوە تەماشای دیمەنەکەو پەرەسەندنەکانی دەکات، لەمبارەیەوە نووسەرو ئەدیبی ناسراو ئیبراهیم داوود دەڵێت(( شۆڕش لە میسردا کۆمەڵێك توێژو وەچە لە ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران هەڵیانگیرسان و باجیان دا لە بەرانبەر ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمکاری و نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادییەکانیان، تەوژمی مانگرتنەکانیان لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ زیاتر هەڵایسا لە ڕێگەی چەند بزاڤێکەوە لەوانە بزاڤی (کیفایە) و (ئەدیبان و هونەرمەندان لە پێناوی گۆڕانکاری) و (جووڵانەوەی ٩ی مارس لە لایەن مامۆستایانی زانکۆیی) و (بزووتنەوەی سەربەخۆکردنی داد)و هی تریش، شۆڕشەکەش سەرکەوتنی بەدەست هێنا بەهۆی خواست و دیاردە ئاشتیخوازانەکەی و شاعیریەتەکەیەوە، هەروەها بەهۆی خواستی ڕاستەقینەیەوە بۆ بەرپابوونی گۆڕانکارییەك لە ئەنجامی بەخشین و قوربانییەکانی ئەو گەنجانەی کە سەرکردایەتی شۆڕشەکەیان دەکرد..

ئیبراهیم داوود ترسی خۆی لەوە ناشارێتەوە کە ڕەنگە ئیسلامییەکانی کە زۆرینەی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنەکان وەدەست هێناوە خوێنی شەهیدانی شۆڕشەکە بە فیڕۆ بدەن ئەوەش بە هاوپەیمانیی بەستنیان لەگەڵ عەسکەرییەکاندا، کە ئەمانەی دوایی نیازمەندن هەبوون و دەسەڵات و شێوازەکانی بەڕێوەبردنی وڵات بۆ قۆناغی داهاتوو قۆرخ بکەن، تێبینی ئەوەی کردووە کە عەسکەرییەکان کەسیان لە ناو هێزە سیاسییەکان نەدۆزییەوە تا لەگەڵیدا ببنە هاوپەیمان جگە لە جەماعەتی ئیخوان نەبێت، بەو





شێوەیە خیانەتیان لە بە مەدەنیبوونی دەوڵەت کردووە، سەرەتاکانی ئەم هاوپەیمانیە لەو ڕاپرسیەی ١٧ مارسەوە دەستی پێکردووە کە بەهۆیەوە عەرەبانەکەیان لە پێش ئەسپەکەوە داناوە، هەروەها هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی گەل و ئەنجومەنی شوورایان خستە پێش دارشتنەوەی دەستوور و هەڵبژاردنەوەی سەرۆك، داوود زیاتر لەمبارەوە دەڵێت ئیخوان موسلمین هێزێکی ڕێکخراون، بەڵام لە واقیعدا هێزێکی گەورەی سەرشەقامەکە نین.

بەهۆی هاتووهاوارو مایك و دەنگی ڕاگەیاندنەکانیانەوە قەبارەی خۆیان گەورەتر نیشان دا کەسیش لە سەرچاوەی داهاتیانی نەپێچایەوە کە بەپاڵپشتی هێزەکانی وڵاتانی کەنداوو بەموبارەکەی ئەمەریکایی لەهەڵبژاردنەکاندا دەرچوون، نەك لەبەر ئەوەی بەرنامەیەکی سیاسیان هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن هەڵبژاردنێکی سیاسی نەبوو، بەڵکو هەڵبژاردنێکی تائیفییانە بوو، داوود نیگەرانی خۆی لەو گۆڕانکارییە دەردەبڕێت کە لە ئاستی مەدەنیدا شۆڕشی میشر تووشی بووە کە لە سەرەتاوە هیچ دروشمێکی ئایینی بەرز نەکرابۆوە کەچی ئێستا هەموو پەیام و قسەکان بوون بە پەیامی ئایینی و دەشڵێت ئەو کەسانەی کە لە سیاسەت دەدوێن حاڵی حازر پیاوانی ئاینی و بزووتنەوە ئیسلامیەکانن نەك سیاسەتمەداران. ڕاگەیاندنیش پەلکێش کرایە دوایان، بەشێوەیەك پاڵێوراوێکی ئاسایی ئیسلامیەکانی وەك هێزێکی جەبار نیشان دەدا یا وەك کەسایەتیەك کە نابێت کەس لە دژی بووەستێت، دەنگ پێدانیشیان کردە ئەرکێکی شەرعی و کارێکی ئایینی نەك سیاسی.

بەڵام داوود تێبینی ئەوەی کردووە کە هاوپەیمانی عەسکەرییەکان لەگەڵ ئیخوان و سەلەفیەکان بەرگە ناگرێت، بەهۆی چەند هۆکارێکەوە کە پێوەندی بەمێژووەوە هەیە چونکە مێژووی ئیخوان جێی شانازی نییە، ئێستا خۆیان وا پیشان دەدەن قوربانیانی کاتی فەرمانڕەوایەتی حوسنی موبارەکن لەکاتێکدا ئیخوانەکان لەسەرەوەی هەرەم هەموویان شەریکی کاروبارە ئابووری و سیاسیەکانی ڕژێمی پێشوو بوون، هەروەها چەندین ئەندامیان لەناو پەرلەمانی ڕژێمی پێشوودا هەبووە. دواتر داوود عەسکەرییەکان و ئیخوانەکان ئاگاداردەکاتەوە

لە وە ی

کە خۆشباوەڕ نەبن بەوەی ئەو گەنجانەی کە ئەم شۆڕشەیان بەرپاکردووە ژمارەیان کەمە، هەروەها جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ئەو هێزە دیموکراتیخوازانەی ڕێگایان تەخت کرد بۆ ئەم شۆڕشەو بەرپایان کرد لەم خاڵەدا ڕاناوەستن هەتا هەموو ئا ما نجە

سە رە کییە کا ن وەدینەهێنن، کە لە ئازادی و دیموکراتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دا خۆی دەبینێتەوە، چونکە ئەم هێزە گەنجانە بڕوایان بە دیموکراتیەت و دەوڵەتی هاوچەرخ و جیاکردنەوەی دینە لە سیاسەت.

بە بەردەوامی و بەسینگی ڕووتەوە لەڕووی هێزە پڕچەك و پارەو سامان و ئاینیەکاندا دەوەستنەوە. چونکە شۆڕش ئێستا بووە بەکەلتوورێك لە میسردا تاکو ئێستاش هیچ ئامانجێکی شۆڕش وەدینەهاتووە، گەنجانیش بەردەوامن لە شۆڕش تا هەموو ئامانجەکان وەدی دەهێنن، هەروەها دەڵێت ڕۆحی شۆڕش لەو پەرلەمانە بەهێزترە کە بەلێشاو پارەی تێدا ڕژاوە لە پێناوی ئامانجی تەمومژاویدا، نازانین ئاخۆ بۆ گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامییە یان بۆ چییە؟؟!! .

جەختی لەوەش کردەوە قورسترین

شت لە میسردا بەناوی ئاینەوە موزایەدەکردنی ئیسلامیەکانە بەسەر گەلی موسڵمانی میسرییەوە ئەو موزایەدەش بەسەر موزایەدەچییەکان خۆیاندا قلّپ دەبێتەوە، داوود هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئیخوان و سەلەفیەکان نابینێتەوە و بەدوو دیوی یەك پارچە پارەیان دادەنێت، بەگومانیشە لەو بروایەی تەوژمە ئیسلامییەکان هەیانە لە بەرانبەر دیموکراتیەت، دەڵێت قسەکردنی ئەوان لە دیموکراتیەت تەنیا بۆ چاوڕاوو ڕاکێشانی سۆزی دەنگدەرانە تا لە هەڵبژاردن دەنگی زیاتر وەدەست بهێنن، ساماناکی ئیسلامییەکان لەوەدایە کە پێیان وایەو هەست دەکەن کە هەموو ڕاستییەکان تەنیا لای خۆیانەو کۆڵەگەی سیاسەتیان پابەندکردووە بە دەقی وتەکانی خواوەندەوە، وەك ئەوەی بەناوی خواوە لە ناو کافرەکاندا بدوێن..

ئیبراهیم داوود وای دەبینێت کە زەحمەتە بۆ هێزە ئیسلامگەراکان بەهەموو ئەو پێداوو ڕووداوانەی ئێستاشەوە کە لە مەیدان ڕوو دەدەن، جارێکی تر میسر بەرەو پاشەوە بەرنەوە، لەم بارەیەوە دەڵێت باروودۆخەکە تێکچوونێك بەخۆیەوە دەبینێت، چونکە ئەم هێزە ئیسلامیانە بە درێژایی کات کۆمەڵێك هێزی پاشکەوتووی عارەبی و هێزی داگیرکاریی نێودەوڵەتی دەبیننەوە تا پشتگیرییان لێ وەربگرن و ئەو هێزانەش ئەوەی بەلایانەوە گرنگ بێت ناسەقامگیربوونی میسرە، تا بەبەردەوامی ئیسرائیل وەك تاقانە هێزی زەبەلاحی ناوچەکە بمێنێتەوە، ئیخوان و عەسکەرییەکانیش لە بیرو بۆچوونیاندا دژ بە ئیسرائیل نین، لەسەر هەموو ئەو تەنازولاتانەی موبارەك و سادات ڕازین بە هەنجەتی ئەوەی ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکان پیرۆزیی خۆیان هەیە..


د. عیسام عریان سەرۆکی پارتی ئازادی و دادپەروەری:

**گەل تەنیا سەرچاوەیە کە مافی ئەوەی هەبێت پێشنیازی یاساکان و هەڵبژاردنی دەستووری بکات**

داوود لەم ڕووەوەش دەڵێت بە تەواوی ڕێز لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەگرم کە لە بەرژەوەندی ئیسلامییەکان یەکلایی بۆتەوە، وێرای ئەوەی هەڵبژاردنەکە خاوێن نەبووە، ساختەکاری و بەرتیلدان و گەمەکردن لە نووسینگەکانی دەنگدان کراوە دەنگ هەبووە لە دەرەوەی نووسینگە وەرگیراوە بێ سەرپەرشتی دادوەر، ڕەزامەندبوونیش لەسەر هەندێك پارت لەسەر بناغەی ئایین بە پێچەوانەی دەستوورەوەیە وەك چۆن لە حاڵەتی پارتی ئازادی و دادپەروەری و نوور ڕوویدا، دەشڵێت تانووت لێدانەکان لە بەرانبەر ئەو سەرپێچییانە خراونەتە بەردەم دادگاکانەوە، بە هەموویان ڕەنگە پەرلەمانی داهاتوو بەتاڵ بکەن، گەر ئیسلامییەکان ئەوەیان وەدیبهێنایە کە میسرییەکان دەیخوازن هەموومان بە یەکەوە چەپڵەیان بۆ دەکوتین، سەرەتا پێویستە ڕاوبۆچوونی خۆیان بە زەبری هێزەوە نەسەپێنن بەسەر ئەوانی تردا، دەست نەخەنە ناو کاروباری تایبەت و شەخسی خەڵکەکەوە، ئازادی گشتی و ئازادی ڕۆژنامەنووسی و بیرو بڕوا و ئازادی توێژینەوەی زانستی زامن بکەن، دەستوورێکیش دابنێن کە تیایدا جەخت کرابێتەوە لەسەر ئازادییە گشتییەکان و ڕێزدانان بۆ مافی کەمینەکان و هەروەها دەسەڵاتی سەرەك کۆمار کەمبکرێتەوە، لەبەر ئەوەی میسر وڵاتێکی گران و قورسە، ئیسلامییەکان ناتوانن بیرفێنن بۆ خۆیان، زەحمەتە بۆ هەر هێزێك چ ئیسلامی بێت یان نائیسلامی ئەم وڵاتە برفێنێت..

نووسەری میسری سەلامە ئەحمەد سەلامە لای خۆیەوە دەڵێت دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن ئەوەی بۆمان دەرخست کە لاوانی شۆڕشگێڕ ڕیزەکانی خۆیان ڕێك نەخستووەو سەرکردایەتییان یەکنەبووە بۆ بەرێوەبردنی شەڕی هەڵبژاردن لە بەرانبەر هێزە ئیسلامییەکانی کە پێشتر ڕێکخراو بوون و لێهاتووانە کاری سیاسییان بۆ ڕاکێشانی خەڵکی سادە کردووە، ئەوش ڕوون دەکاتەوە کە ئێستا مەترسی زۆر لە ناوەندی ڕۆشنبیران و داهێنەرانەوە بەدی دەکرێت لەوەی هێزە ئیسلامییەکان جڵەوی کارەکان لە میسردا وەدەست بگرن، ئەمەش ئەو ڕۆشنبیرانەی هاندا کە لیژنەکانی داکۆکی دابمەزرێنن لە پێناوی داکۆکی کردن لە ئازادی داهێنانی ئەدەبی و هونەری..

بۆ ئەوەی لە بەرانبەر تەوژمە ئیسلامییە سەلەفییە توندڕۆکانی کە لە هەوڵدان بۆ کۆت وبەندکردنی ئازادی داهێنان و فکر بوەستنەوە، لەوانەیە براگماتیکیەتی ئیخوانییەت سەربکەوێت لە دۆزینەوەی چارەسەری ناوەندی نزیك بە ڕۆحی سەردەم بەشێوەیەك نەبێتە هۆی پێکدادانی پێشوەختە..

لەلای خۆیەوە شرۆڤەکاری سیاسی میسری سەمیر سەید دەڵێت هێزە لیبرالییەکانی میسر حەقیقەتیان پێ نەبەزێنرا، گەرچی ئەنجامێکی لاوازیشیان هەبوو لە بەرانبەر بردنەوەی یەکلاکەرەوەی ئیسلامییەکان، ئەمەش بە هۆی ئەوەی بە زەمینەسازییەکی تۆکمەوە دانەبەزین بۆ هەڵبژاردنەکان و کێبەرکێی دادپەروەرانەیان پێ نەکرا، وێرای تازەیی زۆربەیان لەژیانی سیاسیدا بەرانبەر جەماعەتی ئیخوان بەنموونە کە ٨٠ ساڵی ڕەبەقە چاوەڕێی ڕووداوی ئەم ساتە وەختە بوون، سەرپەرشتی تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان کە ٪٢٠ی خەڵکی ڕەش و ڕووت و هەژارانی کۆمەڵگەی میسری داپۆشیوە، سەید وای دەبینێت کە گرفتی گەنجانی شۆڕشگێڕی میسری ئەوەیە لایەنێکی شل و نایەکگرتوون، ئاسان نییە ڕەهەندەکانیان دیاریی بکرێت، دەستەبژێری شۆڕشگێڕان و گەنجانی توێژە دابڕاوو پەراوێزکراوەکانی کۆمەڵگاو هەروەها هەندێك لە توێژەکان ناوەندی و باڵا لە خۆدەگرێت، هەروەها وای دەبینێت هەندێکیان دانوستاندن قبووڵ ناکەن چونکە لەڕووی شۆڕشگێڕییەوە پاك و بێگەردن و پێیان ناکرێت سەفقات ئەنجام


ئیبراهیم داوود ئەدیب و نووسەری میسری:

**لێتان ناشارمەوە ڕەنگە ئیسلامییەکانی کە زۆرینەی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنەکان وەدەست هێناوە خوێنی شەهیدانی شۆڕشەکە بە فیڕۆ بدەن، ئەوەش بە هاوپەیمانێتییان لەگەڵ عەسکەرییەکاندا**

بدەن و ناتوانن بچنە ناو دانوستـــاندنەکانەوە و هیچ لایەنێکیـــش ناتوانن لەناویان بەرن . قیبلەنماو ویژدانێکی بێگەردیان هەیەو ئێستا داوای ڕۆشتنی عەسکەرییەکان دەکەن بەبێ مەرج، بۆیە خۆنیشاندان و مانگرتنەکانیان لە پێناوی یەکەمین ساڵیادی شۆڕش دا کراوەیە، ڕەنگە ئەمانە شەپۆلی دووەمی شۆڕش بن، بـــۆ لەباربردنی هەبوونی عەســـکەرییەکان لە دەسەڵاتدا بەشـــێوەیەك لە شێوەکانی وەك مۆدێلی پاکســـتانی یان مۆدێلی تورکی . لەپشتەوەی ئەم گەنجانەش هێزە لیبرالیەکان دێـــن کـــە ئەوانیـــش ترســـیان لەبەرامبەر هەژموونی ئیســـلامیەکان هەیە، سەید پێی وایە کە قەیرانێکی نەبوونی متمانەی تووند هەیە لەنێوان ئەو گەنجانەی لەشۆڕشەکەدا تووشـــی ڕاوەدوونان و گرتن و لێدان بوونەوە لەبەرامبەر هەردوو ئەنجومەنی عەسکەری و ئیسلامیدا، ئیخوانیەکان و سەلەفیەکانیش بەپێی ئەوەی ڕایانگەیاندووە هەموو شێوازێك ڕەت دەکەنەوە لەو شێوازانەی کە ئەنجومەنی عەســـکەری دەخاتـــە ســـەروو دەوڵـــەت و دامودەزگاکانـــەوە بەڵام ئەم هەڵوێســـتەیان شۆڕشـــگێرانە نییەو لـــە چاوەڕێی ئەوەدان بچنە ناو پەرلەمانەوەو کەرەستە سیاسیەکانی خۆیان لـــە دانوســـتاندن بـــەکار بهێنن بۆ لە ڕوو وەســـتانەوەی عەســـکەرەکان. کەس



سەلامە ئەحمەد سەلامە نووسەری ناوداری میسر:

**لە ترسی ئەوەی گەر هێزە ئیسلامییەکان جڵەوی کارەکان لە میسردا وەدەست بگرن، ڕۆشنبیران خەریکن لیژنەکانی داکۆکی دابمەزرێنن بۆ داکۆکی کردن لە ئازادی داهێنانی ئەدەبی و هونەری..**

نکۆڵی لەو ســـەفقانە ناکاتـــەوە کە لەنێوان ئیخوانییەکان و عەســـکەرییەکاندان هەموو ئەم پێشـــهاتانە بەشـــێوەیەك لە شـــێوەکان دەبێتـــە هـــۆی پێکدادانـــەکان، بەتایبەتی گرفتێکی تریـــش هەیە ئەویـــش ناکۆکیە لەسەر پرەنســـیپەکانی کە بەهۆیەوە لیژنەی دەســـتووری پێ دیاری دەکرێت هەریەك لە سێ جەمســـەرەکە ئامانجی خۆی هەیە بۆ وەدیهێنانی کـــە هیچیان ئامانجەکانیان یەك ناگرنەوە ئەنجامەکانیـــش بەپێی لێهاتوویی جەمســـەرێکیان لەســـەر بەردەوامبـــوون بۆ دانانی فشار دەردەکەون لەهەموو حاڵەتەکاندا مەســـەلەکە ترسناکە کە پێویستە لەسەر هەر جەمســـەرێك چارەســـەرێکی مامناوەندی بدۆزێتەوە بۆ گەیشتن، کە تێیدا هاوسەنگی لە نێوان داخوازییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و دەزگای سەربازی و هەروەها داخوازییەکانی شـــەفافییەت و دەوڵەتی مەدەنـــی ئەنجام بدرێت یا وەدی بێت، تا بگەنە چارەســـەرێك کە وڵاتەکە ڕانەکێشـــێت بەرەو چرکەساتی پێکـــدادان لەژێر ســـایەی ئەو مەترســـییە ڕاستەقینانەی کە میسر چاوەڕێیان دەکات، بۆیە پێویســـتە لەســـەر هەموو ئاقڵمەندوو سیاسەتمەدارو دامودەزگاکانی کار کردن لەم مەترســـیانە دوور بکەونەوە. لەلایەکی ترەوە دکتۆر عیسام عریان سەرۆکی پارتی ئازادی و دادپەروەری باڵی سیاســـی ئیخوانەکان وا دەبینێت کە ٣٠ ملیۆن دەنگدەری میســـری بە ئیرادەی خۆیان نوێنەرەکانیان هەڵبژاردووە ئەوەش ڕێگای گرت لە هەموو ئەوانەی کە دیانویست بەربەست بۆ ڕێچکەی دیموکراتی لە میســـر دابنێن، جەخت دەکاتەوە لەســـەر ئەوەی هەموو ئەمانە پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانـــی شـــۆڕش و وەفـــاداری بۆ شەهیدەکان و کەم ئەندامەکانی و پشتگیری کردنی ئامانجەکانی کە هەمووان لەســـەری کۆك بوون کە لەدادپەروەری کۆمەڵایەتی و کەرامەتی مرۆڤایەتی و ئازادییە گشتییەکان خۆی دەبینێتەوە..

هەروەهـــا عوریان وای دێتە پێش چاو کە گەل تەنیا ســـەرچاوەیە کـــە مافی ئەوەی هەبێت پێشـــنیازی یاســـاکان و هەڵبژاردنی دەستووری بکات، ئەنجومەنی گەل و شوورا ئەنجوومەنێکـــی دامەزرێنـــەر هەڵدەبژێرن بە ئیرادەیەکی ئازادانەوە بۆ دارشـــتنەوەی دەســـتوور نەك بەپێی دەســـتێوەردان و لەژێر فشاری ئیرادەیەکی دوور لە گەل، بۆ ئەوەی دەســـتوور دەربڕی ئیـــرادە میللیەکەی گەل بێت نـــەك پابەند بکرێت بە شـــتی لاوەکی ترەوە،سوپا شـــوێنە سرووشتیەکەی خۆی بۆ

پاراستنی وڵاتەو لەسیاسەتدا بەکارنەهێنرێت، دەشـــڵێت: ئێمە لەبەر دەمـــی تەحەدیات و چەندین ویســـتی هەمە چەشنەداین کە لە ململانێدان دژ بە یەکتر، دەزگایی سەربازی ڕۆڵی خۆی دەوێت و دەســـتەبژێری بۆ پەیدا بووە، گـــەل دیەوێت ئیرادەکـــەی وەدیبێت بەســـەر زەمینەوە، عوریان هەر دەسکەوتێك ڕەت دەکاتەوە کە چارەنووســـی ئەنجوومەنی سەربازی و ئیخوانەکان پێکەوە گرێ بدات، دەڵێت ئێمە دوایەمین کەســـین کە پێوەندیمان بە عەسکەرییەکان و فشاری ڕاگەیاندنەکان و سیاسەتمەداران و دەستەبژێرانی ترەوە بێت لـــە کاتێکدا ئەوانە زۆریان ڕەواجیان بە نزیك بوونەوەمان لەگەڵ ئەنجوومەنە سەربازییەکە دەدا بەڵام لێی دوور کەوتینەوە، سەبارەت بە پەرلەمانـــی داهاتووش وتی : ئێمە لەبەردەم دیمەنێکی قەشـــەنگداین، هەموو دەنگەکان بوونیـــان هەن، هاوکاریـــی یەکتر دەکەین بۆ پەراندنەوەی وڵات و دەرچوون لە ملیوانەی تەسکی شووشـــەکە، میتۆدیشـــمان دەبێتە ڕاوێژکـــردن بە یەکتری و هاریکاری یەکترو دیالۆگ لەگەڵ هەمووان‌دا بەبێ ئاوارتە(بێ ئیستیسنا).



شرۆڤەکاری سیاسی میسری سەمیر سەید:

**گرفتی گەنجانی شۆڕشگێڕ ئەوەیە دانوستاندن قبووڵ ناکەن چونکە لەڕووی شۆڕشگێڕییەوە خۆیان بە پاك و بێگەرد دەزانن و پێیان ناکرێت سەفەقات ئەنجام بدەن و ناتوانن بچنە ناو دانوستاندنەکانەوە و هیچ لایەنێکیش ناتوانن لەناویان بەرن**

**ڕەشید تاهیر**
**بریکاری وەزیری دارایی و ئابووری بۆ گوڵان:**

# بەشە بودجەی هەرێم لە بەغدا فرتوفێڵی تێدا کراوە

## لەمساڵدا ١١ هەزارو ٥٩٥ پلەمان داناوە بۆ دامەزراندن

## ٦٠ ملیار دۆلار لەبانکی ناوەندی کەڵەکە بووەو نایانەوێت کوردستانیەکان لێی سودمەند بن



**پرســـە دارایی و ئابوورییەکان بەو تەوەرە جدیانە دادەنرێت کە ڕاســـتەوخۆ پێوەندی بە ژیانی ئابووری و بژێوی هاووڵاتیانەوە هەیە، بەتایبەتی مەســـەلەی بەشـــە بودجەی هەرێمی کوردستان کە لە بەشـــە داهات و بودجەی گشتی عیراقی فیدراڵ دیاری دەکرێت و لە سەرچاوەکەیەوە ناشەفافیەتی تێدایەو بەبەردەوامی ئەو بەشە بودجەیەی هەرێمی کوردستان کەم دەکرێتەوە. لەلایەکی ترەوە بودجەی هەرێمی کوردســـتان و بوارەکانی موچەو بەرنامە داراییەکانی ئەمســـاڵی وەزارەتی دارایی و ئابووری قسەو باسێکی زۆر هەڵدەگرێت.**

**بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە وردەکارییەکان، چەند پرســـیارێکمان لە ڕەشـــید تاهیر بریکاری وەزیری دارایی و ئابووری کرد کە لەم ڕاپۆرتەدا تیشکی خستەسەر.**

## لە بودجەی عێراق و پێترۆ دۆلارو پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان ئاگادار نین

ســـەبارەت بەبودجەی ئەمســـاڵی عێراق و بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان ڕەشید تاهیر بریکاری وەزیری دارایـــی و ئابووری وتی: ساڵ لە دوای ساڵ هەڵســـوکەوتی وەزارەتی دارایی عێراقی فیـــدراڵ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەنی بودجەوە خراپترە، حکومەتی عێراقـــی لەبواری بودجەو دارایی هەر وەکو پارێزگاکانی ئەنبارو نەینەواو بەسرە هەڵســـوکەوت لەگەڵ ئێمە دەکـــەن، هەموو ساڵێك لە مانگی ٧و٨ دا هەموو وەزارەتەکان و ئێمەش بۆ ساڵی داهاتوو خەمڵاندن و داواکاری خۆمـــان و پێویســـتی حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان لە بودجەی ئاسایی و وەبەرهێنان و میـــلاکات دەخەینەڕوو، بـــەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان لـــە لایەن وەزارەتـــی دارایی عیراقی فیدراڵ بانگهێشـــتی ئێمە نەکراوە، بۆ ئەوەی لەسەر بودجەو خەمڵاندن و پێداویستییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان ئامادەبین و گفتوگۆیـــان لەگەڵ بکەیـــن، تاوەکو بزانین بودجەکـــە چەندەو چۆنـــە؟ هەروەها پاش تەواوبوونی بودجەکە وەرەقەیەکـــی لەنـــاودا هەیـــە بەناوی (طریقە احتســـاب حصە اقلیم کوردستان)لەمەشـــدا ئـــاگاداری ئێمە ناکەنـــەوەو هەندێك جار لە پرۆســـەی حیساباتەکەشـــدا گۆڕانکاری و فرتوفێڵ لە بودجەی ئێمەدا دەکەن.

ئامادەکردنی بودجە لیژنەی پێویســـتەو بە مافی خۆمانی دەزانین لە لیژنەی ئامادەکردن و دانانـــی بودجەدا نوێنەرمـــان هەبێت، بەڵام ئـــەوان قبوڵ ناکەن نوێنەرمـــان لەو لیژنەیەدا هەبێت، هاوکات ئـــەو کوردانەی کە نوێنەری داراییین لە بەغدا هیچ ڕۆڵێکیان نییە، داهاتی ســـاڵانەی عیراق لە٩٥٪ی داهاتی پیترۆڵەو خەمڵاندنی ڕۆیشتنی پیترۆڵەکەیان لە هەموو عیراق کردووە، بەوەی گوایە ڕۆژانە (٢ملیۆن و٦٠٠ هـــەزار بەرمیل) پیترۆل دەڕواتە دەرەوەو لەم ژمارەیەشـــدا ١٧٥هـــەزار بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردســـتانە کە حیساب کراوەو نرخی هـــەر بەرمیلێك نەوتیان بـــە ٨٥ دۆلار داناوەو نرخی دۆلارێکیان بە ١١٧٠ دینار داناوە، بەڵام ئێمە لەو وردەکارییانەیان ئاگادارنین، بۆ نموونە بۆ ئەو بڕە نەوتە خـــاوەی کە ڕۆژانە دەڕوات ٢ملیۆن و ٧٠٠ یا٥٠٠ هەزار بەرمیل نەبوو یا نرخی یەك بەرمیل نەوتی خاویان خەمڵاندووە بە ٨٥ دۆلار لەکاتێکدا ١٠٠ دۆلارو زیاتریشە، واتە شەفافیەت لە دانان و خەمڵاندنی بودجەو بڕی پێترۆلی ڕۆیشتوو نرخەکەیدا نییە. ئەم ساڵ ٥ بودجە بە دەســـتی ئێمە گەیشتووە واتە٥بودجە لە وەزارەتـــی دارایی عیراقی ئامادەکراوەو دوا بودجە کە ئامادەکراوە و بەرزبۆوە بۆ١٣٢ترلیۆن دینـــار، بەڵام ئـــەو بودجەیەی کـــە ڕەوانەی پەرلەمانی عیراق کراوەو گفتۆگۆی لەســـەر دەکرێت (١١٧) ترلیۆن دینارەو بەشی ئێمە لە ١٣٢ ترلیۆن دینار کە بۆمان هاتبوو ١٤ ترلیۆن و ٢٠٠ملیار دینار بووە، بەڵام پاشان کە حکومەتی عیراقی گۆڕانکاری لە بودجەکەیدا کردو بەشی ئێمە بووە ١٢ترلیۆن و ٦٠٠ ملیار دینار، واتە بەشە بودجەی هەرێمیان کەم کردەوە، هەر چەندە ڕاستە بودجەی گشتی عیـــراق کەم کراوەتەوە، بەڵام کە دەڵین بەشـــە بودجە هەرێمی کوردســـتان لـــە ١٧٪یە لێرەدا تەماشـــا بکەین بەشـــە بودجەکـــەی هەرێم لە١٧٪نییە، چونکە لەکاتێکدا بودجەی عیراق ١١٧ ترلیۆن دینار بێت، ئەوە بەشـــە بودجەی ئێمە زیاتر لە ٢٠ترلیۆن دینار دەبێت. ئەوان لە حکومەتی عیراقی فیـــدڕاڵ دێن بڕێکی زۆر

**نازانرێت لەسەر چ بنەماو پێوەرێك ڕۆژانە ٢ ملیۆن و ٦٠٠ هەزاربەرمیل پێترۆل دەڕواتە دەرەوەی عیراق و بەهای بەرمیلێك پێترۆلیش بە ٨٥دۆلارەو دۆلارێکیش بە ١١٧٠دینار دانراوە!**

بە ناوی ســـیادی و حاکیمە و گەشـــەپێدانی پارێـــزگاکان و پترۆدۆلار کـــەم دەکەنەوەو بەم ڕێگایانەوە بەشە بودجەی ئێمەش کەم دەکەنەوە بـــە ڕێژەی لە(٦،٤٪)ی لـــە ١٧٪ی دەبڕن و کەمـــی دەکەنەوە لەو کاتەدا بەشـــە بودجەی ئێمـــە ڕێژەکـــەی دەبێتـــە(١٠،٦٪)، زۆرجار گفتوگۆمـــان کردووە کە پێویســـتە بۆ بڕینی پارەی سیادی زەوابتێك هەبێت بۆ نموونە بڵێن ساڵانە بۆ سیادی و کارەکانی تر لە ٥٪ە، نەك بە ئارەزووی خۆیان زیادوو کەمی پێ بکەن، یا بڕگەیەکی تر بکەنە سیادی، هەروەها لە پترۆدۆلار



هەر بەرمیلێك بەرهەم بێت یەك دۆلار بۆ ئەو شوێن و پارێزگایەیە كە نەوتەكەی لێ بەرهەم هاتووە، بەڵام لـەم خشـتەیەدا پترۆدۆلاری هەموو عیراق یەك ترلیۆن و ٦٧٦ملیار دینارە و لەبەشـی ئێمەدا هاتوون لە ١٧٪یان هێناوەتە خوارەوە و دواتـر ٤٢ملیاریان پێداوین، ئەگەر بەڕاسـتی پترۆدۆلارەكە حیسـاب بكرێت بە پێی لە١٧٪ ئەوە بەشی ئێمە دەكاتە ٢٨٥ملیار كەواتە ٢٤٣ملیاریان لـە ئێمە كەم كردۆتەوە و زیانیان بـە ئێمە گەیاندووە، لەلایەكی ترەوە پارەی پەرەپێدانی پارێزگاكانی هەموو عیراق سـاڵانە زیـاد دەكات تەنیا هی كوردسـتان وەكـو خۆیەتـی و بەپێـی ئەو ڕێـژەی بۆ پارێزگاكانی ئێمەیان داناوە، ئەگەر تەماشای ژمارەی دانیشـتووانی هەموو عیراق بكەین ٣٣ملیۆن و ٢٥٩هەزارو ٧٤١كەسە و ژمارەی دانیشـتووانی هەرێمی كوردسـتان ٤ملیۆن و ١٨٩هەزارو ٧٠٢كەسـە و ئـەو ڕێژەی لە گەشـەپێدانی پارێزگاكان كە بـۆ هەرێمی كوردستان دانراوە بە حیسابی ئێمە ٧٠٠هەزار كەسیان لە دانیشتوانی هەرێمی كوردستان لە دانانی ڕێژەی بودجەكەماندا هەژمارنەكراوە، ئەوەش دیارە بـۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەر بەپێی بیتاقەی ئازووقـەی كۆن مامەڵەمان لەگەڵ دەكەن، بۆیە لەكاتێكدا ئێمە لە گفتوگۆكردنی بودجە لـە بەغـدا ئامادەبووینایـە بەهیچ جۆرێك ئـەو كەموكوڕیانەمان قبوڵ نەدەكردو نەمان دەهێشـت ئەوە تێپەڕبێت. هەروەها هەر موازەنەیەك یاسـایەكی لەگەڵـە كە لەمەش ٤٠تا ٤٢ماددەی داناوەو لە سـاڵی ٢٠٠٧ەوە بودجەی پێشـمەرگە لە ناو بودجەی وەزارەتی بەرگری عیراقی فیـدڕاڵ جێگیركراوە، بەڵام تا ئێسـتا یەك دیناریشـیان بەناوی وەزارەتی پێشـمەرگە نەداوەتە هەرێمی كوردسـتان كە بەیاسـا لە چوارچێوەی بودجـەی وەزارەتی بەرگـری عیراق دانراوە و لە سـاڵی ٢٠٠٧ تا ئێسـتاكە ئەو ڕێژەی بودجـەی وەزارەتی پێشـمەرگە لە ناو بودجەی وەزارەتی بەرگری حیسـاب بكەین دەكاتە٦ترلیۆن و ١٣١ ملیار دینار و ئەو سـاڵیش كە بودجە داخیل دەكەن یاسـاكە وادادەنێن كە لە بەرژەوەندی میللەتی كوردو كوردستان نەبێت.

**بە پێی یاسا لە هەموو وڵاتێكدا تێكڕای بودجەی بەگەڕخستنی كە بۆ مووچەی فەرمانبەران دەڕوات، نابێت لە٢٥٪زیاتر بێت، هەر كاتێك لە ٣٢٪ تێپەڕێت هێڵی سوورە..**

**بەشی ئێمە لە ١٣٢ ترلیۆن دیناری كۆی بودجە گشتییەكەی عیراق، ئەوەی بۆمان دانرابوو ١٤ ترلیۆن و ٣٠٠ملیار دینار بووە، پاشان كە حكومەتی عیراقی گۆڕانكاری لەبودجەكەیدا كردووە، ئێستا بەشی ئێمەیان بۆ ١٢ترلیۆن و ٦٠٠ ملیار دینار كەمكردۆتەوە**

ئێستاش چارەسـەركردنی كێشـەكانمان لەبارەی بودجەكە بۆ ئەمساڵ زەحمەتە، چونكە بودجەكە چۆتـە پەرلەمان بۆ گفتوگۆكردن، بەڵام ئێمە تێبینی بیروبۆچوونەكانی خۆمان بـە ئەنـدام پەرلەمانەكانـی هاوپەیمانـی كوردستانیمان داوە تاوەكو چاوڕوونییان لەسەر بودجەكـەو كێشـەو گرفـت و تێبینیەكانی كوردستان هەبێت و بەمەبەستی چارەسەركردن گفتوگۆی لەسەر بكەن.

بەڵام دیسـان لەوێ كارەكان ئاسان نییە لەبەر ئـەوەی ٦٠دەنگ بەرامبەر٣٢٠دەنگ زۆر قـورس و زەحمەتـە بتوانن هیچ كارێك بكەن. بەڵام ئەگەر ئێمـە ئامادەبوایانیە یا بریكاری وەزیری دارایی كە كوردە ئەو تواناو دەسەڵاتانەی هەبووایەو قبوڵی ئەو بودجەیەی نەكردبوایـە و بیگوتایـە بـا ڕاوبۆچوونی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەسەر بودجەكە وەربگرم لەپاشان ڕەوانەی پەرلەمانی بكەن.

**بودجەی هەرێمی كوردستان نزیكەی ١٥ترلیۆن دینارە**

سـەبارەت بەوەی كە دەنگۆی ئەوە هەیە بودجەی هەرێمی كوردستان دوادەكەوێت و ئەو بودجەیە چەندی بۆ بەگەڕخسـتنەو چەندی بۆ وەبەرهێنانە، بریـكاری وەزیری دارایی و ئابـووری وتی: بودجەی ئێمە ئێسـتاكە لە قۆناخی كۆتایدایـەو ئێمە چاوەڕوانی بەغدا دەكەین نەوەكو گۆڕانكاری لەسـەر بودجەكە بكەن. بودجەی هەرێمی كوردستان لە٩٨٪ی لـە بودجـەی عیراقەو ئەو بەشـەی كە لە عیراق پێمـان دەدەن ١٢ترلیۆن و ٦٠٠ملیار دینارەو هەندێك داهاتی ناوخۆیشـمان هەیە كە خسـتومانەتە سـەر بودجەكە، بەگشتی بودجـەی هەرێمـی كوردسـتان نزیكەی ١٥ترلیۆنـەو لەو بودجەیـەدا لە ٣٠٪ ی بۆ وەبەرهێنانە و لە ٧٠٪ی بۆ بەگەڕخسـتنە، ئەمەش كاریگەری خراپی لەسـەر ئابووری كوردسـتان هەیە، بە پێی یاسـا لە هەموو وڵاتێك دەبێت تێكڕای بودجەی بەگەڕخستن كە بۆ موچـەی فەرمانبەران دەڕوات نابێت لە٢٥٪زیاتر بێت، هەر كاتێك لە ٣٢٪ تێپەڕێت هێڵی سـوورە گەرچی ئەو بودجەیەی ئێمە كە لـە بەگەڕخەسـتن دەڕوات چەند هێڵی سـووری بڕیوە. هـەر ئەمەشـە وایكردووە زۆرجار بودجـەی وەزارەتەكان كەمبكرێتەوە، چونكە ئـەو بودجەیـەی كە بـۆ ئێمە لە بەغدا دانراوە ١٢ترلیۆن و ٦٠٠ملیار دینارەو وەزارەتەكانیش دێن داواكاری پێویستی خۆیان لە كارو پڕۆژەكان پێشكەش دەكەن و لە پاش ئەوەی گفتوگۆیان لەگەڵ دەكەین و حیسابی پارەی خۆمـان دەكەین دەبینین كۆی پارەی پڕۆژەی پێشكەشـكراوو پـارەی داواكراوی وەزارەتـەكان دەگاتە ١٥ترلیـۆن و ئەمەش زۆر لە پارەی خۆمان زیاترەو ناتوانین پارەی موچەو خانەنشـینی و بەگەڕخستنیش كەم بكەینەوە بۆیـە مەجبورین پارەی وەزارەتەكان كەم بكەینەوە.

**مووچەی فەرمانبەران و بەهای پێترۆڵ**

سـەبارەت بـەوەی دەنگۆی ئـەوە هەیە موچەی فەرمانبـەران زیاد دەبێت بریكاری وەزیری دارایی و ئابووری وتی: پێویستە ئەو لیژنانەی كە لە بەغـدا بڕیاری زیادكردنی موچە دەدەن و كاری لەسـەر دەكەن كەسانی پسپۆڕو شارەزابن و ڕەچاوی هەموو توێژەكانی كۆمەڵـگا بكەن، نەك مووچەی یەكێك زیاد بكـەن و یەكێكی تر كەم بێـت، واتە دەبێت دادپەروەری كۆمەڵایەتی لەناو ئەو پڕۆسەی زیادكردنەی موچەیە هەبێت،بەڵام هەرچەندە ئێمـە ئـاگاداری وردەكارییەكانی ئەمجۆرە بڕیارانە نین و نوێنەرمان لە بەغدا نییە، بەڵام پێویسـتە هەر بڕیارو یاسایەك لە پەرلەمانی عیراقـی دەردەچێت و پەسـەند دەكرێت ئەوە ئێمەش پابەندی دەبیـن و جێبەجێی دەكەین و هەندێك جـار كە دەرماڵەیەكیش دەردەچێت دەبێت ئێمەش پابەندی بین، بۆ نموونە ئێستا ئێمـە لە سـاڵی ٢٠١٢داین و بڕ و بەشـە بودجەی ئێمـە دیاریكراوە لـە كاتێكدا كە دەرماڵەیـەك دەردەچێت كە بە فەرمانبەرانی بدەین ئەوە دەبێت ئێمە لەهەمان ئەو بودجەیەی بۆمان دانـراوە ئـەو دەرماڵەیـەش بدەین، گەرچی پێویستە لەگەڵ دەرچوونی بڕیاری پێدانـی دەرماڵەكە هەر بەپێی ئەو دەرماڵەیە

**بودجەی پێشمەرگە لەناو بودجەی وەزارەتی بەرگری عیراقی فیدڕاڵ جێگیركراوە، بەڵام تا ئێستا یەك دیناریشیان بەناوی وەزارەتی پێشمەرگە نەداوەتە هەرێمی كوردستان..**

حکومەتی عیراقی پارە بە ئێمە بدات بە هەمان شێوەی بودجەکە کە ١٧٪ە، لەکاتی هەر گۆڕانکارییەکی موچە یا دەرماڵەدا. ئەوان یەك دینار بۆ ئێمە زیاد ناکەن هەر بۆیە لە کاتی زیادکردنی موچە یا پێدانی دەرماڵە کێشەمان بۆ دروست دەبێت، ئێستا مووچەی هێزی ناوخۆو پێشمەرگەو زێرەڤانی و ئاسایش زیادیکرد و مووچەکەشیان زۆر بووە، بەراورد بە مووچەی فەرمانبەرانی مەدەنی زۆر زیاترە. لە لایەکی ترەوە دڵێن ئەگەری زیادبوونی مووچەی فەرمانبەران بەگشتی هەیە. بەڵام منیش وەکو ئێوە لە ڕاگەیاندنەکانەوە زانیومە، ئەگەر هاتوو ئەو بڕە نەوتەی کە ڕۆژانە دەڕوات ٢ملیۆن و ٦٠٠ هەزار بەرمیلە زیاد بکات یا نرخی یەك بەرمیل کە خەمڵاندویانە بە ٨٥ دۆلار و زیاد بکات پاش ٦ مانگی یەکەم لەو ساڵەدا ئەو کات بڕیاری ئەوە دەدرێت مووچە زیاد بکرێت. ئەمەش هەر وتەی بەغدایە لە ڕاگەیاندنەکانەوە زانیومە، بە فەرمی هیچ شتێك نییە.

### دامەزراندن لەمساڵدا

سەبارەت بە دامەزراندن لە ساڵی ٢٠١٢ بریکاری وەزیری دارایی و ئابووری وتی: دامەزراندن بەشێوەی ساڵی ڕابردوو نییە، بەڵکو لەساڵی ٢٠١٢ دا ١١ هەزارو ٥٩٥ پلەمان داناوە بۆ دامەزراندن، ئەم کەمبوونەوەیەش لە ڕێژەی دامەزراندن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت کەمتر پێویستیان بە دامەزراندن هەیە، لەلایەکی ترەوە ئێمە هەوڵ دەدەین کەرتی تایبەت بۆ کارپێکردنی لاوان و خاوەن بڕوانامەکان کاراتر بکەین .

### دامەزراندنی کارمەند بەگرێبەست

سەبارەت بەوەی سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو کارمەندو فەرمانبەرانەمان هەیە خەڵکی تر بەگرێبەست لە وەزارەت و دامودەزگاکانی تر حکومەت دادەمەزرێن بریکاری وەزیری دارایی و ئابووری وتی: گرێبەست بەپێی یاساو ڕێنمایی دیاریکراو دەکرێت ئەوەش بۆ ئەوەی ئەگەر کارمەندێك یا پسپۆرییەکت پێویست بێت و لە لای خۆت نەتبێت و بە دامەزراندنیش دەستت نەکەوێت ئەوە گرێبەست لەو کاتە لەگەڵ ئەو کەسە یا ئەو پسپۆڕاتییە دەبەستریت، ئەوەش بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە شەش یا ساڵێکە، هەر کاتێك ماوەی گرێبەستەکەی تەواو دەبێت ئەوە ئیش لەگەڵ ئەو کەسە نامێنێت و نابێت سەرەڕای ئەو هەموو کارمەندەی خۆمان بچین کارمەند بە گرێبەست بێنین.

**تەنانەت ناتوانین مووچەی خانەنشینی و بەگەڕخستنیش کەم بکەینەوە، بۆیە مەجبورین پارەی وەزارەتەکان کەم بکەینەوە**

**لەگەڵ دەرچوونی بڕیاری پێدانی دەرماڵەدا، بەپێی دەرماڵەکان پێویستە حکومەتی عیراقی بە هەمان شێوەی بودجەکە پارە بە ئێمە بدات، بەڵام ئەوان لە کاتی هەر گۆڕانکارییەکی مووچە یا دەرماڵەدا، یەك دینار بۆ ئێمە زیاد ناکەن**

### کارمەندو ئامێری زۆرمان هەیە کەچی هەموو پرۆژەیەك دەدرێتە کەرتی تایبەت

سەبارەت بەوە کە هەندێ وەزارەت ئەندازیارو ئالییەت و کارگەیەکی زۆریان هەیە کەچی زۆربەی پرۆژەکانیان لە لایەن کەرتی تایبەت و کۆمپانیای لاوازو کەم ئەزموونەکان جێبەجێ دەکرێت بریکاری وەزیری دارایی و ئابووری وتی: ناکرێت هەموو کارو پرۆژەکان بدرێت بە کەرتی تایبەت لەکاتێکدا خۆمان ئەو هەموو ئامێرو کارگەو کارمەندو ئەندازیارانەمان هەیە، هەرکاتێك لەتوانای بەڕێوەبەرایەتیەکانماندا نەبوو کارو پرۆژە بکەن ئەوکات دەدرێتە کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان.

### پێدانی ١٠٠ مووچە بۆ فەرمانبەران هەر قسەیە

سەبارەت بەو ١٠٠ مووچەیەی کە باس دەکرێت بدرێتە فەرمانبەران لەلایەن بانکی ڕافیدەین و ڕەشیدی عیراقی بریکاری وەزیری دارایی و ئابووری وتی:دوو ساڵە بەرپرسانی حکومەتی فیدرالی عێراق باس لەوە دەکەن کە گوایە ئامادەن بێنە کوردستان و لقەکانی بانکی ڕافیدەین و ڕەشید لە کوردستان بکەنەوەو پارە بەقەرز بدەنە فەرمانبەران، لەو کاتەی کە وەزیری دارایی عێراق هاتە هەولێر ڕاستەوخۆ ئێمە ئامادەباشی خۆمان پیشاندا گەڕێتەوە ئەو بانکانە لەهەرێمی کوردستان بکەنەوە، ئەوا ئێمە هاوکاریی پێویستیان دەکەین و ئەو باڵەخانانەی بۆ بانکەکان دەیگرن با لەسەر حیسابی ئێمە بێت و کەفالەتی فەرمانبەرانی خۆشمان دەکەین بۆ گێڕانەوەی قەرزەکە، چونکە ئەوان بڕە پارەیەکی زۆریان لەژێر دەستدایەو دەیانەوێت بیبەنە دەرەوەی عیراق وەبەرهێنانی پێ بکەن، بۆیە ئێمە بە باشمانزانی بیهێنینە کوردستان یا بەلایەنی کەم لە٥٪ی ئەو بڕە پارەیە بە قەرز بە ئێمەی بدەن و من بۆ ئەو پارەیەش هەوڵمداوەو داواکردووەو نووسراویشم کردووە ئەگەر لە ٥٪ لەو پارەی لە ژێر دەستی ئەو دوو بانکەدایە بە قەرز بە ئێمەی بدەن لە ڕێگای هەردوو بانکی خۆیان کە لقیان لە کوردستان بکەنەوە بۆ ئەوەی چەندین کارو ئیش و پرۆژە هەیە بەو پارەیە ئەنجامی بدەین، بەڵام ئەوانە تەنیا قسەیە دەیکەن و نایەن و کەیفیان بە میللەتی کوردو هەرێمی کوردستان نایەت و چاویان بە هەرێمی کوردستان هەڵنایەت. ئەوان بەس بۆ ڕاگەیاندن دڵێن ١٠٠ مووچە دەدەین و لە هەقیقەتە بەرامبەر ئێمە وانییە و منیش حەز دەکەم ١٠٠مووچە بە فەرمانبەرانی خۆمان بدەم، بەڵام ئەوان لە بانکی ناوەندی لە بەغدا ٦٠ملیار دۆلاریان لەبەر دەستیاندایە کەچی نایەنەوێت خەڵکی هەرێمی کوردستان سوود لەو بڕە پارە زۆرە وەربگرێت.

### پێشینەی خانووبەرەو هاوسەرگیری و قەرزی کشتوکاڵی

سەبارەت بەو بڕە پارەیەی کە تاکو ئێستاکە خەڵکی هەرێمی کوردستان لە پێشینەی خانووبەرەو هاوسەرگیری و قەرزی کشتوکاڵی لێی سوودمەندبوون، بریکاری وەزیری دارایی و ئابووری وتی: پێشینەی خانووبەرە تا ٢٠١١/١٢/٣١لە هەر دوو پارێزگای هەولێرو دهۆکەوە بۆ سەنتەری شارو دەرەوەی شار بۆ هەموو تویژەکانی ئەو شارانە ٩٥٧ملیار دینار دراوە و ٦٠هەزارو٥٠٠کەس لێی سوودمەندبوون و لە بانکی کشتوکاڵی لە سنووری پارێزگای هەولێرو دهۆك ٧٥ملیاردینار بە جوتیاران دراوە و ئەوانەی لێی سوودمەندبوون ٣هەزارو ١٣٣کەسە و لەبواری پێشینەی هاوسەرگیری تا ئێستاکە ٨٧هەزارو٩٠٦ کەس سوودمەندبوون و ئەو پێشینانەش لە ساڵی تازەشدا هەر بەردەوامن.

**تا ئێستا لەهەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆك لە پێشینەی خانووبەرە زیاتر لە ٦٠ هەزار کەس و لە هاوسەرگیری نزیکەی ٨٨ هەزار کەس سودمەند بوون**

### فایدە کەوتۆتە ناو ماستەرپلانی دهۆکەوە

# لە فایدە ٥٠٠ خانوو تاپۆیان نییەو کێشەی کوژاندنەوەی زەویش هەیە

لەدوای ئەوەی دهۆك بوو بە پارێزگاو سێمیل کرا بە قەزا؛ فایدەش لە ساڵی ١٩٧٨بوو بە یەکێك لە ناحیەکانی سەر بە قەزای سێمیل، لەپاشان بۆ ماوەی ١٠ساڵ سەنتەری ناحیەی فایدەو چەند گوندێکی مەسیحی سنوورەکە کە ڕووبەری زەوییەکانیان ٢٥هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشـــەیەو لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە کرا بە سەربازگە. ئەم ناحیەیە نزیکەی ٤٠گوندی مەسیحی و ئێزیدی و موسڵمان لە خۆدەگرێت و چوار گوندیش هەر لە کۆنەوە عەرەبن، بەڵام لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا جگە لە چوار گوندە عەرەبەکە هەر هەموو سنوورەکە تەعریب کراو دانیشتووانەکەشی بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان ڕاگوازران. لە دوای ساڵی ١٩٩١بەشێکی ئەو سنوورە هەر لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسیدا مایەوە، تا پرۆسەی ڕووخانی رژێمی بەعس.

ئێســـتا ژمارەی دانیشتووانی فایدەو سنوورەکە بەگشـــتی ٦٥هەزارو٩٨٦کەسە، دانیشتووانی سنوورەکە بەتایبەتی گوندەکان بەکاری کشـــتوکاڵییەوە خەریکن. ناحیەی فایدە کەوتۆتە سەر ڕێگایەکی ســـەرەکی ستراتیژی ئەویش بە ڕێگای موسڵ – دیاربەکرە نلســـراوەو ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لۆری و ئۆتۆمبێلی بارهەڵگـــری پێدا تێپەڕدەبێت، هەرچەندە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و ئیـــدارەی پارێزگای دهۆکەوە کارو پرۆژە بۆ ناحیەی فایدەو ســـنوورەکە کـــراوە، بەڵام لە بوارە خزمەتگوزارییەکان کەموکوڕی و کێشە و گرفتێکی زۆر بەدی دەکرێت.

تیمی (گۆڤاری گوڵان) ســـەردانی ناحیەی فایدەی کردو لـــە نزیکەوە چەند هاووڵاتییەکمان دواند کە گلەییان لە بواری خزمەتگوزارییەکانی ئاو و ئاوەڕۆو شـــارەوانی و پەروەردەو تەندروســـتی هەبوو، ئەو گلەیی و داواکارییانەی هاووڵاتیان و چەند پرســـیارێکی ترمان لە(قادر یاســـین) بەڕێوەبەری ناحیەی فایدە کـــرد، لەم ڕاپۆرتەدا پوختەی وەڵامەکان دەخەینەڕوو.













قادر یاسین

بەڕێوەبەری ناحیەی فایدە بۆ گوڵان :

# لە فایدە کێشەی تەندروستی و پەروەردەمان هەیە



**فایدە کەوتۆتە ناو ماستەرپلانی دهۆك**

سەبارەت بە ماستەرپلانی فایدە کە یەکێکە لەو کارانەی کە بۆ هەموو شارو شارۆچکەیەك لەکاتی گەورەبوون و گەشەکردن و ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان پێویستێتی، بەڕێوەبەری ناحیەی فایدە وتی: سەنتەری ناحیەی فایدە ١٨کیلۆمەتر لە شاری دهۆکەوە دوورەو شارەکە بەرەو سەنتەری ناحیەی فایدە گەورەو درێژبۆتەوە هەر بۆیە سەنتەری ناحیەی فایدە ئێستاکە لە ناو ماستەرپلانی شاری دهۆکدایەو لە دۆمیزەوە سەیری بکەین دەبینین کارو پرۆژەی باش لەسەر بنەمای ماستەرپلانەکە ئەنجام دراوە.

**بەو بودجەیەی لەموسڵەوە بەکەموکوڕی بۆمان دابین دەکرێت، ناتوانرێت قوتابخانەیەکی شەش پۆلیشی پێ دروست بکەین**

بەڵام حکومەتی عیراقی ئەوسا فایدەی لە ساڵی ١٩٩٤ خستۆتە سەر ئیدارەی موسڵ و تا ئێستاکەش هەر لە لایەن ئیدارەی موسڵەوە بەپێی ئەو کات مامەڵە لەگەڵ ئێمە دەکەن و لەرووی تەرخانکردنی بودجەشەوە هەر حیسابی بەپێی ژمارەی دانیشتووانی کۆنی سنوورەکە بۆ دەکەن کە خرابووە سەر قەزای تلکێف، واتە بەپێی بیتاقەی ئازووقەی پێش ئازادی عیراق کە ئەو کات ژمارەی دانیشتووانەکەی ١١هەزار کەس بووە، بۆیە ئەو بودجەیەی کە لەماوەی ساڵێك بۆ فایدە تەرخان دەکرێت لە لایەن ئیدارەی موسڵەوە ناتوانرێت قوتابخانەیەکی شەش پۆلیشی پێ دروست بکەین،

هەروەها تا ئێستا کێشەی کوژاندنەوەی زەویمان هەیەو هەرچەندە شارەوانی و پارێزگای دهۆك زۆر کارو هەوڵی بۆ داوین تا چارەسەری ئەو کێشەیە بکات، هەروەها تەنیا لە ناو سەنتەری ناحیەدا زیاتر لە ٥٠٠خانوو تاپۆیان نییە و کێشەی زەویوزاری ئەو گوندانەشمان ماوە کە عەرەب تێیدا نیشتەجێن، چونکە ئەو زەویانەش هی مەلاکەکانی مەسیحیەکانەو لەلایان عەرەبەوە بەکاردەهێنرێت، هاوکات گوندەکانی گرێپانێ کە ئێزیدین ئەوانە هەر بە ماستەرپلانەکەش رازی نین و لەسەر بڕی قەرەبووەکەش کێشەیان هەیەو دەڵێن لە ٣٪ کەمە دەبێت زیاتر بێت.

**گوندەکانی سنوورەکە کێشەی ئاوی خواردنەوەیان هەیە**

سەبارەت بە گرفتی ئاوی خواردنەوە بەڕێوەبەری ناحیەی فایدە وتی: کێشەی ئاوی خواردنەوەمان هەیە، بەتایبەتی لەناو هەندێك لە گوندەکان کە هەرچەندە بیریان بۆ هەڵدەکەنین ئاوەکەی بۆنی ناخۆشەو نەوتییەو ناتوانرێت بۆ خواردنەوە بەکاربهێنرێت، بۆیە لە گوندی دیکەی نزیك خۆیان بیریان بۆ لێدەدەین و لەپاشان بە بۆری ئاوەکەیان بۆ رایدەکێشین، هەروەها لەسەنتەری ناحیەکەش لە سالآنی تر کێشەی ئاوی خواردنەوەمان هەبووە بەتایبەتی لە دوو سێ گەڕەك، بەڵام ئەو کێشانەمان چارەسەرکردووە ئێستاکە هەر هەموو سەنتەری ناحیە ئاوی باشە لە هەر کاتێکیش هەست بکرێت لە گەڕەکێك بەتایبەتی گەڕەکە تازەکان گرفتی کەمئاوی روودەدات ئەوە دەمودەست لە رێگای بیری ئاوی خواردنەوەوە بۆیان چارەسەر دەکەین، هەروەها لە پرۆژەی ئاوی دهۆك بۆریەك بۆ فایدە راکێشراوە، لەلایەکی ترەوە چونکە فایدە لە ناو ماستەرپلانی دهۆکدایە ئیدارەی پارێزگای دهۆك زۆر بە وردی بەدواداچوونی لەسەر ئەو شوێنە هەیە، ئەگەر سەیری ناوچەی دۆمیز بکەین دەبینین لەسەر شێوازێکی زۆر جوان و پێشکەوتوو کاری بۆ

دەکرێت و چەندین باڵەخانەی بۆ ئیدارەکانی شاری دهۆکی تێدا دروستکراوە.

**شارەوانی فایدە پلە دووە**

سەبارەت بەشارەوانی بەڕێوەبەری ناحیەی فایدە وتی: فایدە سەرۆکایەتی شارەوانی هەیەو چەندین کاری باشیان کردووەو زۆر کارو پێداویستیش ماوە جێبەجێی بکەن و کێشەی شارەوانی ئێمە ئەوەیە پلە دووە، ئەو پلەیەش بودجەی کەمەو توانای کارو ئیشەکانیشی بە پێی پارەکەی دیاریکراوە، بۆیە ناتوانێت بەسەر هەموو کارو ئەو ئیشانەدا زاڵ بێت کە ناحیەکە پێویستیەتی، پێویستە شارەوانی فایدە بکرێتە پلە یەك و بەپێی ئەو کاولکارییەی بەسەری

**داواکارین کە ناحیەی فایدە بە سەنتەری شارەوانی دهۆك ببەسترێتەوە. پێویستە پرۆژەیەکی گەورەی ئاوەڕۆ بۆ سەنتەری ناحیەو دۆمیز دروست بکرێت**

هاتووە بودجەکەی بۆ زیاد بکرێت، یا بەپێی ئەو بەرفراوانییەی کە ئێستاکە رووی تێکردووەو دەبێت بە بەشێك لە شاری دهۆك. هەروەها گفتوگۆیەك لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك هەبوو بۆ ئەوەی فایدە بە سەنتەری شارەوانی دهۆکەوە ببەسترێتەوە، لێرەدا دووبارە داواکارین کە ناحیەی فایدە بە سەنتەری شارەوانی دهۆك ببەسترێتەوە.

هەروەها بواری پاککردنەوەو خۆ رزگارکردن لە زبڵ وخاشاك لەناو سەنتەری ناحیەکە ماوەی ساڵێك پێش ئێستا زۆر خراپ و بێ سەروبەر بوو، داوامان لە پارێزگای دهۆك کرد تاوەکو کۆکردنەوەو فڕێدانی زبڵوخاشاکی سەنتەری ناحیەی فایدە بدرێت بە

کەرتی تایبەت و کۆمپانیا و لە پاشان ڕەزامەندی لەسەر ئەو داواکاریەمان دراوو ئێستاکە پاککردنەوەو خۆرزگارکردنی زبڵوخاشاکەکەی بە کۆمپانیادراوە. بەڵام لە بارەی قیرتاوو کۆنکرێت کردنی شـەقام و کۆڵانەکانی ناو گەڕەکەکان سـەنتەری ناحیەکە ڕێژەیەکـی زۆر دەتوانم بڵێـم لە ٨٠٪ی کۆڵان و شـەقامەکانی ناو گەڕەکەکان قیرتاو و کۆنکرێت کراون، بەڵام ئەو گەڕەکانەی دەکەوێت دۆمیز لەبەر ئەوەی پێشتر سەربازگا بووەو ماوەی چەند ساڵێکە دەست بە ئاوەدانکردنەوەی کراوە بەشی زۆری قیرتاو و کۆنکرێت نەکراوەو لەم شوێنانەش خەڵکی ئاوارەی زۆر تێدایە کە لە شاری موسڵەوە هاتن کە ژمارەیان نزیکـەی ١٥٠٠ خێزان دەبن و ئـەو ئاوارانەش لە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بوونەتە بارگرانی لەسەر یەکەی ئیدارەی ناحیەکەمان بە تایبەتی لە بواری ئاو و پەروەردە و تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانی تری شـارەوانی دا. بەڵام شارەوانی دهۆك ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە بودجەی باشیان بۆ تەرخانکردووە بۆ ئەوەی گەڕەکەکان بەشـێوەیەکی سـەردەمیانە دەرکەون و کێشە خزمەتگوزارییەکانیان بۆ چارەسەر بکەن، هەر ئێستا چەندین پڕۆژەی شەقام و کۆڵان لە ژێر جێبەجێکردندایە.

### نەبوونی ئاوەڕۆ یەکێکە لە کێشەکانی فایدە

سەبارەت بە ئاوەڕۆ کە یەکێکە لە پڕۆژە گرنگەکانی هەموو شارو شـارۆچکەیەك بەڕێوەبەری ناحیەی فایدە وتی: هەڵکەوتەی ناحیەی فایدە بە بەشـی لای دۆمیزیشـەوە گەورەترین کێشەیە بۆ ڕۆیشتی ئاوی باران و ئاوەڕۆ، هەر بۆیە لە لایەنی ئاوەڕۆوە گرفتمان زۆرە، بۆیە پێویسـتە پڕۆژەیەکی گەورەو سـتراتیژی ئاوەڕۆ بۆ سـەنتەری ناحیەو بەشی دۆمیز کە سەربازگە بووە دروست بکەن، هەر لەبەر نەبوونی ئاوەڕۆشـە کە زۆربەی گەڕەك و شوێن و کۆڵانەکان قیرتاو کۆنکرێت ناکرێت. هەر کاتێکیش ئاوەڕۆ بۆ ناحیەی فایدە بکرێت دەبێت سـندوقی و تیرە گـەورە بێت، ئەمەش بودجەو تێچووی زۆر دەوێت.

### بنکەی تەندروستی تایپ(C )ە
### پێویستیان بە نەخۆشخانەیەکی١٠٠تەختی هەیە

سـەبارەت بەکەرتـی تەندروسـتی بەڕێوەبەری ناحیەی فایدە وتی: لە ڕاسـتیدا ئێمە کێشـەی زۆر و بەرچاومـان لە کەرتی تەندروسـتی هەیە، چونکە هەر دوو بنکەی تەندروستی ناو سەنتەری ناحیەی فایدەو دۆمیز سـەرەتایی و تایپ (C)ن و سـەر بە قەزای تلکێف و ئیدارەی موسڵەو لە شـاریا بنکەیەکی تری تەندروستی هەیە سەر بە دهۆکەو ئەو بنکەیەش هەر سـەرەتایی و بچووکە بەپێی پێویستی و سەردانی نەخۆش نییەو ئاستی خزمەتکردنی هەر سێ بنکە نزمە و بەپێی ژمارەی دانیشتووانەکە نییە و خەڵکی بە تایبەتی نەخۆش زۆر گلەیی و گازندەیان هەیەو پزیشـکی پسپۆڕو ئافرەتان و نەشتەرگەریمان نییەو داودەرمان کەمەو زۆربەی پشـکنینەکانیان نییە، بۆیە چەندین جار داوامان لـە لایەن پێوەندار لـە حکومەتی هەرێم و پارێزگای دهۆك کردووە کە نەخۆشـخانەیەکی هاوچەرخی سـەد قەرەوێڵەییمان بۆ دروست بکەن، لەبەر ئەوەی قەرەباڵغییەکی زۆر لەسـەر ناحیەی فایدە هەیە.

**خاوەن کارگەکان هیچ هاوکاری و پرۆژەیەکی بچوکیشیان بۆ فایدەو سنوورەکە ئەنجام نەداوە**

### کێشەی بینایەی قوتابخانەیان هەیە

سـەبارەت بە بـواری پەروەردەو کێشـەی بینایەو میلاکات بەڕێوەبەری ناحیـەی فایدە وتی: ئێمە لەناحیەی فایدەو سنوورەکەی کێشەی پەروەردەمان هەیـەو لەسـنوورەکەدا دوو پەروەردەمـان هەیە، یەکێکیان لەسـەر قـەزای تلکێفە کـە خوێندنی عەرەبییەو دووەمیان سـەر بە دهۆکە کە خوێندنی کوردییە، بـۆ خوێندنی عەرەبی ١٠ قوتابخانەمان هەیە، بەڵام ئـەو قوتابخانانە هەرچەندە عەرەبین، لەلایـەن ئیـدارەی قـەزای تلکێف و موسـڵەوە هاوکاری ناکرێن و ئەرکی زیاتریان لەسەر دهۆکەو کێشـەمان لەکەمی بینایەی قوتابخانەدا هەیە بە تایبەتی لە سەربازگە کە دەکاتە دۆمیز و ئەمساڵ دوو قوتابخانەی بۆ دەرچوو بوو، گەرچی تا ئێستا دەست بە جێبەجێکردنیان نەکراوە، هاوکات کێشەیەکی ترمـان هەیە ئەو قوتابیانەی کە خوێندنی عەرەبی تەواو دەکـەن لە زانکۆکانی دهۆك و کوردسـتان وەرناگیرێـن هەرچەندە زۆربەشـیان کوردن. بەڵام سروشتی ناوچەکە وای کردووە بە عەرەبی بخوێنن و کاریگەری تەعریبیش لەسەر ناوچەکە هەر ماوەو دیارە.

### شوێنی کارگەکان نەگونجاو خراپە

سەبارەت بەو کارگانەی لە نزیك سەنتەری ناحیەکە هەیەو تـا چەند هۆکاری پیسـبوونی ژینگەن و بۆ لەم شـوێنە دانراون بەڕێوەبەری ناحیەی فایدە وتی: ئەو کارگانەی لەو شوێنە دانراون هەڵەیەکی گەورەیە لەبەر ئەوەی سیمای سەنتەری ناحیەکەی ناشـیرین کردووەو هۆکارێکی سەرەکی پیسبوونی ژینگەی ناحیەو سـنوورەکەن و لە سـاڵی ٢٠٠٣ تازە عیراق ئازادکرابوو ئیدارە لێرە زۆر بەهێز نەبوو بۆیە ئەو خاوەن کارگانە ئەو دەرفەتەیان قۆزتۆتەوەو ئەو کەسـانەی کە واسیتەیان هەبووە توانیویانە ئەو کارگانـە بەکاتیی لێرە دابمەزرێنن و وەکو یاسـاو ڕێنمایی دەتوانین کە گرێبەستیان تەواو بێت بۆیان تازە نەکرێتەوە، بەڵام لەلایەکی تر کەسـێك ماوەی چەند سـاڵە کارگەی لێرەدانـاوە ناکرێت لە کارو ئیشی بکەین و ئەگەر زەویی و شوێنیشیان بۆ دابین بکەین هەر داوای قەرەبووش دەکەن. لەلایەکی ترەوە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار زۆر بەکەمی سوودیان لێ وەرگیـراوە، لەبەر ئەوەی زۆربەیان کارگەی بلۆکن ئەو کارگانەش کرێکارو کارمەندی کەم دەوێت لەو کاتەشـدا خاوەن کار کەس و نزیکی خۆیان کار پێ

**لەناحیەی فایدەو سنوورەکەیدا کێشەی پەروەردەمان هەیە. دوو پەروەردەمان هەیە. یەکێکیان لەسەر قەزای تلکێفە کە خوێندنی بە عەرەبییەو دووەمیان سەر بە دهۆکە کە خوێندنی کوردییە**

دەکەن. هەروەها ئەو خاوەن کارگانە هیچ هاوکاری کارو پرۆژەیەکی بچوکیشیان بۆ ناحیەو سنوورەکە ئەنجام نەداوە.

### سایلۆی فایدە سەر بە بەغدایە

سەبارەت بە کەرتی کشتوکاڵی و پڕۆژە و هاوکاری وەزارەتی کشـتوکاڵ بۆ جوتیارانی ئەو سـنوورەو برەودان بەو کەرتەو کێشەو گرفتەکانی سایلۆکەی فایدە بەڕێوەبەری ناحیەی فایدە وتی: ساڵی ڕابردوو داهات زۆربوو و سـنووری تەلکێف و ئەلقوشیش داوایان لە ئیدارەی دهۆك کرد کە بەرهەمی گەنم و جۆی خۆیان بێنە سـایلۆی فایدە، لەبەر ئەوەی سایلۆکانی سـنووری موسڵ مەترسـی لەسەرە ناتوانن ئەو برا مەسیحی و ئێزیدیانە هاتوچۆی بۆ بکەن و لە لایەکی ترەوە سنووری فایدە وەکو ناوچە دابڕێنراوەکان سـەیر دەکرێت لـە لایەن حکومەتی عیراق و ئیدارەی موسـڵ و ئەو سـایلۆیەش تا ئێسـتا لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە بەغدایە لەبەر ئەم هۆکارانـە بارگرانـی و قەرەباڵغییەکی زۆر کەوتە سەر سـایلوی فایدە و سایلۆکەش توانایی ئەو بـڕە زۆرەی داهاتەکەی نەبـوو هەر بۆیە لە حەوشەی سـایلۆیەکە بە شێوەی کاتی ئەو گەنمە وەرگیراوەو بۆ پاراستنیشـی بە شێوەیەکی گونجاو زانسـتی داپۆشـراوەو پارێزگاری لێ دەکرێت، لە بواری کشتوکاڵی کار بۆ سنوورەکە بە پێی پێویست نەکراوەو هیچ پڕۆژەیەکی ئاودێریش لە سنوورەکەدا نییە. بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان کارگەیەکی خاوێن کردنەوەی دانەوێڵەی بەتایبەتی بۆ گەنم لە سنووری ناحیەی فایدە دامەزراندوە کە سوودێکی زۆری بۆ جووتیارانی سنوورەکە هەیە.

### بۆ دۆزینەوەی هەلی کار
### پشت بە شاری دهۆك دەبەستن

سـەبارەت بە دۆزینەوەی هەلی کار بەتایبەتی بۆ لاوان بەڕێوەبەری ناحیەی فایدە وتی: سـنووری فایدە زیاتر کشـتوکاڵییە هەر بۆیە هەندێك کەس لە کاری کشـتوکاڵی کار دەکەن، بەڵام ئێمە زیاتر بۆ کارکردن و دۆزینەوەی هەلی کار پشت بەشاری دهۆك دەبەستین بە تایبەتی ئەو کەس و خێزانانەی ئاوارەن کە لە شـاری موسڵ و شـارەکانی تری عیراق هاتوونەتە فایدە بۆ کارکردن ڕوو لە شـاری دهۆك دەکەن، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی سـەنتەری ناحیەو سـنوورەکەش هەر لە دهۆك خەریکی کارو پیشەن.

## له سێزده‌مین ساڵوه‌گه‌ڕی دامه‌زراندنیدا

# که‌ناڵی ئاسمانی (كوردستان تیڤی) له‌ متمانه‌و ڕاستگۆییدا پێشه‌نگه

تاكو ئه‌مرۆشـــی له‌گه‌ڵدا بێت، یه‌كێك له‌و ده‌ســـكه‌وته‌ مه‌زنانه‌ی ناو هه‌نبانه‌ی مێژووی ڕاگه‌یاندنی كوردی كه‌ به‌رده‌وامی له‌ داهێنان و نوێبوونه‌وه‌ دوا نه‌كه‌وتبێت، كه‌ناڵی (كوردســـتان تیڤی)ه‌، بۆ یه‌كه‌مینجارو هه‌ر له‌ ده‌ســـپێكی دامه‌زراندنیه‌وه‌و له‌و كاته‌وه‌ی كه‌ شۆڕشـــی پێوه‌ندییه‌كان ســـنووره‌كانی شارســـتانی به‌ره‌و كاڵبوونه‌وه‌ ده‌برد، ئه‌م كه‌ناڵه‌ ئاســـمانیه‌ وه‌ك یه‌كه‌مین كه‌ناڵی ئاســـمانی له‌ كوردســـتان به‌ زمانی زگماكی كوردییه‌وه‌؛ به‌ زمانێك كه‌ ئاواڵدووانه‌ی وشـــه‌یه‌و ســـه‌ره‌كیترین به‌یداخ و پێناسی نه‌ته‌وه‌یه‌ له‌ شـــارۆچكه‌یه‌كی بچووكی وه‌ك پیرمامه‌وه‌ مه‌زنێتی یه‌كماڵبوونی مرۆڤی كوردی نیشـــانی دنیا ئه‌دا، وه‌ك زۆر له‌ ئامرازه‌كانی تری پێوه‌ندیش؛ له‌ پێناوی گه‌شه‌ســـه‌ندنی فه‌رهه‌نگ و دیمـــه‌ن و زمانی كوردی له‌ناو فه‌رهه‌نگه‌ جیاوازه‌كانی جیهاندا، بێ پاســـپۆرت بواره‌كانی ژیانی كورده‌واری ئاودیوی سنووره‌كان ده‌كرد، دواتر ئه‌م كه‌ناڵه‌ بوو به‌ پردێكی گه‌یاندن له‌ نێوان هه‌موو ئیتنی و پێكهاته‌ مۆزائیكی و ئاینزا میانڕه‌و و بیروڕا جیاوازه‌كانی ناو گه‌لی كوردستان، هه‌رده‌م له‌پێناوی ده‌ستنیشانكردن و گواستنه‌وه‌ی ده‌نگ وباس و ره‌نگ و هه‌واڵه‌كانی كورد؛ چ له‌ ناوه‌وه‌ یان ده‌ره‌وه‌ی نیشتماندا پرۆفشناڵانه‌و ڕاستگۆیانه‌و به‌وپه‌ڕی خه‌مخۆرییه‌وه‌ به‌رپرسیارێتی




لەئەستۆی خۆی گرتووە، باشترین گەواهیدانیش بۆ ئەم ڕاستییە دەرکەوتنی دەرئەنجامی هەموو ئەو ڕاپرسییە شەفافانەیە کە بەدرێژایی چەندین ساڵ لەژێر سێبەری ئازادیی ئەم بەشەی کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە، وێڕای ئەوەش لە ڕێی بەرنامەو دراماو کۆمێنت و بابەتەکانی تریشییەوە ئەم ڕاستگۆییە بە ئاشکرا دیار بووە، هەموو بەرهەمێکی داهێنەرانەو نەمریش هەرلە ڕاستگۆییەوە سەرچاوە دەگرن بەو شێوەیەی خاوەنی بەرهەم و دەرهێنەرو پێشکەشکارانی بەرهەم، لەگەڵ هەستی خۆیان و بیری مرۆڤایەتیدا ڕاستگۆ بن، تەنانەت ڕەسەنایەتیش لە ڕاستگۆییدایەو دڵڕاگرتنی تێدا نییە، ئەمەش جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئەو پەیامە بووە کە شەخسی جەنابی سەرۆك بارزانی هەمیشە جەختی لەسەر کردۆتەوە، بە تایبەت بۆ ئەم کەناڵە ئاسمانیە کە کلیلی کردنەوەی یەکەمین دەرگا بووە بۆ گەیاندنی ڕەنگ و دەنگی کوردی بەسەرتاپای جیهان، جارێکی تریش لە سێزدەمینساڵیادی دامەزراندنی کەناڵی کوردستان تیڤی چەندین هۆبەو کارمەند و کەسایەتی ناو ئەو کەناڵەمان بەسەرکردنەوە تا لە زاری خۆیشیانەوە بە بەشێك لە ئەزموون و شێوازی کارکردنیان ئاشنا بینەوە:

**کوردستان تیڤی بە زمانێك کە ئاواڵدووانەی وشەیەو سەرەکیترین بەیداخ و پێناسی نەتەوەیە لە شارۆچکەیەکی بچووکی وەك پیرمامەوە مەزنێتی یەکماڵبوونی مرۆڤی کوردی نیشانی دنیا ئەدا**

**کوردستان تیڤی یەکەمین کەناڵ بوو کە کرایە پردێکی گەیاندن لە نێوان هەموو ئیتنی و پێکهاتە مۆزائیکی و ئاینزا میانڕەو و بیروڕا جیاوازەکانی ناو گەلی کوردستان**

**کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی یەکەمین کلیلی کردنەوەی دەرگایەك بووە لە کوردستانەوە بۆ گەیاندنی ڕەنگ و دەنگی کوردی بەسەرتاپای جیهان**

**خەڵکانێك هەن خۆیان نازانن بۆچی لەگەڵ دەنگ و باسی کوردستان تیڤی مورتاحن، بەڵام ئێمە دەزانین، ئەوەش لەبەر ئەوەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان شتێك بڵاو ناکەینەوە کە کاریگەری خراپی لەسەر بیرو دەروونی خەڵك هەبێت**



### گەیاندنی هەواڵی خێرا بێ پەلە لەخۆکردن

سەرەتا سەبارەت بە دروست بوونی میسداقیەت و بنەمای متمانە لە نێوان کەناڵی کوردستان تیڤی و بینەرانیدا بەڕێز عەبدولڕەحمان کاکل بەڕێوەبەری بەشی دەنگ و باس وتی: ئەگەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن متمانەی پێ نەکرێت بەرنامەکانیشی متمانەیان نامێنێت، جا متمانەش شتێکی وائاسان نییە، ئاشکرایە کەسێك بەتەنیا ناتوانێت متمانەی کەسانێکی تر بەدەست بێنێ، چ جای ئەوە دەزگایەکی ڕاگەیاندن بێت بەو وەزعەی لەکوردستان هەیە، متمانەی بەرزی ئەم کەناڵە بەماندووبوونی کارمەندەکانیەوە بەدەست هاتووە، ئەوەش لە ئاکامی چەندین ڕاپرسیدا دەرکەوتووە، ئێمە زۆر حەزمان لەخێراییە، بەڵام زۆریش پەلە ناکەین، هەموو تەلەفزیۆنێك لە جیهاندا حەزی لە پەلە کردنە، ئەوەش سیاسەتی ئیش کردنە، حەزمان لە خێراییەو پەلەش ناکەین، دەمانەوێت بەخێراترین کات زۆرترین هەواڵ بگەیەنین بەڵام بەبێ پەلەکردن، لەلایەکی تریشەوە زیاتر ئەم شێوازی کارکردنە پێوەندی بە ئینتیمای نیشتیمانییەوە هەیە، زۆر تیڤی هەن هەر شتێك بێتە بەر دەستیان کە بینەر بۆخۆی ڕابکێشێت ئەوا بڵاوی دەکاتەوە، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی ئەو شتە لەڕووی دەروونییەوە چ کاریگەرییەکی هەیە بۆ منداڵان، باشترە شتێك بڵاو بکەیتەوە کە خێرێکی بۆ کۆمەڵگەکەمان هەبێت، بەداخەوە خەڵکی ئێمە لەوەتەی هەیە بەراگەیاندنی داگیرکار چاوی بەستراوەتەوە، ڕەنگە گەنجێك ئەوەندە چاو لەتەلەفزیۆن بکات، ئەوەندە گوێ لەباوانی نەگرێت، بۆیە هەموو شتێك لەبەرچاو دەگرین، ئینجا بابەتەکە بڵاو دەکەینەوە، خەڵکانێك هەن خۆیان نازانن بۆچی لەگەڵ دەنگ و باسی کوردستان تیڤی مورتاحن، بەڵام ئێمە دەزانین، ئەوەش لەبەر ئەوەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان شتێك بڵاو ناکەینەوە کە کاریگەری خراپی لەسەر بیرو دەروونی خەڵك هەبێت، بەداخەوە لەزۆربەی میدیاکانی کوردستان بایەخ بە ڕاستگۆیی نادەن، پێویست ناکات بەردەوام بێین حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی بۆ هەموو شتێك خەتابار بکەین، بۆنموونە هەواڵێکی وەك ئەوەی کە لە شوێنێك ئافرەتێك خۆی سووتاندووە، لاشەی سووتاوی ئەو ئافرەتە بڵاو ناکەینەوە.

### پێویستە بینەران خۆیان بڕیار لەسەر بنەماکانی هەواڵ بدەن

هەر بەرپرسی بەشی هەواڵ و سیاسەت لە درێژەی قسەکانیدا دەربارەی چۆنیەتی کارکردن و بەڕێوەچوون دەنگ و باس و زنجیرەی دابەزینی هەواڵەکان وتی:

هەواڵەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەتی هەرێم زۆرتر پەیوەستن بەژیانی خەڵکەوە، خەڵکی حەزدەکەن بزانن سەرۆکی هەرێم ئەمڕۆ کێی بینیوە، یان چۆن باسی ژیانی خەڵکی دەکات، کاتێك گرنگی بەهەواڵەکانی پەرلەمان دەدەین چونکە دەزانین لەوێوە چەند بڕیارێکی کارگێڕیی دەردەچێ کە بۆ ژیانی خەڵك گرنگن، خەڵك دەیەوێ بزانێت چارەنووسی خۆی و دەوروبەری چییە، هەروەها گواستنەوەی ژیانی خەڵك لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە تا خستنە ڕووی ئەو ڕووداوانەی کەپێوەندی بەژیانی بژێوی و تایبەتی خەڵکەوە هەیە، ئێمە پابەندین بە ئینتیمای نیشتیمانییەوە، کەناڵێك نین تەنیا لەپێناوی راگەیاندندا ئیش بکەین، واتە لە پێناوی کۆکردنەوەی بینەراندا ئیش دەکەین، مخابن وای لێ هاتووە ڕۆژنامە یان گۆڤارێك گەر وروژاندنی تێدابێت ناوبانگ دەربکات، ئێمە ڕەنگە بۆدەست کەوتنی تەنیا هەواڵێك بەقەد پارەی پەنجا کلیپ پارە سەرف بکەین، چونکە هەواڵەکە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە پێویستە، ناڵێم کلیپ خراپە، بەڵام ڕەنگە لای ئێمە ئەوە گرنگ تربێت، خۆمان بەهیچ وڵاتێکی وەك تورکیاو سوریا و ئێران بەراورد نەکەین، چونکە هەر وڵاتێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، گەر تەلەفزیۆن زۆرترین شتی تەرفیهی تێدابێت، بێگومان بینەرمان زیاتر دەبێت، ڕەنگە پاش بیست ساڵی تر تەلەفزیۆنی سیاسی، بینەری هەر نەمێنێت..

### دووبارەنەکردنەوەی هەمان دەنگ و باسی کە پێشترخوێندرابێتەوە

دواتر بەڕێزیان سەبارەت بە هەبوونی کارمەندی کچ لەناو ستیۆدیۆ بۆ خوێندنەوەی دەنگوباس و هەروەها دوپات نەکردنەوەی هەمان دەنگ و باس وتی تەنیا شەش یان حەوت بێژەری کچمان هەیە، سەبارەت بە نەبوونی پەیامنێرانی کچیش زیاتر پێوەندی بەئێمەوە نییە، حەزیان لە کارکردنە لەناو گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا، زۆر مەبەستمانە ئافرەتی کارمەندنمان هەبێت، لەبەرئەوەی زۆربەی نەشرەکانمان دوو

بێژەرییە، بێگومان باشترە کورو کچێك بن، ئەمە بۆ ئەوانیش باشە، بۆ دەرخستنی ئافرەت لەم بوارەو هەروەها توانای ئافرەتیش پیشان دەدات، حەز دەکەین زیاتر ئافرەت بتوانێت لەنووسینەوەی هەواڵەکانیش کاربکات و جێ پەنجەی دیاربێت، گۆڕانکاری میکانیکیمان نییە، چونکە زۆربەی شتەکان نوێیەو ئەوەی کە دەمێنێتەوە ئەوەیە لەدەنگ وباس دووبارەبوونەوە نییە، گرنگ لای ئێمە ئەوەیە شتی دووبارە پیشانی بینەر نەدەینەوە. ئەدای تەلفزیۆن وەکو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان نییە، تیڤی ئەفراندنێکە بەبێ پاسپۆرت دەچێتە هەموو ماڵێکەوە..

## هەندێك لە کادرانی کەناڵەکە سەبارەت بەم یادە چی دەڵێن:

## کەناڵێك پێشەنگە لە متمانەدا

تریفە فەیزوڵلا لە بەشی مۆنتیری دەنگوباسی کوردستان تیڤی ٩ساڵە کاردەکات و باسی لە جۆرایەتی کارەکانی تیڤیەکەو ئەنجامی ڕاپرسییەکان کردو وتی بەردەوام لە مونتیری دەنگوباس کار دەکەم، ئەوەی من خۆشحاڵ دەکات ئەوەیە کە لە گشت ڕاپرسیەکاندا کوردستان تیڤی لە دەنگوباسدا متمانەیەکی زۆری بەدەست هێناوەو بەردەوام لە پێشەنگدایە، لە درێژەی قسەکانیدا تریفە دەڵێت بەهیوام ڕۆژبەڕۆژ کوردستان تیڤی زیاتر لەخزمەتی هەموو خەڵکدا بێت..

حەمەدەمین ئیسماعیل مستەفا ماوەی شەش ساڵە لە کوردستان تیڤی کاری کردوە سەرەتا بێژەر بووەو ئێستاش بەرێوەبەری نووسینی هەواڵەکانە وێڕای پیرۆزبایی دەڵێت کوردستان تیڤی وەکو وەچەرخانێکی گەورەبووە لە میدیای کوردستانداو لەساتە وەختێکدا ناسکدا هەموو کوردەکانی گەیاندە جیهان، سیاسەتی نووسینی ئەم کەناڵە بەندە بە پرەنسیپەکانی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژانە چواردە بڵاوکراوەمان هەیە، ساڵ دوای ساڵ توانیومانە گۆڕانکاری لەسیاسەتی ئیش کردنی کوردستان تیڤی بکەین کە ئەرکی نیشتمانی جێبەجێ دەکات، پێمان خۆشە زیاتر بەلای بینەران وئێوەوە خۆشەویستر ببین.

شەمزین مولحیم کە بەرێوەبەری مۆنتاژی دەنگ و باسە وتی ((پیرۆزبایی لەخۆمان و سەرۆك بارزانی و بەرێوەبەری خۆشەویستمان و گشت هاوکارو کارمەندانی پارتیمان دەکەم بەبۆنەی سیزدەیەمین ساڵیادی ئەم کەناڵە خۆشەویستەو، پێمان خۆشە هەردەم ئەم کەناڵە گەشاوەبێ و خزمەتی گەلی کورد بکات)) شەمزین پێشی وایە ئەم کەناڵە توانیویەتی میسداقیەتی بینەران و خەڵك بەدەست بهێنێ.

هێرۆ ئیسماعیل عارف پێشکەشکاری بەرنامەی هەفتەو بێژەری دەنگ و باسە وتی پیرۆزبایی لە هەمووان دەکەم لە هەر شوێنێکی کەناڵەکە بن و بە تایبەت ئەوانەی ماندوبوونیان لەشاشەوە دەردەچێت و خۆیان دیارنین، دەشڵێت خۆشترە زیاتر بێژەری کچمان هەبێ چونکە لەبێژەری کچ هەرخۆم و بەڕێزین، ئەمە زۆر بێتاقەتم دەکات و حەز دەکەم بتوانین وا لە ئافرەت بکەین، کاربکەن لە کەناڵی ئاسمانی چونکە کەسایەتی ئافرەتەکانیش جوانتر دەبێت، نازانم بۆ تا ئێستا لەکۆمەڵگەی ئێمەدا خەڵك ترسی هەیە لەراگەیاندن؟

شاهۆ تەیب بەرێوەبەری تەکنیکی وتی لەسەرەتاوە هەوڵمان داوە ئامێری تەکنیکی نوێ بێنین بۆ ئەم کەناڵەو ساڵ بە ساڵ بەپێی ئیمکانیەت گۆڕانکاریمان تێداکردووە، دەتوانم بڵێم لەڕووی کوالێتیەوە یەکێکە لەو شاشانەی کەزۆرباشە، کوالێتی ڕەنگی باشە، دەنگی باشە، ئەوەش هەمیشە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لەگەڵ سیاسەتی کەناڵەکە ڕێگە بگرێ و ڕێخۆشکەرە چۆن ئاسانکاری بۆ بەرنامەکان بکات و لێرەوە زۆر فەرقی کردووە، ئێمە مانگ بە مانگ هەوڵمان داوە کوالێتی و تەکنیکی باش بێنین، پیرۆزبایی خۆم ئاڕاستەی هەموو کارمەندان و هاوکارانم دەکەم..

شێروان تاڵیب پەیامنێرو جێگیری سەرنووسەری دەنگ و باس وتی ساڵی ١٩٩٨ بەبڕیارێکی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاردرا کەناڵێکی ئاسمانی دابمەزرێت دوومانگی سەرەتای پەخش تەنیا وێنەو سپۆتاژ بڵاودەکرایەوە، دواتر دەستەبژێری کارمەندانی ڕاگەیاندنی پارتی دیاریکران بۆئەوەی بتوانن ئەوکەناڵە بەرێوەببەن، کۆبوونەوەکان لە پیرمام بوون بە سەرپەرشتی بەڕێزان ڕێبوار یەڵدا و سەرۆقادر و بەدران ئەحمەدو رزگار مایی، چەند کۆبوونەوەیەکمان دەستپێکرد بۆئەوەی نیشانی ئەوە بدەین ئیشی ئەم کەناڵە چییەو چۆن کاردەکات وەك یەکەم کەناڵی سەتەلایت، ساڵی تازە لەماوەی پەخشێکی دوو سەعاتیدا بۆ ماوەی دوو سەعات یەکەم پەخشی ڕاستەوخۆ توانیمان بڵاوکراوەیەکی دەنگ وباس پێشکەش بکەین و یەك دوو ریپۆرتاژ هەبوون بڵاوکرایەوە، لەوساوە ئێمە هەڵوێستێکی نەتەوەیی و نیشتمانیمان هەبووە تا پەیامی بارزانی و هەڵوێستی نیشتمانی جێبەجێ بکەین، بۆیە ئاساییە کە لەکاتی هەبوونی پرسەو ناخۆشیەك لەشارێکی کوردستان هاوبەشیان بین و لەکاتی خۆشیشی هەروا، دەستخۆشی لەهەموو ئەوانە دەکەم کە تائێستا بەردەوامن و ئەوانەی ڕۆحیان لەورێیە داناوە، دەستخۆشی لەکارمەندانی گوڵانیش دەکەم بۆ ماندوو بوونتان»

ئەڵماس محەمەد بێژەری بەشی فارسی و بەرنامەی وەرزشە، باسی لەوە کرد کە چۆن بە ڕاشکاوانەو دڵسۆزییەوە ئەم کەناڵە توانیویەتی لەبواری وەرزشیشدا ڕەزامەندی خەڵك بۆخۆیان ڕابکێشن و وتیشی هیوادارم لەداهاتوویەکی نزیك بەرنامەیەکی تایبەت بەوەرزش دەست پێ بکەین و پێشکەشی بکەم

هەیفا ساڵح لەبەشی سیاسی و ڕۆشنبیری کار دەکات و بەرنامەیەکی تورکمانی هەبووەو خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕی بەوەی لەتەلەفزیۆنێك کاردەکات کەبە ماڵی هەموو کوردێکی دەزانێت و وتیشی خۆشبەختانە بەرلەوەی لێرە کاربکەم کەسێکی ئاسایی بووم بەڵام لەماوەی کارکردنم توانیومە جێ پەنجەی دەستی خۆم بکەمەوە، وەك ئافرەتێکیش توانیومە لەحەوێجەو تکریت لەگەڵ پێشمەرگەو عەسکەری عێراقی بمێنمەوەو هەموو خەڵکیش منیان بینیوەو بەچاو نەترسانە ئەو کارەم کردووەو زۆریشم پێخۆشە کوردستان تیڤی یەکەم کەناڵ بێت باس لەسەربەخۆیی کوردستان بکات..







